# چیرۆك وبەیتی

## «لاس وخەزال» و«زەمبیل فرۆش»



زنجیرەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان ژمارە - (٣)

# چیرۆك‌و بەیتی

## (لاس‌و خەزال) و (زەمبیل فرۆش)

کۆکردنـەوەو ئامادەکردنی : سعداللە اسماعیل شێخانی

بە یارمەتی نەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیری‌و لاوان لە چـاپ دراوە

چاپخانەی ئەسعەد سالی ١٩٨٦

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

# پێشەکی

ئەگەر لاپەڕەکانی ئەو بەشە ئەدەبە فۆلکلۆرییەمان هەڵبدەینــــەوە کە تا ئێستا تۆمارکراوە لەناو دەریای وون بوون ڕزگاریان بووە،دەبینین زۆر جـــار ناوی چیرۆکو بەیتی (لاسو خــــەزاڵ) و (زەمبیل فرۆش) دەکەونە پاڵ ناوی ئەو داستانە دڵدارییانەی کە کـارەساتو ڕوداێکـــی دڵداری پڕ لە سۆزی خۆشەویستی دەگێڕنەوە ئەو داستانانە لە شێوەی داستانەکانی هۆنراوەی دڵـــدارییەوە ، ئـــەو خۆشەویستیەمـان بۆ دەگێڕێتەوە کـــە لە نێوان (لاس)ە شۆڕی شارەزووریو خەزاڵ خانـــی (مەلا نەبی) خەڵکی ناوچەی هەریر ڕووی داوە .

هەروەها باسی داستانی زەمبیل فرۆشمان تۆمار کردووە کە ئـەو کابرایە لە جێی خۆیدا پاشایەك بووە لــــە ترسی مـردن وازی لــە پاشایەتی هێناوە دەستی کـــردووە بە زەمبیل فرۆشتنو بەسەربـەرزی ژیانی بردۆتە سەر ئافرەتێکی دەوڵەمەند(گوڵخاتر) ناوێك لە باڵەخانەکەی خۆی چاوی پێکەوتوەو عەشقی بووە .

لەبابەت لاسو خەزاڵەوە ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە سەرنجێکـی وورد لەم داستانە بدەینەوەو کارەساتەکانی بخەینە ژێر سەرنج دەبینین داستانەکە زیاتر بەلای ڕاستیدا دەشکێتەوە .

شانۆی ئەو ڕووداوە دڵدارییە دەشتی پانی هەریرو (گۆڕێ توان)و (کانیێ سۆراوان)نن ئــەم ڕووداوە پڕ لــــە سۆزە ، تا ئێستاش باسو هەواڵی ئـــەو دڵدارییە بووەتـــە وێردی سەر زمان ، چونکـــە دیارە کارەساتی ڕەسەنو ڕووداوی ڕاستەقینە لەبیر خەڵك ناچنەوە .

**سعدالله شێخانی**

**١٩٨٤/٤/٤**



# کورتە باسێك لە ژیانی عوسمان هەمەوەندی

## عوسمان هەمەوەند کێیە ؟..

ناوی [عوسمانی کوڕی مەولودی عەبدوڵای عەزیزی حەسەنی سەعید]ە لە ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی [گردەسۆر]ی [سیانان]ی ، سەر بە ناوچەی [قوشتەپە] ، لە دایك بووە . مرۆڤێکی دەستە باڵای گەنم ڕەنگی جەستە پڕی گورجو گۆڵە ـ لە بنەچەدا لە هۆزی (شوان)ە ، بەڵام لەبەرئەوەی لە ساڵی (١٩٤٨)دا لە بەغدا لەلای پیاوێك لە هۆزی هەمەوەند ئیشی کردووە ، هەر بۆیەش لە سەرژمێریەکەی ساڵی (١٩٥٧)دا بە(هەمەوەند) لە قەڵەم دراوە ؛ ئیتر لەو ڕۆژەوە بە (عوسمان هەمەوەند) ناسراوە . هەر لە منداڵییەوە لە حوجرەدا قورئانی پیرۆزی خوێندووەو ئینجا تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی شەو تەواو کردووە .

نێوبراو لەساڵی (١٩٣٩)وە خەریکی کۆکردنەوەی فۆلکلۆری وێژەی کوردییە بە سەدان هەڵبەستو لاوکو حەیرانو چیرۆکو بەیتی کوردی لەبەرە. تاکو تەمەنی هەژدە ساڵی بە ئیشی کشتوکاڵییەوە خەریك بووە.

دڵداری دارشتکاری ژیانی هاوسەرێتی هونەرمەند بووە لە ساڵی ١٩٥٥ ، ئێستاش دوو کوڕ بە ناوی [حوسێنو ئیحسان]و سێ کچی هەیە . لە ساڵی [١٩٤٩]وە کەوتوتە ژیانی سەربازیو ساڵی (١٩٧٠) خانەنشین کراوەو هەر لەوکاتەوە تا ئیمرۆ لە قەزای (دبس) دادەنیشێ .

★ هونەرمەندێتی [عوسمان هەمەوەند] لەچییەوە سەری هەڵداوە ؟

سۆزی خۆشەویستیو بیری تیژو دەنگی خۆشی ئەوو جوانی سروشتی ناوچەکە بوون بە هێوێن بۆ بزواندنو خەملاندنی هەستی هونەرمەند .

★ بەهرە پێدەری هونەرمەندێتی عوسمان هەمەوەند :ـ

بێگومان عوسمان هەمەوەندیش وەك هەموو هونەرمەندێکی تر دەبێ قوتابی قوتابخانەیەك بێت ، لەو قوتابخانەیەش لەهەر بابەتێکەوە دەبێ مامۆستایێ یا چەند مامۆستایەکی هەبێت • هەر بۆیەش ئەگەر سەرنج بدەینە کارتێکەرەکانی هونەرمەند ، لە هەر بەشێك لەو بەشانەی ئەسپی خۆی لێتاوداوە ، شوێن ڕێچکەی سوارێکی شارەزا کەوتووەو لەو سوارەش چەندان ڕێو شوێنو هونەری جوانڕۆیی فێربووە •

★ هەروەك دەبینین لەبابەت (بەیت)ەوە سوودی لە حەمەد شابانی خەرابە وەرگرتووە ، ئەم بەیتانەشی لێفێربووە [لاسو خەزاڵ ، ناسرو ماڵماڵ ، ئایشەگوڵ ، قەرو گوڵەزەر ، مەمو زین ، برایمی مەلا زێندینان، خانزادو لەشکری ، خەجو سیامەند] •

★ لە بابەت (حەیران)یشەوە سوودی لە ئیسماعیل گردەسۆری، سەید مەحموود ، حەمەدەمین حەیران ، خورشیدی فەقێ عەزیزی شەنەغەیی ، حوسێنی عەلیاغە ، عوسمان حەیران ، حەمەد عەلی حەمە سەعید وەرگرتووە •

★ لە بابەت (بەستە)وە سوودی لە ئەحمەدە ڕەشی تەوەکەلی کە بە (ئەحەڕەش) ناسراوەو ، محەمەد جەیرانو ، ئەحمەد جەیرانو ، جەعفەر عەلی وەرگرتووە •

★ لە بابەت (لاوك)ەوەش سوودی لە باپیرەی خۆی وەرگرتووەو لاوکی : (گەنج خەیل)و ، (غەزال)و ، (عەمەرۆ)و ، (عەلی ساریێ)و ، (حەسەنی والیکی)و ، (مەمێ زەر)و ، (نەزان)و ، (وەیشی وەیشە جانێ)و ، (بەهاری سمۆ)و ، (دەلال)و ، (چەتۆ)و ، (کولك و کەڕۆ)و ، (بنەوشی ناریێ)و ، (یار حەلیمێ)و ، (سلێمیناغە)ی لێفێربووە •

سوودی له وەسمان ستیلەك وەرگرتووەو لاوکی : (سالحو کەژێ)ی لێفێربووەو هەروەها سوودی له محەمەد جوجەری وەرگرتووەو لاوکی : (ئەحمەدی لاوی شەرقی)و ، (ئەحمەد لاوی شێخ مووس)و ، ئەحمەدی تایەر ئاغە)و ، (نحۆی گەرگەری)و ، (ئەسمەرۆ)ی لێفێربووە ٠

★ لە بابەت بەستەی شایی‌و هەڵپەڕکێ سوودی لە سەعید سەلیم دۆڵەبەکرەیی وەرگرتووە ٠

هەروەها لە لایەنی هونەری گۆرانی بێژیدا دەنگی ئەم هونەرمەندانەی بەلاوە پەسند کردووەو لەوکاتەدا هەوڵی لاسایی کردنەوەیانی داوە لەمانەش :ـ کاوێسئاغە ، عەزیزاغە ، حەمەداغە ، حوسێنی عەلیاغە ، عوسمان حەیران ، حەسەن زیرەك ، حەمەد شابانی خەرابە ، سەعید سەلیم دۆڵەبەکرەیی ، سەید مەحموودی باشتەپە ،مەلا کەریم ، محەمەد جوجەر ، سێوە ، عەیشەشان ٠

بەڵام هەستی هونەرمەند دەربارەی هونەر لەگەڵ هەستی زۆربەی گۆرانی بێژەکانی ئەمڕۆمان یەك ناگرێتەوەو ، بەکەمتەرخەمیان دەزانێ ٠

★ لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی هونەرمەند :

گۆرانی [لە بڵندان دێمە خوارێ] کە لە ئیسگەی کوردی لە ڕۆژی ١٩٦٢/٩/١٥ تۆماری کردووە :

لە بڵندان دێمە خوارێ لەبەر ئاسك‌و نازدارێ
ئاگری لە جەرگم بەردا دونێ وەختی ئێوارێ
ڕاوەستا لە ڕوبارێ گەردەن سوسنی بەهارێ
پەرچەمی کەلەك زەردن تێکەڵ بوون لەگەڵ گوارێ ٠

★ ئەو بەرهەمانەی کە لەسەر کاسێت تۆماری کردووە تێکڕا دەگاتە بیست سعات کە بۆ خاوەنی تۆمارگای : (مەریوان)و (هەولێر) گوتوویەتی ٠ ئەمەو جگە لەو کاسێتانەی کە لە دانیشتنی ماڵە دۆست‌و هاوەڵەکانی خۆیا تۆماری کردووە ٠

شایەنی باسە ئەم هونەرمەندە خاوەنی بەهرەیەکی بێوێنەیە لـــە هەڵبەستنی بەیتو بەستەو لاوکو حەیرانو هۆنراو ٠٠٠٠ هتد ٠

★ ئەم بەرهەمانەش کە لە دانانی خۆیەتی ئەمانەن :ـ

لە بابەت (بەستە)وە بەســتەی : ئەو جــەرەبەم جــەرەبە ، ئێستاش قەولی گۆڕیوە ، بە چەندی بڕێ بەچەندی ، بارەکا بارەکا ، ببورە گیانــە دڵ بە ئازارم ، زەریفە ، هەی سێوێ ، هەی بێری ، هــاوار غەزێمـــێ ، ڕواندوز خۆشە ، گردەسۆر خۆشە ، سوێمانیم کوردستانە ، قوشتەپەم عەردی پانە ، هەی نازدار ، پەری یان پەری خانی ، لێم گەڕێ کچێ لێم گەڕێ ، نەسرین وەرە لام ، نەسرین پێچەکەت بسوتێنە ، لە بڵندان دێمە خوارێ ، هاتەخوار بابێتەخوار گشتی لە هەڵبەستنی خۆیەتی ٠

لە بابەت (حەیران)ەوە حەیرانی : (کیژۆرە ســیانێ)و ، کیژۆرە جوانێ)و ، (کیژۆرە هەیبەتێ)و (هەمینە)و ،(گردەسۆر لەمن دوورە ولاتە)و، (ڕۆژم لێهەرات لەکەندی ناوێ)و ، ڕۆژم لێهەرات لە بنـــەی قەراتێ) ، (ڕۆژم لێهەرات لە دێدەوانی) ٠٠٠ هتد ٠

لە بابەت (لاوك)ەوە :ـ لاوکی (حەسەنو مریەم)و ، (عەلیاغــەی مامەسێنی)و ، (عەیشەجانێ) ٠٠٠ هتد ٠

هونەرمەند عوسمان هەمەوەند هەر وەك گەنجینەیەکی کەلەپووری میللی لەخوڵا گومبوو چەندان شارەزاو پسپۆڕ کە نرخی ئەو گەوهەرەیان زانیبێ ویستویانە فــرپای دەرهێنانی بکـــەون مامۆستا (محمد توفیق ووردی)ش یەکێك بووە لەو هونەر دۆستانەی ویستویەتی هەر لە ساڵی ١٩٧٠ وە تا دوا ڕۆژی ژیانی هەوڵی کۆکردنەوەی ئەو بەشە فۆلکلـۆرە میللیە بدا کە لە سینگی هونەرمەندی ناوبراودا پەنگی خواردۆتەوە ، ئەگەرچی مەرگ بواری هێنانەدی تەواوی ئەو ئامانجـەی نەداوە لـــە ڕێکەوتی ٢٢/١٢/١٩٧٥ هەموو ئارەزویەکـی خســتە ژێر گڵـــەوەو بۆ دواجار سەری نایەوە ٠

منیش خۆم بە بەختەوەر دەزانم وەك شاگردێك دەسبارێكی ئـــەو بارە بگرم كە مامۆستای خوالێخۆشبوو (محمد تۆفیق ووردی) دڵسۆزانە شانی دابوە بەرو بەناكامی بەجێی هێشت ، لــــەبەر ئەوە بە پێویستم زانی كە لەگەڵ ئەم دوو چیرۆكو بەیتانەدا خاوەنەكەیتان پێ بناسێنم لە لایەنی كەسایەتیو هونەرمەندێتیدا خــوا یاربێ ئومێدەواریشـــم گشت بەرهەمەكانی ئەم هونەرمەندە بەچین كۆبكـــەمەوەو بیخـــەمە ژێر دەستی خوێنەرانی بەڕێزو بەمە بەشێك لــــە گەنجینەی فۆلكلۆری میللەتەكەمان لەنەمان بپارێزین .

سعداللە شێخانی
١٩٨٤/٨/١٢

# چیرۆکی لاس‌و خەزاڵ

دەڵێن ئەحمەد بەگی شارەزووری ، کە شۆڕە سوارێکـی چەلەنگ‌و چاپووك بووە ، لە گەشتێکیدا جا بۆ ڕاووشکار بوبێ یا بۆ سەردان لـە ڕێگە لادەداتە سەر کانیە ئاوێك بۆ ئاو خواردنەوە ، لەم کاتەدا هەندێك کچی نەشمیلە لەسەر کانی خەریکی کوندەو گۆزە پڕ ئاو کـردن دەبن ، داوای جامێك ئاو لە کچێکی نازداری سەر کانیەکە دەکات ، کچەکـــەش جامێکی ئاو بۆ دەبات بەڵام ڕوو لە ئەحمەد بەگ ناکات‌و پاشەوپێش جامە ئاوەکەی دەداتە دەست . ئەحمەدبەگ زۆر ئەم‌کارە دڵ‌پڕ دەبێ‌و بڕیـار دەدات کەهەر چۆنێك‌بێ ئەم کچـە بخوازی‌و لەجیاتی ڕووتێکـــردن بەبێ پێ‌گووتن دەبێ بە دەستی خۆی دۆخینی ئەحمەدبەگ بکاتەوە .

بۆ ئەم مەبەستە لەو نزیکان لادەدات‌و ، دەکەوێتە پرسیار کردنی کچەو ماڵی باوکی کچە ، بۆی دەردەکەوێ کە کچەکە ناوی (خەدیجە = خەجیجە)و(۱) کچی شێخێکی عارەبانەو خوشکی (شێخ حمود)ی (تەیـــە) ئینجا دەچێتە داخوازی‌و شێخ حمودیش خوشکەکەی خۆی دەداتێ‌و باش جێ‌و بەرگە کردن‌و ئەحمەدبەگ خەدیجە لەگەڵ خۆی سوار دەکەن بەرەو شارەزوور دەکەونە ڕێ لەولاش خزم‌و کـــەسی شێخ حمود ناڕازی دەبن‌و دەکەونە گیانی شێخ حمود دەڵێن تۆ ئەم خوشکـــە زەریفەی خۆت

---

۱ ـ لە تحفە مظفریە کۆکردنەوەی ئۆسکارمان پێشەکی‌و ساخ کردنەوەو هێنانە سەر ڕێنووسی کـــوردی هێمن موکریانـــی ۱۹۷۵ نـاوی شەمێ‌ی بۆ داناوە ، هیچ نیشانەیەك نی‌یە کە عەرەبە یان نا بـەڵام دیارە شەمێ ناوی کیژە کردانە .

۲ ـ لیرەیەك لە گەنجینەی نەتەوەی کورد ۱۹۸٤ ئامادەکردنـی ئەسعەد عەدۆ . بە خەدیجەو بە عەرەبی زانیوە .

۳ ـ لە سێ بەیتی فۆلکلۆری کوردی ۱۹۸٤ کۆکردنەوەی جلال ملا حسن خۆشناو بە خەجیجە ناوی هاتووەو لە ڕەگەزیشی نەپرسیوە .

پێش‌کەش بە کابرایەکی شارەزووری کرد کە کەس نازانی چی‌یەو لەکوێوە هاتووە شێخ حمودیش دەڵێ :

من داومەو لە بەڵێنی خۆم پاشگەز نابمەوە ئێوە ئازابن برۆن لە رێگە بیکوژنو خەدیجە بگەڕێننەوە ۰

(۱۰ـ۱۲) بۆرە سوار سوار دەبنو دەکەونە شوێن ئەحمەد بەگ ، لە رێگە دەیگەنێو لەسەر گێڕانەوەی بووك (خەدیجە) دەبێتە شەڕیان ، لە ئەنجامدا (٤) بۆرە سوار بریندار دەبن ، ئەوانی دیکەش بە پرەپڕ خۆیان لە دەست ئەحمەدبەگ دەرباز دەکەن ۰ ئەحمەد بەگ رێی خۆی دەگرێو دەڕوا تا دەگاتەوە شارەزوور ،لەوێدا چەند مانگێك لەگەڵ خەدیجە دەبێ بەڵام لەگەڵی جووت نابێو فەرمانی ژنو مێردایەتی لەگەڵیدا بەکار ناهێنێ ، کە خەدیجە بە (باوە خونـی) دەچێتەوەماڵەباوان ، دایکی تێدەگەینی کە چۆن چووە هەر ئەوهاش بە کچایەتی گەڕایتەوە دایكو دۆت لە پیاوەتی ئەحمەد بەگ دەکەونە گومانو (ئەوی بن بەڕێ دەیننە سەر بەڕێ) ۰ شێخ حمود تێدەگەینن ۰ شێخ حمودی چەمبەریش شتە ئاشکرا دەکاتو دەڵێ : ئەحمەد بەگ نێرەمووکە (نە ژنو نە مێرد)ە دیارە مارەیی خەدیجە نەهاتووە بۆ سەرپۆش کردنی خەوشەکەی دەنێرێتە دوای (وەد وەدە)ی ئامۆزای کە حوشترەوانێکی نەپرژای بووە خەدیجەی دەداتێو هەرلەوێ بۆی دەگۆزێتەوە ئەو ئێوارەیەی کە خەدیجە بۆ (وەد وەدە) دەبەن ئەحمەد بەگیش لە ماڵی خەزووری پەیدا دەبێ بەنیازی بردنەوەی ژنەکەی خۆی ۰ شێخ حمود دەشڵەژێو دەکەوێتە بارێکی ناهەموارەوە ، بە هەزار بینەو بەردە ژنی بەمێردی بە مێردێکی دی داتەوە ، ئێستا چ لە ئەحمەد بەگ بکات ؟ ۰

بۆ پاراستنی ئابرووی خۆی لە دوو لاوە ، دەیەوێ پیلانێك دابنێت تا ئەحمەد بەگ لەناو ببات ، بۆ ئەم مەبەستە ، شێخ بەخۆو بە راوێژکەرەکانی وابەچاك دەزانن کە ئەحمەد بەگ بەگژ شێرێکەوە بنێن

که لەم ناوچەیە بوەو دڕندەیەکی ترسناکو دڕندە بووە ·

دەڵێتە ئەحمەد بەگ ، کاك ئەحمەد :ــ شێرێك هەیە لەم بێشەلانە ئەم ناوچەیەی بە ئێمە تەنگ کردووە لە تۆش ئازاترمان نیيە بتوانی ڕوو بە ڕووی بێتو لە ناوی ببات دەبێ ئەو پیاوەتیەمان لەگەڵدا بکەی ئەم شێرەمان بۆ لەناو ببەی · جێگەو ڕێگـەی شێرە بۆ ئەحمەد بەگ دیاری دەکەن ، ئەحمەد بەگ هەر بەو ئێوارەیە شیرو خەنجەرەکەی لە خۆی ناکاتەوەو بە تاکە سواری ڕوو دەکاتە لانـەی شێرەکەو شێرەکە دەدۆزێتەوەو ، دەبێتە شەڕیان لە ئەنجامدا ئەحمەد بەگ لە شێرەکە شێرتر دەبێو شێرەکە دەکوژێو ، کەوڵی دەکات لەژێر دارۆکەکی (دەوەن) لاس لەسەر پێستی شێرەکە لێی ڕادەکشێو دەنوێ، لەولاشەوە خەدیجە وا لە پەردەی بوکینی دایە لە ژێر ڕەشماڵێك لەگەل (وەدوەدە) ئاگاداری هاتنی ئەحمەد بەگو پیلانەکەی شێخ حمودە هەر لەو کاتیدا مشکێك لەژێر ڕەشماڵەکە جلیتانێ دەکا ، (وەدوەدە) دەست دەداتە تیرو کەوانەکەی بە تیرێك نێچیرەکە دەپێکێ بەخۆهەڵکێشانەوە، دەڵێت : (خەدیجە) بمناسە ئامۆزای خـۆتم · چۆن نیشانە شکێنێکم بە تیرێك مشکێکم کوشت ، خەدیجە کە پێشتر زۆر جـارەی وەدوەدە ی نەدەویست ئەوەندەی دیکە لێی پەست دەبێو ڕقی لێی هەڵدەستێ ·

دەڵێ :ــ ئەحمەد بەگ بەگـژ دوازدە سواران داهـات شەرمی بەخۆ بوو بلێ من وامکرد ، فلانە جار ئـەوەندە ئازاو بەجەرگ بووم ، جارێك نەمبیست بەخۆی خۆی هەڵبکێشێ ئێستاش وا بەگـژ شێردا دێ بەسەر زمانی دانەهات بلێ ئەدی ئێوە چینە ؟ یان منیش ناوێرم!خەدیجە دەست دەداتە شیرێكو لەناو پەردەی بوکینی دێتە دەرەوەو ڕوو لەجێگەی شێرەکە دەکاتو دەڵێ :ــ یەیمانبێ شێر بمشکێنێ نەك ڕێوی بمخوات ، هەر بەم شەوە دەکاتە بێشەلانەکە دەبینی واشێرەکە کوژراوەو ئەحمەد بەگیش لەسەر پێستی شێرەکە خەوتووە سەری سوڕدەمینێ لە پاڵەوانیو

نەترسی ئەحمەد بەگ‌و لە نەجولانی دەماری پیاوەتی‌و هــەستی نێرایەتی، دەستی بۆ دۆخینی ئەحمەد بەگ دەبات‌و دۆخینەکـــەی دەکاتەوە لـــەم کاتەشدا ئەحمەد بەگ بە ئاگادێ‌و لەسەر پێستی شێرەکە ، لەژێر دارە لاسەکەدا ، لەگەڵ یەکتری جووت دەبن ، ئەحمەد بەگ لە خەدیجە بەزاوا دەبێ ،ڕاستی پەیمان‌و بڕیارەکەی پێشتری خۆی بۆ خەدیجە دەگێڕێتەوە. بەیانی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵی شێخ حمود خەدیجە هەموو شتێك ئاشـــکرا دەکا ، خەدیجە‌و ئەحمەد بەگ بەرەو شارەزوور دەگـــەڕێنەوە . پاش ماوەیەك خودا کوڕێکیـــان دەداتێ‌و هەر بـــەیادی ژێر دار لاسەوە ناوی دەنێن (لاس)(٢) . کە تەمەنی لاس ژیکەڵە دەبێ .

دەینێنە بەر خـوێندن ، کـــە فەراژی دەبێ فێری سوارچـــاکی‌و پاڵەوانبازی دەبێ‌و دەبێتە (٣)(لاســـی ئەحمـــەد بەگـــی شارەزووری)و ئاشقی(٤) (خەزارە شۆڕێ مەلا نەبی) . خەزار لە

(٢) دار لاس :ـ دارۆکەکی دڕکاوی‌یە دەوەنە نابێتە داری گەورە دار لاس دووره (الأسي عربي) کە بە کوردی مورتکی پێ دەڵێن .
لاس :ـ کە ناوێکە بۆ پیاوان لە کـــوردی دوور نی‌یە پـــەیوەندی لەگەڵ (الیاسی) عربی هەبێ .

٣ ـ أ لە تحفه مظفریەدا لاسی ئەحمەد بەگی بە باڵەکـــی‌و بە ئامۆزای خانزادی حەریری‌و خانزادیش بە کچی مەحموود داناوە ئاشکرایـە کە خانزاد باڵەکی نیە‌و کچی شاقولی‌بەگە ، هیچ مامی ناو ئەحمـــەد بەگی نەبووە ، فەرمانڕەوای میرنشینی سۆرانی کردووە لە دووای سلێمان بەگی برای . بەڵام ئەحمەد بەگێکـــی میری میرنیشینـــی بابانەکان کە فەرمان ڕەوایی کردووە لە شارەزوور برایەکـی ناو مەحموودی لەپاش خۆی بویتە فەرمان ڕەوا . ئەگـــەر سەیرێکـی سەر چاوەکانی مێژوو بکەین دەبینین لە زۆر کـــاتدا میرنیشینـــی بابان‌و میرنشینی سۆران لەسەر کـەوشەنی میر نیشینایەتی خۆیان مل ملانێیان کردووە‌و خاکیان لەیەکدی داگیر کردووە .

٣ ـ ب : مامۆستا ئەسعەد عەدۆ دەڵێ :ـ (دەڵێن ئەحمەد بەگ لـــە

کوردەکانە واتە هۆزی کوردە کە ئێستا لە گوندی چەمرگەو دەوروپشتی دادەنیشن کە دەچنە سەر هۆزی جاف ٠

ڕای من ئەوەیە کە ئەحمەد بەگ باڵەکی‌یە لە ناوچەی شارەزوور دانیشتوە) لە دەقەکەش دەڵێ :-

(وەکی کاکە لاسی ئەحمەد بەگی بارەکی‌یە) ٠

هەر بە زمانی لاسەوە دەڵێ :- «نە شانی چۆپەم بڕۆیشتابایە(١٥٠) سواری کوڕە کوڕەی دەجافی‌یە ، لەشانی ڕاستەم بڕۆیشتابایە (١٥٠) سواری کوڕە کوڕەی عارەبی‌یە) دیارە (١٥٠) سواری جافان لە شارەزوورەوە ناکەونە دوای کابرایەکی باڵەکی ئەگەر مەزنی خۆیان نەبێ، شتێکی دیکەش هەیە دەبێ بڵێین ئەم کوردانەی چەمرگەو گردیشو کورداوە کە خۆیان بۆ جافو مەنمی دەگێڕنەوە ، بەڵام نیشتمانی گەورەی جاف دیارە کە ناوچەی شارەزوورەو أحمد مختار بەگی جافو طاهیر بەگی جافیش هەر لەوانن ٠

جلال ملا حسن ئەحمەد بەگی بە شارەزووری زانیوە ٠

وەیسی وسوکاسکی مارە کراوە ، ئەو کابرایەش پاڵەوانێکی ئازاو چەلەنگ بووە بەڵام دەمو چاوی خوریکاویو (ئاوڵەدار) دزێو بووە ٠

خەزاڵ بەناو ساڵ کەوتووەو کێچی کەوتۆتە کەوڵی بە دوای کوڕە گەنجێکی جوانو خاوەن دەسەڵاتدا گەڕاوە کە بتوانێ لە دەست وەیسی ڕزگاری بکات بۆ ئەم مەبەستەش جوانی خۆیو دەروێشێکی گەڕیدەو دونیا دیتەی بەکار هێناوە مام دەروێش بۆ تیکەی چەورو ماڵی دونیا بویتە

---

٤ ـ خەزاڵ (خەزارە شۆڕی مەلا نەبی کیژێك بووە لە جوانی‌دا بێ بێ هاوتا بووە) ٠

ـــ مەسلەتی پێکراوە لە جیاتی خوێنی (٧ـ٩) مێردان کاتی ڕوودانی داستانەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی فەرمان ڕەوایی خانزاد ئەویش بەپێی هەندێك سەرچاوەی مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ (٤٠٠) ساڵێك لەمەوبەر نەك بگەڕێتەوە بۆ زەمانی مێوەجاغی‌ی وەك لە تحفە مظفریەدا دەڵێ : شوێنەکەش دەکەوێتە دەوروبەری حەریرو دەشتی حەریرو گوندی باویانو شێخ مەموونەدیانو بەنی هەریرو زینەتیر٠

**پێناوی لاس‌و خەزال لە لای خەزاریێ بەسەر لاسی‌دا هەڵگـوەتوە لە لای لاسێ خەزارە شۆڕی هەڵکێشاوە ٠**

بە خوێندنەوەی دەقەکان ئەم سەرنجانەمان بۆ پەیدا بوون :ـ

١ ـ دوو پاڵەوانی مـەزن (لاس‌و وەیسی وسوکاسکـــی) لەسەر کچێك (خەزارە شۆڕ) دوژمنایەتی یەکدی دەکەن‌و یەك یەکی دەفەوتێنی ، لەهەمان کاتدا دوو کچیش خانزادو خەزار لەسەر یەك کوڕ رکـــابەری یەکدی دەکەن ، بەڵام لاس لە ئاستی پلەو پایەو جوانی‌و ماڵ‌و دەستەڵاتی خانزاددا کوێرە ، تەنها چـــرای خۆشەویستی خـــەزاریێ دڵی ڕووناك دەکاتەوە ٠

٢ ـ دڵـداری لاس‌و خـەزاڵ دڵدارییەکـــی پاك‌و پیرۆز نـەبوە ، بەڵکو جڵەوی مایتی حەزو هەوەس بازیان لـــەدەست بەرەڵلا بوەو بۆیان ڕاگیر نەکراوە ، بەبێ‌باکی‌و زۆریش بەبێ شەرمانە کڵپەو هەڵپەی حەزو خواستەکانی دەروونی خۆیان دامرکاندۆتەوە ٠

٣ ـ لە دەقەکەی تحفە مظفریەدا جارێك لاس لەسەر بردنی تاڵانی مەڕو ماڵاتی مەلا نەبی لەگەڵ میر بداغ‌و میر حەمەد خانی خێڵی سورچی‌و زراریان کەوتووتە جەنگـەوەو لاس هاتوەتە حەریرو خانزادیش هەر لە حەریر بووە کەچی دەڵێ :ـ

(ماڵی وێرانم وڵاتی باڵەکیانم بەجێ‌یەشت هاتمە ئێرەکانە ، ئێستا هەزارو چوار سەد ماڵی خۆم‌و مامم سەرەوێرانە ، خانزاد خانی حەریری بێ ساحێبەو بێ‌خودانە)

میر حەمەد خان دەڵێتە لاس :ـ

« ئەگەر نەمرم ، دەچم وڵاتی باڵەکیان تاڵان دەکەم ، خانزاد خانێ بە ئێخسیر دێنم » ٠

شتی بێ‌سەرو بەر خۆی خۆی پوچ دەکاتەوە ٠

بۆ جاری دووەم ململانێ کردنی لاس کە لە دەقەکانی دیکە تەنهـــا

لەگەڵ وەیسی‌یە ، کراوە بـــە زۆران‌بازی کردن لەگـــەڵ پاڵەوانان بۆ هێنانی :ـ

«گوڵی شۆڕانی هەن لە چل پلەی عومانێ ، چـــراو لاڵـــەت ناوێ سەربەخۆ ، دایسێ هەتا سبحەیانێ» کە دەبێتـــە خەیاڵو دەچێـــە ڕیزی ئەفسانەو دەکەوێتە لای تاریکایی هۆشەوە ٠

٤ ـ لە هەمان دەقدا «لاس لە وڵاتی چلکنان» کە دەکەوێتە نێوان خێڵی باڵەکیانو مەموندیان بەتیر بریندار دەکرێ ئەوی ڕاستی‌بێ لـــەم ناوچەیەدا وڵات یان خێڵ بەم ناوە نەزاندراوە بەڵام چلکن ناوێك هەبووە لە داستانەکەدا جارێك دەبێتە براو جـــارێك دەبێتە مامی یان خاڵـــی وەیسی لە ڕێگەدا بۆسەی بۆ ناوەتەوەو بە تیرێك لاسی زامدار کردووە٠

کۆتایی هاتنی داستانی دڵداری لاسو خەزاڵ وەك تحفە باس دەکـا تراژیدیە ،


لە دەقەکانی سێ بەیتی فۆلکلۆریو ، ٠٠٠ لیرەیەك لە گەنجینـــەی نەتەوەی کورد بۆیەك دەبنو پڕ خۆشی‌یە ،

لەم دەقەشدا بەتیراوەی برینی تیری چلکنـــێ پاش (٢) مـــاڵان مردیە ٠

هەر لە کۆتایی ئەم دەقەیەشدا سەرە داوێکمان دەکـــەوێتە دەست بۆ ساغ کردنەوەی لاسی شارەزووریو لاسی باڵەکی بەپێی ئەم بەیتـــە لاسی باڵەکی هەبووە ، لە دوای مردنی لاسی شارەزووری هەر بۆ خاتری ناوەکەی خەزار پاش حەفت ساڵ بێوەژنایەتی شووی پێ‌کردووە بـــەڵام هەر ناویان لاس بووەو بەس شتێکی دیکە نی‌یە لاسی باڵەکی بکاتە پاڵەوان یان ئامۆزای خانزادێ ٠٠٠٠ !

شتێکی دیکەش هەیە دەمەوێ بیڵێم دەقی لاسو خـەزاڵێ تحفـــە مظفریە لە بارەی ڕوخسارو داڕشتنەوە لە هەموویان ڕەوانبێژترو بەپێزو بەهێزترە لەبارەی کێشو سەرواش هەر وایە ٠

بەڵام لە زۆر شتان بێ ناوکەو بەهەڵەدا چووە وەك ڕوونمان کردەوە ئەویش بەهۆی دووری شوێنی وەرگرتنی چیرۆکەکەو دیکە لە یەکتـــری نزیکترنو هەندێك ووردە جیاوازی کەمیان هەیە لە داڕشتنیشدا کـــزو لاوازترن ·



# بەیتی لاس و خەزال

دەروێشە ، دەروێش عەلی هەرکی یە

دەیگۆ :.. مەملەکەتی شامو حەلەبو دیاربەکرو زاخۆو ئامێدیو

ئاکرێم کردی یە

ماینەکەو جوانەماینەکم بزر کردی یە

چەند هۆبە گەڕاوم لە وورات و لە مەملەکەتی یە

سۆراغی ئەوی جوانی و ئەوی ماینێم نەکردی یە

بەرام دەروێشە دەروێش عەلی هەرکی یە

دەهاتەوە ناو تێل و عوربانی مەزن مەلا نەبی یە

بەنوێژی نیوەڕانێ سەری خۆی بەدیوەخانەکەی مەلا نەبی داگرتی یە

وەکی چاوی دەگێڕا ئەو نەبی مەلا دەودی یە دانیشتی یە

لە دیوەخانێ لەلەکی بەدەستەوە بوو لە داری دار کەوتی یە

براینە پۆلیەکی دانەناوە سەری لە داری دار بەڕوی یە

★ دەروێشە دەروێش عەلی هەرکی یە

سوار دەبوو لە کەرەکی سپی بەغدایی یە

عەسایەکی سۆری موسری بەدەستی وە گرتی یە

بەدەستی دیکەشی دەیگرتەوە کەشکۆلەکی ڕەشی عەبەنوسی یە

کەلەکی لە شوانان لە بەرخەوانان پرسیار کردی یە

سەری چەند دانگ و چەند ڕۆژانە ماینەکم بزر کردیە بەجوانی یە

چەند عێلات و ناو خێلان دەگەڕێم سۆراغم نەکردی یە

خۆ پرسیارو سۆراغیش عەیبو عار نی یە

★ دەرێم : براینە برادەینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە
وەکی مامە دەروێش عەلی هەرکی وەیگۆتی‌یە
مەلا نەبی لە قسەی دەروێشی عاری دەبوو بەتەمامی‌یە
دۆیهای مندارانی لێ کردی‌یـــــــە
مامە دەروێشیان بەرِدێنی سپی لەناو هۆبەو رەشماری مەلا نەبـــی دەرکردی‌یە
بەختی دەروێشی ئەوێ رۆژێ خەزارە شۆرِ بەخۆو بەچار کارەکەران لە مارێ نی‌یە
خەزارە شۆرِو ئەسمەرو ئەستی‌و رابی‌و خوبی‌یە
دەچوونەوە گۆرِێتوان کانییێ سۆراوان ، تۆ سوحبەت‌و سەیرانـێ خۆیان بگێرِن لەناو گورێ بواری‌یـــە
وەکی دەروێشیان بەنوێژی نیورِانی لەناو هۆبەو رەشمارێ دەرکردی‌یـە
خەزارە شۆرِیش پاش نیورِان بوو لەگەر کارەکەرو دەستە خوشکان دەگەرِاوە بەرەو رەشمارێ مارە بابی‌یە
وەکی چاوی بەو دەروێشەی کەتی‌یـــە
دەگریا گەلە گەلە بەغەریبی‌یە
خەزارە شۆرِ دەیگۆ :ـ نازانم کێ ؟ غەدری لە مامە دەروێشی کردی‌یە
دنیا مەرگ‌و مردنە دیارە ئەو عالەمە رِوحمی نی‌یە
دەروێش عەلی هەرکی‌یە دەیگۆتە : خەزارە شۆرِێ کیژێ مەلا نەبی‌یە
بەو خوایەی نامری لە ژۆری سەری‌یە ، بەو شێخ گـــەزنەو شێخ ئەستی‌یە
بەو شێخە لاسی ماری خۆی دادەنا لەبەینی هەردوو گەری‌یە
بەو سولتان عەولای عارەبی ، مەرقەدم گرتی‌یە
بەو حوسێنی غازی‌یە ، بەو وەیسی قەرەنی مارێ خۆی دادەنا لـە

هەردوو دۆری یە

دوازدە بەشیرەت و سێزدە مەملەکەت کەرایمە ، قرچۆک و ڕەزیلـــم

وەکی مەلا نەبی بابێ تووم نەدیتی یـــا

خەزارە شۆڕ دەیگۆتە کارەکەران ئەنگۆ بڕۆن ئەمن ئیشم لەگەر مامە

دەرویشی هەیە بەخرووەتی یە

مامە دەرویشیش ئەوچاوەکینی دبەســـەتی دەدا بەژن و بارای خەزارە

شۆڕی مەلا نە ی یە

دەتگۆ :ـ گورەکە تازە پشکفتی یە ، لە باغی ڕۆستەم بەگی یە

دەتگۆتە خەزارە شۆڕی مەلا نەبی یە :ـ دیارە عومرت لە بیســـتی

تێپەڕی یە

هێشتا کەسەکەت بەدۆستەکو بایار لۆ مۆت نەگرتی یە

دەیگۆ :ـ عوەرم لە نۆ سالی یە ، بابم ئەمنی مارە کردی یە

لە وەیسی وسووکانسکی یە ئەمنی پێدەکرد مەسرەتی یە

لە جیاتی ڕەدالو بەمنی لۆ مشان بە دواوەتی یە

دەیگۆ :ـ لە جیاتی لو مێمان بەی دداییمە وەیسی وسوکانسکی یە

بەرام وەیسی کەلە ناشیرنە بەکەیفی خەزارە شۆڕێ نی یە

ئەتوو دەگەڕێی لە دیوەخانان و ، قۆناغان لە مەجلیسان ، بزانــە

یەکەکی نابینیەوە (قابیل) بەمن بی بە دواوەتی یە

دەرویشی مەلی هەرگیز ، دەیگۆ :ـ دوازدە مەملەکەت و سێزدە وڵاتم

دیتی یـــە

کەس قابیل بەتوو نابینم ، بە غەیری لاسی ئەحمەد بەگی شارەزووری یە

وەکی ناوی لاسی دەهینا لەکن خەزارە شۆڕێ مەلا نەبی یە

تەزیەک دەچووە هەناوی تە پەنجەی پێیانی تا تۆقی سەری یە

دەیگۆ :ـ ئەو ڕوحەت ببی بەقوربانی،

خەنیت دەکەم بە ماری دنیایێ بەڕێ دەنگی یە

بەرام ئەتو بەمن برێ لاست قابیێ بەمن دیتی یە

دەیگۆ :ـ سمێری زەردی سوسنی یە

گەردەنی بستەک درێژە دەرێی سەرێسنی کۆسرەتی یە

خواردنی وی مەعلومە برنجی سەدری یە

ساحێبی پێنج سەد خورامو شەش سەد نۆکەرو ، چوار سەد سوارانە

بەدایمە خەریکی ڕاوشکارێیە لە دەشتی شارەزووری یە

خەزار دەیگۆ :ـ گەلە باشە مامە دەروێشی نورانی یە

بەران ئەمن کوو لاسی ئەحمەد بەگی ببینم بەهەردوو چاوی یە

ئاگری قودەرەتێم ئەوا لە جەرگی بەربوو لەبۆ لاسی مەعلومە شێت

دەبم ئاگام لەخۆم نی یە

دەیگۆ :ـ لێرەوە دەڕۆم دەچمە شارەزووری نۆ ڕۆژە ڕێ دوورە بــە

پشتێ دەوارو وراغی یــە

ڕۆژی دەیەی (داخیل) دەبم بە فۆزغی کاکە لاسی ئەحمەد بەگی یە

هەنگینێ خەزارێ کیژێ مەلا نەبی یە

دەستی لە بەرکی ڕاکردی یە

هینایە دەرێ قۆدیەکی کچکەی زێڕی نشماری یە

لەگەر مقەسەکی کچکۆکەی لە زێڕی یە

برەکی لە پەرچەمێ خۆی قوت کردی یە

لەناو ئەوێ قۆدی کردیە ، دەیداوە دەستی مامە دەروێشی یە

دەیگۆ :ـ ئەو دیاریەی ببە لەبۆ لاسی ئەحمەد بەگی یە

مامە دەروێش سوار دەبۆوە لە کەرەکی سپی بەغدایی یە

بەدەستی چۆپەی گرتبوی عەسایەکی بەدارۆکی عەبەنوسی یە

دەگەڕاوە ناو عێلی یە ، ئەوێ شەوێ مێوان دەبۆوە لە ئاغامەزن مەلا نەبی یە

خەزاری بابان‌کۆر ، لەخۆشی لاسی خەنی دەکـردەوە بەخـــوری‌و

بەپەنیرو بەکەرەی مەڕی‌یـــە

سبیانێ کاکە دەروێش عەلی هەرکی‌یە

سوار دەبوو لە کوچەکەرێ سپی بەغدایی‌یە

بەرەو گۆڕێتوان کانیێ سۆراوان عێلەساتی مەلا نەبی بەجێ‌هێشتی‌یە

ڕووی دەکردەوە مەملەکەتێ شارەزووری‌یە

ڕۆژی دەیەمین‌بوو مێوان دەبۆوە لە دیوەخانەکەی کاکە لاسی ئەحمەد

بەگی‌یە

وەکی زەینی خۆی دەدایێ کاکە لاس نوێژی عەسرێ‌یە

لەسەر کورسیەکی دار سەندەر دانیشتی‌یە

خورام‌و خزمەتکارو نۆکەر دەورەیان گرتی‌یە

مامە دەروێش دەیگۆ :ــ دادەبەزیم لە کەری سپی بەغدایی‌یە

سەلامەکم لە کاکە لاسی کردی‌یە ، هەردوو ڕومەتــی سۆری گــور

گوریم ماچ کردی‌یە

دەیگۆ :ــ ڕەبی دەروێشە دەروێشی عەلی هەرکی‌یە

ئەتوو بەخێربێیەوە سەر چاوێ لاسی‌یە

وەکی دادەنیشتم لەدیوەخانێ دەیاندامێ دوو قاوێ قەندەهاری‌یە

پاشی نوێژی مەغریبێ نان‌خواردنم خەلاس دەکـــرد کاکـــە لاسم

مەجلیسەکی دیکەی گرتی‌یە

هەتاوەکینێ دیوەخان چۆل دەبوو ئەوجا گفتوگۆی خۆی لەگـــــەر

دەروێشی ماروێران کردی‌یە

بەران دەروێشە دەروێش عەلی هەرکی‌یە

ڕووی لە کاکە لاسی کردی‌یە

دەیگۆ :ــ گەرمیان‌و کویستانم گەلە گەلە دیتی‌یە

ناو هەرکیانو مەمودیانو سورچیانو بۆریو بارەکیانم بە چاوی خۆ دیتی‌یە

ئەو جوانیەی لەکن خەزارە شۆڕێ چاو پێکەوتی‌یە

هەزار مەملەکەت گەڕایمە جوانی ئەوهام لەسەر ڕووی دنیایێ نەدیتی‌یە

ئەو جۆتە شەمامەی لەبن سوخمەو کراسی‌وی شاردراینــەوە چ

عەبدەل بێ‌شەریک دەستی پێ نەکەوتی‌یە

بەران گوێت لەمن بی لاوێ شاردەزووری‌یە

ئەو نیشانەش خەزارە شۆڕ لۆتوی بەدیاری هەناردی‌یە

وەکی دەستی خۆی لە باغەری ڕاکردی‌یە

دایدایە دەستی کاکە لاسی ئەو قودیەی زیوی شاماری‌یە

وەکی لێکی دەکردەوە ، چاوی بە پەرچەمی خەزارە شۆڕی کەتی‌یە

بۆنی قەنەفرو مەرجانان دەیداوە لە کەللەی سەری کاکە لاسی‌یە

لەسەر کورسی دەکەتە خوارێ بەربۆوە سەر عەردی‌یە

تیری عەشقە جەرگی بری‌یە ، پاشایەتی لەبیر کردی‌یە

ئەوێ شەوێ هەتا (فەجری) بەیانی سێ جاران دەیگۆتە :ـ قاوەچی لێ‌بنێ قاوەی قەندەهاری‌یە •

دەم گەلە گەلە بەغەمە خەجیج خانێ داکیشی دەهـــاتە دەرگـــەی دیوەخانێ دەیگۆ :ـ ڕۆژەی شیرن ، ئیشالّلا جوابی خێرێت لۆ هاتی‌یە

خەجیجخان دەیگۆ :ـ کوڕی من ئەوەند گیرنابی لـــە دیوەخـــانی ئەوشۆکە سێ جاران هاتیمە سەرێ بە دیوەخانی داگرتی‌یە

ئەو سمێری سوسنی ڕادەوەستا لەسەر لێوان ، دەتگۆ گوڕێ گیڕی ئەستەمبۆری‌یە

خەو لەدوو چاوی بەرەکی نەکەتی‌یە

ئەو مامە دەروێش عەلی هەرکی‌یە دونیای گەلە دیتی‌یە

باسی جوانی خەزاڵێی ، هەتا پێشی بەیانی هەر لەبۆ تەواو نەکردی‌یە
پێشی بەیانی کاکە لاس لە دیوەخانێ لەسەر چاو کەتی‌یە
دوو سعات خەوی لێ کەتی‌یە
پاشان دەچۆوە مارێ دەیگۆ :ـ داکێ گەورەو گرانم خەجیج‌خانـــی عەرەبی‌یە
لەمن حەرام‌بی شیری سپی‌یە
گەردەنم ئازابکە لەو شیرەت دایتە من شیرێ سپی‌یە
ئەمن عەشقی خەزاڵێ لە کەللەی دایمە ئاگام لە پاشایەتی دەشـــتی شارەزووری نی‌یە
دەبی لەبەرەخۆم بکەمەوە بەرگەکی دەروێشی‌یە ،
بەدەستەوە بگرم عەسایەکی سۆدی موسری‌یە ،
کەشکۆڵەکی ڕەشی عەبەنوسی‌یە ،
نۆ شەوو نۆ ڕۆژان بڕۆم بەپێی کوچەکەرێ لەگەر مامە دەروێشی‌یە
هەتا داخیل دەبمەوە بە گۆڕێتوان ، کانیێ‌سۆراوان ؛ دەچمەوە ناو عێل‌و عێلەساتێ ئاغا مەزن مەلا نەبی‌یە
لەبەر چاوی خەزاڵێ جونکی دیاری لەبۆ من بە قاسیدی هەناردی‌یە
خەجیج‌خان دەیگۆ :ـ ڕۆڵەی شیرنم ئاقاڵەی داڵەو بابی‌یە
ئەگەر ئەتوو بچیەوە وڵاتێ عەرەبی‌یە ، ڕۆیشتنت بەپێیان نەکردی‌یە
شێی غەزاڵ زین‌بکە لێ سوار ببە بەتوندی‌یە
بەبەرەخۆت ببە چوار سەت خوڵام ، پێنج سەت سواران ، لەگەڵ سێ سەت عەگیدێ (هەلالی بنی هەلالی)یە
هەربەدەن لە دەشتێ هەوێرو هەوێر بەتی‌یە
هەندەک برێن ئەوە فەریق پاشایـــە ،
هەندەک برێن یوســفی برایمـــاغایە ،

هەندەك بڕێن عەلی بەگــی داسنی‌یە
هەندەك بڕێن ئەوە لاسە کوڕی ئەحمەد بەگی شارەزووری‌یە
هاتیە لەبۆ خەزارە شۆڕی هەریدایە دەکاتن داخوازی‌یە
خۆ داکی تو فاری لە چ شوانو گاوانان نەخواردی‌یە
هەتا ئەتو بچی بە بەرگی دەروێشی‌یە
ئەوەندی خەجیج‌خان لەبۆ لاسی گۆتیە لاس نەیسەلماندی‌یە
کەللەی گەلە ڕەقە هۆشی لە کەللەی دانما دەرپەڕی‌یە
عەشقی خەزاری لە جەرگی کاری کردی‌یە
مامە دەروێشی ماروێران زمانی گەلە لوسە لاسی لەخشتە بردی‌یە
سبیانی ڕۆژ هەردەهات دەیداوە لە قەراتی شارەزووری‌یە
کاکە لاسی ماروێران ڕەنگی تێك دەچوو هەڵدەبزوڕکا چونکی نەنوستی‌یە
لەبەرەخۆی دەکرد بەرگەکی دەروێشی‌یە
خەنجەرەکی (حافظ بەگی) نۆ پشکەی لە زێڕی‌یە
لەبن جبەی دەروێشی دەیشاردەوە بەئامانەتی‌یە
چەنگەکی زێڕی سۆری لە بەرکی خۆی کردیە لەبۆ موحتاجی‌یە
گەردەنی خۆی بە هەموو خوداو خزمەتکارو نۆکەران ئازا کردی‌یە
بەران بابی لە ماری کەتیە تاقەتی دانیشتنی دیوەخانێی نی‌یە
گەردەنی خۆشی بەداکی دیسان ئازا کردی‌یە
دەیگۆ :ـ بڕۆ کوڕی شیرنم لاسی ئەحمەد بەگی‌یە
خوا پشتیوانت‌بی سوڵتان عەولای عارەبی‌یە
وەکی مامە دەروێشی دنیادیتە شارەزووری بەجێ‌هێشتی‌یە پشــتیان دەدا
شارەزووری بەریان دەداوە چۆلی‌یە
براینە عەزیزەکەی لەدری داکی خۆی کاکە لاسی بەپێیان نەرۆیشتی‌یــە
لە گوێزەی موبارەکی بەسەر ییخستی‌یە

لەبنەبنەی پیرەمەگرونی تێپەڕی‌یە
شۆڕ دەبۆوە بەسەر کوڕوماپسان‌و قەپەکو خەیلانی‌یە
دەچۆوە زورگی نارەشکێنی قەسرۆکو قەنتەران لیسێ خەرتەلان دۆری
بەرچیغان بابە سەرەکی خۆی دەداوە لە سپی‌ڕێزی خەیلانی‌یە
لەوێندەرێ دەروێشی ماروێران دەیگێڕاوە چارچەلێ هەرکی‌یە
لە زینەتیرێ دەروێش لەگەر کاکە لاسی پێکەوە ڕونشتی‌یە
هەنگێ دەروێش عەلی هەرکی‌یە دەیگۆتە کاکە لاسی‌یە
ئەوەیە مەملەکەتی هەریرو هەریر بەگی‌یە
خانزادیش حوکمی خۆی دەگێڕی لێرانە لەسەر سەت‌و بیست‌و چـــار گوندی‌یە

★ ئەرێ براینە برادەینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە
ئەوێ ڕۆژی هەتاوەکێنێ پاش نیوڕانێ دەڕۆیشتن لەگەر دەروێشی‌یە
پاش نیوڕانەکی گەلە درەنگێ داخیل دەبوون بەگۆڕێتوان، کانیی‌سۆراوان
دەروێش عەلی دەیگۆ :ــ لاس ئەمن لێرە دەچمە هەوارەکی دیکـە ناوێـرم بێمەوە ناو عوربانی مەلا نەبی‌یە
ئەگەر دەچیە ناو عوربانێ مەلا نەبی‌یە ، مارێ مەلا نەبی لەســـەر بیست‌و پێنج دیرەگە ڕەشماریان ڕاوەستایە ، دوازدەی دیوەخانە سێزدەشـــی مارە بەبێ قەیدی‌یە
لەهەموو ڕەشماران گەورەترە دوازدە چیغی‌یە
ئەسمەی پێچی لەدەورەی گێرایە بەنەخشی‌یە
سەت‌و بیست‌و چار ڕستەی قورفانگەی تێژەی عەبەسی لۆ دادەکوتـــا خەزارە شۆڕی مەلا نەبی‌یە
بایێسەران گەلە گەلە تیژە نەکو ڕەشماری بێخینەوە سەر عەردی‌یە
دەروێش عەلی هەرکی‌یە دەیگۆ :ــ سبەینێ لەگەر ڕۆژهەراتێ

ئەتو وەرەوە (وەعدەبی) لەسەر ئەوێ کانی‌یە
دەتو لۆخۆت بڕۆ بەژنێ خەزارە شۆڕێ ئەوشۆکە تێر ببینە بەتەواوەتی‌یە
بەران ڕاستۆکی مەچۆوە مارێ خـەزارێ لە (ئەوەل) ڕەشمارێ هـــەقو
هوەکی بکە هەقو هوی دەروێشی‌یە
کاکە لاس وەکی چاوی خۆی دەشوشتەوە بەوێ ئاوێ کـــانیێ سۆراوان
دەیگۆ :ـ ئۆخەی ! خەزاریش لەناو ئەو ئاوەی چـــەند جـــار چـــاوی
شوشتی‌یە
بەدرەکی گەلە فێنك ڕووی دەکــــردەوە ناو شەش سەت مارێ بارەکی‌و
خەیلانی‌یە
هەنگینێ کاکە لاس لە (ئەوەل) ڕەشماری ڕاوەستا ، عەسای چەقاندی‌یە ،
کەشکۆری پێوەکردی‌یە ، هەقو هوەکی دەروێشانی کردی‌یە
ئەوەل جارە گەلە گەلە شەرمی کردی‌یە
بەران ئەوەندە ڕۆیشتی‌یە نۆ ڕۆژو نۆ شەوی بەسەر داهاتی‌یە
ئەو ڕومەتی سۆری گۆر گوری ڕۆژێ سوتاندی‌یە
بەران ئەو پێی نازدارو ناسکی لەناو پێراوی ئەستورایی بەدەرکەوتی‌یە
دەتگۆ ڕۆستەمە لە مازەندەرانێ هاتی‌یە
بەران لەپێش ڕەشمارەکی ڕادەوەســتا ، لەسەر دوو ئەستوندان بوو ،
پیرەژنەکی مەکرۆی لێهاتە دەرێ ، گەلەکی دنیا دیتی‌یە
دەیگۆ :ـ دیارە دەروێشە دەروێشی نورانی‌یە
ئەو دەروێشە عاشقە عاشقێ بەژنێ خەزارێ کیژی مەلا نەبی‌یە
گراو سەرو سیمای دیارە جێی قەدەمو قەدەم بازی‌یە
خۆمن ئاقرم ئەو سەرەم لەبەر هەتاوێ سپی نەکردی‌یە
هەندەکی کەرە لۆ دەهینا ، تێی دەکردە ناو کەشکۆری‌یە
کاکـە لاس دەیگۆ :ـ برۆم ئابروو ناموسم دەبا پیرەژنێ خێلەکی‌یـــە

ڕەشمار ڕەشمار دەڕۆیشتە خوارێ هەتاوەکینێ دەگەیشتەوە بەرانبەری ڕەشمارێ مەزن مەلا نەبی‌یە

دارتوەکی گەلە گەورەیان لەپێش ڕەشمارێ بوو ، کاکە لاسی مارۆیران پشتێ خۆی بە دارەتوێ داگرتی‌یە

هەنگینێ عەسای چەقاندی‌یە ، کەشکۆری پێوەکردی‌یە ، هەقو هەوی کردی‌یە

بەران لە ڕوانگەی ڕەشمارێ ، ئەسمەر سەری دەهینا دەرێ بەتەمامەتی‌یە وەیدەزانی ڕۆژە تازە لە کوڕکوڕەی مەرگێو لە بابەگیسکیو لە چیایی هەریر بەگیان هەراتی‌یە

ئەسمەر گازی ئەستی کردی‌یە ، ڕابی گازی خوبی کردی‌یە

هەر چاریان سەری خۆیان لە ڕوانگەی چیخو ڕەشمارێ لەبۆ لاسی دەهینا دەرێ بەتەواوەتی‌یە

دەیگۆ :ـ خوا جوانی گەلە دونیایێ خەلق کردی‌یە

ئەوە یوسفە یوسفی تانی‌یە

دەیانگۆتە خاتوون خەزارە شۆڕێ مەلا نەبی‌یە

تاسو پلپلەو گێلکێلەی دادەکەنانەوە عەردی‌یە

ئەوێ ڕۆژی بەختی کاکە لاسی‌یە

بەرەمەشکەی چەند ڕۆژانیان لەسەر ئاگری گەرم کردی‌یە

دەیانگۆ : ئەوە دەروێشە هەقو هوی کردی‌یە

دەیگۆ :ـ نیوەی بەرەمەشکەی ئەوڕۆی بەمنێ برێن بەخودای ڕونمان گەرم کردی‌یە

نەکو دەستو دەستەندەی خەزارە شۆڕی چاوە کۆرەبی ئەوەندە نی‌یە

بەران ئەسمەرێ دەگۆتە ئەستی‌یە ، ئەستی دەگۆتە ڕابی‌یە ، ڕابی دەگۆتە خوبی‌یە

خۆ ئەوە دەروێشی دنیایێ نی‌یە
ئەوە دەروێشی کەرەو ڕوون و ئاردی نی‌یە
ئەو دەروێشە نورانی‌یە، بناگێی گەلە زەردە ڕۆژی موبارەکی پێ‌نەکەتی‌یە
سەر ڕومەتی گەلە سۆرە دەرێی گوڵیکەی نیسانی‌یە
گەردەنی گەلە درێژە دەرێی سوسنی کۆسرەتی شارەبەگی‌یە
هەر چار کارەکەر دەیانگۆ خۆزیە بەخۆزی داران شەوەک لە شەوێ بوادێ
ئەو دەروێشە لەگەرمە بنوستایە بەهەواری‌یە
سەری‌خۆ بنێن لە عەردو بەردێ ، لەخەمی‌یە
وەکی خەزارە شۆڕ گوێی لەو قسانەی هەر چار کارەکەران ڕادەگرت
بەران هەستەکی لەخۆی کرشی‌یە ٠
دەیگۆ :ــ دیارە ئەوە دەروێش نی‌یە
ئەو دەروێشەیە بابە دەروێش لۆ کنە منی ڕەوانە کردی‌یە
ئەگەر لە دنیایێ هەبی باقی‌یە ، ئەوە لاسەو کوڕی ئەحمەد بەگی
شارەزووری‌یە
لەدوو نیشانەی من هاتی‌یە ، وەکی هێزری دەنا سەر سەری‌یە
سەری خۆی لە ڕوانگەی ڕەشماڵێ دەهینا دەرێ ، چاوی بە چاوی لاسی
ئەحمەد بەگی کەتی‌یە
تیری عەشقی جەرگی خەزالێی بڕی‌یە
دەیزانی ئەوە دەروێش نی‌یە ، ئەوە پاشازادەیە
لە مەملەکەتی شارەزووێ ڕاهاتە خوارێ بەسەر مەملەکەتێ هەریرو
هەریر بەگی‌یە
قاسیدە قاسیدەکی بەمەخسەدە ، قاسیدی چاوی خەزارە شۆڕی کیژێ مەلا
نەبی‌یە
وەکی خەزارە شۆڕ دەهاتە کن دەروێشی‌یە

دەروێش قسەی پێ نەدەکـرا بە تەمامەتی‌یـــە

بەران دەیگۆ :ـ ئەو ڕوحەت دەکەم بە قوربانی‌یە

چت مەخسەدە لە دونیایێ ، بتدەمێ بە تەمامەتی‌یە

ئەوجا لاس دەیگۆ :ـ خۆزیە بە خـۆزی داران دارەك بومایە لـــە دارێ شەنگەبی‌یە

سەرم هەربچوبایە لۆ عاسمانێ ، بنیشم لە عەردی‌یە

بەران وەستاو وەستاکار بریبام بەحوکمی مشارو تەوشیان ، بیـــــان کردبامایە تەشیەکا گورگوری دۆمانی‌یە

دۆم بیان فرۆشتمایە بە بەژنێ خەزارێ مەلا نەبی‌یە

خەزاریش کری پێ برێستبایە . ئەستێو ئەسمەر بیان گۆتایە خـــاتوون خەزار ئەو کرەت لۆچی‌یە ؟

بیگۆتبایە لۆ ڕانكو چۆغەری کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە

دیسان لاس دەیگۆ :ـ خۆزیە دارەك بومایە لە دارێ سێوی‌یە

وەستاو وەستاکار بیان تراشیبومایە ، شەقیان کردبومایە ، بەحوکمـــی مشارو تەوشی‌یە

دۆم بیان کردبامە تیرۆکەکی سەر ڕەنگاو ڕەنگانی‌یە

بیان فرۆشتمایە بەژنێ خەزاری مەلا نەبی‌یە

سبیانان خەزارە شۆڕ نانی پێ بکردبمایە ، چار جـــارە بکەتبومایە سەر شلکەیێ لە ڕانی‌یە

کەسەرێ لە درێ منی خەزارێ ، ژوانی من‌و تۆ دەمێنێتەوە لـــەبۆ شەوێ‌و ئێوارێ

بەران کاکە لاسی دەبردە دیوەخانێ ، دایدەنا لە تەنیشت بابی‌یە

خەزار دەیگۆتە بابی :ـ ئەو دەروێشە نورانی‌یە

سەلامەکی کردیە ، دەستی مەلا نەبی ماچ کردی‌یە

دەیگۆ :ـ یاخوا بەخێر بێی سەر چاوی مامی‌یە
دیارە ڕێت گەلە دوورە شارەزایت بەو مەملەکەتەی‌نی‌یە
دەیگۆ :ـ لە ڕواندزێ هاتیمە ، دەچمەوە شارێ موسڕێ بەبێ قەیدی‌یە
ئەوێ ڕۆژێ تەقدیر ئەوهابوو وەیسی دەسگیرانی خەزارێ ، پونگـــــی
ڕەوان کردبوو ، لە گۆسرەتی شارەبەگی‌یە
خەزار ئەوێ ڕۆژێ بە کارەکەران دۆینەی لێنابوو ، تەشتەکیان دۆینـــە
دەینا لەبۆ مەلا نەبی‌و کاکە لاسی بخواتن لە جیاتی نیوڕۆژی‌یە
وەکی کاکە لاس چاوی بە دۆینەی دەکەت ، قەت شتی وای نەدیتـــی‌یەو
نەخواردی‌یە
دوو سەرە مراکی لە دەوی دەنا، بەگزادەیە، خواردنی وی برنجی سەدریـە
مەلا نەبی دەیگۆتە، کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە
:ـ دەروێشمە ، دەروێشی نورانی‌یە،لەو تەعامەی زەریف‌ترت نەخواردی‌یە
دۆ دۆی مەڕی ڕەشمە ، خەزار مەشکەی هەژاندی‌یە
پونگیش پونگی گۆسرەتی شارەبەگی‌یە
وەیسی بەدیاری لۆمەی هەناردی‌یە
تەتام لەو تەعامەی بوارای خۆشترو زەریف‌تر نی‌یە
لاس دەیگۆ :ـ مامە مەزن مەلا نەبی‌یە
لە ڕەشمارو هەواران گەلەکم نان‌و ڕون خواردی‌یە
مەستم کارم لێ ناکاتن پرسیاتی‌یـــە
هەتا نوێژێ مەغریبێ نانەکیەکەیان لەبۆ لاسی دروست کردی‌یە
پاش نوێژی مەغریبێ نۆ شوانان دەورەیان لە لاسی دەدا گۆپاریان دادەنا
لە تەنیشت یەکدی‌یە
لەو نۆ شوانانەی یەکەکیان گەلە بەدعەمەلە ناوی کـــەڕکانە کەچـــەرە
بەتەواوەتی‌یە
ئەوان شوانان دەیانگۆتــە کـــاکە لاسی‌یە دەبی بەندەکمـــان لۆ برێی

بەتەواوەتی یە
دەیگۆ :ــ بەو خوایە لە ژۆری سەری یە ، چ بەندان نازانم ئــەوەی پێی
برێن بەندو باللۆرەی بەتەمامەتی یە
دەیان کردەوە گەرەلاوژە لەبەر خاترێ کاکە لاسی یە
هەنگینێ کاکە لاس دەیگۆ :ــ ئەورۆکە هاتیمە خوارێ لـــە چیایەکـــەی
هەریرو هەریر بەگی یە
ئەو بەژنو بارایەی لەکن خەزارە شۆرێ مەلا نەبیانم چاو پێکەوتی یـــە ،
دەرێی بەیداغێ ڕۆمی یە
ئەو جۆتە شەمامەی لەکن خەزارێم چاو پێکەوتی یە
چناقە کیژە ئاغەو بەگلەر لە باغەری خۆیان نەدیتی یە
ئازیزەکەی لە دری بابم وەکی کاکە لاس وەی گۆتی یە ، شوان گۆپاریـــان
لێ هەلسوڕاندی یە
دەیانگۆت :ــ ناماقوڵت کردی یە ، ئەو بەندەت لۆخۆت گۆتی یە
خەزاریش لەودیوی بەجواب دەهات لە لای مارێ بەتەمامی یە
دەیگۆ :ــ هەر شوانو گاوانی وەکیتۆنە دەشکێنی دیوەخـــانێ مـــەلا
نەبی یە
خۆ هەر ئەمن ناوم خەزار نی یە ، هەزار کیژ لە دونیایێ ناوی خـــەزارە
بەتەمامی یە
هەنگینی کاکە لاسی مارۆێران دەیهات (تەسکینو سماکینێ) لە دری یە
هەتاوەکینێ دەگەیشتە (دەعدە)ی نوستنێ خۆی لێدەدا کاکە لاس وەکـــی
سعاتی چارمە بەبێ دەنگی یە
وەختی نوستنێ دەهات دیوەخانیان چۆل کردی یە
بەران ناوی خەزارێ گەرکانە کەچەر لەبیر نەچووە هەر لەبیری یە
ئەوێ ڕۆژی نەدەچوو بنوی ، لەناو مەری یە
دەهات قاپووتی خۆی دەهینا لە مابەینی دیوەخانو مارێ سەری خـــۆی

لەناو قاپووتی دەشاردەوە بەدزی‌یە
خەوی لەخۆی پێخستیە ، زانی ئەو دەروێشە دەروێش نی‌یە
ئەو دەروێشە عاشقی خەزاری کیژێ مەلا نەبی‌یە
کەرکانە کەچەریش برەك خزمی وەیسی‌یە
حەفت شەرتە لەکن ماریێ مەلا نەبی خۆی ڕاگرتی‌یە
حەفت شەرتی شوانیش وەردەگری لە وەیسی‌یە
هەنگینێ دەیگۆ : خەزارە شۆڕێ کیژی مەلا نەبی‌یە
دەیگۆتە بابی‌یە :- ئەوشۆکە بای سەرانی دێ کویستانان بەفرو کرێوەی
هێشتا لێ‌مایە ، لەسەری لانەکەتی‌یە
ئەتو دیوەخانی چۆلکە لەبۆ ئەوێ دەروێشی نورانی‌یە
شەوێ لەبەر تەقوای خەوی لێ ناکەوی هەر لە فکری ئەللاو زکری‌یە
دەتو وەرە بنو لە ماریێ ، داتدەپۆشم بەسێ بەڕەی نەخشینان ، هەتا
سبیانێ ، با کارت لێ نەکاتن بەتەمامەتی‌یە
ئەوجا هەنگینی خەزار بابی دەهینـاوە ماریێ دایدەپۆشی بەسێ بەڕەی
نەخشینان ئاگای لە هەستو خوستان نی‌یە
دەستی دەدا کوتکەکی دار مەرحەم بەخـۆو بەهـەر چارکارەکـەران
دەسوڕاوە لە دەورەی قەرەڕەشماریێ لەسـەر بیستو پێنـج پدرەگەی
نەسپی‌کردی‌یە
ئەو سنگانەی لە داریێ دار عەبەنوسێ هەموو توند کردی‌یە
ئەو ڕستانەی ئاوریشمی سابراغی هەموو شەتاندی‌یە
پاشی نیوەشەو نەدەبوو ، دەستی دەگەیاندە قەرەمبرەکی زیوی‌یە
بەران بەنی ڕەنگاو ڕەنگی چێغی دەبری ، دەچۆوە خزمەت لاسی‌یە
وەکی خۆی هەردەدا ناو باوەشی کاکە لاسی‌یە
کاکە لاس دەتگۆ تازە لە دونیایێ خۆی ناسی‌یە
ئەو ڕومەتی سۆری گورگوری دەنا سەر دەوی‌یە
ئەو جۆتە شەمامەی تەسلیمی بە دەستی لاسی کردی‌یە

ئەو چاوێ بەرەکی لەسەر چاوی کاکە لاسی ڕاگرتی‌یە
ئەو هەناسەی لەسەر هەناسەی کاکە لاسی دادەنا بەبێ دەنگی‌یە
هەردوو دریان دەستی بە کوتە کوتێ کردی‌یە
نە ئاگایان لە کەڕکانی مایە نە لە مەلا نەبی‌یە
نە ئەو دەزانی خەزارە ، نە ئەویش دەیزانی لاسی ئەحمەد بەگی‌یە
وەکی چنورو لاولاوە خۆیان تێك ئاڕاندی‌یە
ئەو دەستی دەکردە سەرینە ، ئەویش دەستی خۆی دەکردەوە پەرژینە
ئەو چاوی خۆی دەکردە دووربینە ، ئەویش دەیکـــردەوە فەنەرو فەنـــەر
زەمینە
تاریکە شەوە ، ئەنگوست لە چاوی ڕابکەی کەس لەکەس دیار نی‌یە
کەڕکانی سەگباب ئەو مشتو مڕەی هێشتا خەوی لێ نەکەوتی‌یە
دەیگۆ :ـ بەخێر بێی سەر چاوی خەزاری کیژێ مەلا نەبی‌یە
ناوت بە ڕاستی چی‌یە ؟
دەیگۆ :ـ ناوم لاسە ، کوڕی ئەحمەد بەگی شارەزووری‌یە
داکیشم خەجیجەخانە ، لە قەراجێ بابم لەبۆ خۆی حەزی لێ‌کردو مارەی
کردی‌یە
ئەتو لەکەرەمی بگرە شەرتو پەیمانەکی یەکجاری‌یە
هەتا بیستو یەك ڕۆژی دی‌یە ، ئەگەر نێمەوە دووت نەبەم یان بەخۆم
بەتاقە سواری‌یە
یان بەچار سەت سواری (هەلالی بنی هەلالی)یە
دیارە لاس پیاو نی‌یە ، موی پیاوانی لە ڕدێنی نەهاتی‌یە
شریقەی ماچان کەڕکانە کەچەری شێت کردی‌یە
غرمو هۆڕی بازنان ، کارەکەری خەو لێ زڕاندی‌یە
بەران تاریکە شەوە ، بای کوێستانانی دێ ، لەبەر حەبە حەبێ سەیان ،
لەبەر قاڕە قاڕێ مەڕی کەس ئاگای لەکەس نی‌یە
هەنگینێ لاس دەیگۆ :ـ دیارە خوا مرازو مەخسودی منی حاسر کردی‌یە

لەگەر چاوێ خەزارە شۆڕێ کیژێ مەلا نەبی‌یە
بەران چ لێ بکەین ، لە فەسادو لە نەمیمو دوژمنان ئەو خەبەرە کێ،هەیە
بیگەینیتەوە کاکە وەیسی‌یە
هەنگینی لاسە ، لاسی ئەحمەد بەگی شارەزووری‌یە
هەتا پێشی بەیانی ، خەو لە هەردوو چاوی نەکەوتی‌یە
سەتو بیستو چار ماچی لە گەردەنو سینگو مەمکو ڕومەتی خەزاری
کردی‌یە
خینی تێدا نەهێشتی‌یە ، هەردوو لێوی گەلەك مژتی‌یە ، (میسالی) ئاوێ
کەوسەری‌یە
ئەو ئەنگوستیلەی لە دەستی لاسی دابو ، لە پەنجەی خەزارێی کردی‌یە
هەتاوەگینێ وەعدو سعاتی خەزارێی کاکە لاس لەبیر نەچی ، لە
مەملەکەتی شارەزووری‌یە
ئەو کەڕکانە کەچەری سەگباب ، گوێی خۆی ڕاگرتی‌یە
دەیگۆ :ـ سبەینێ ، پێشی ڕۆژێ ، دەبی ئەو خەبەرەی بگەینمە کاکە
وەیسی‌یە
مەلا نەبیش خەوی لێ کەوتی‌یە
کاکە لاسو خەزاریش بە ماچو بە دەست لەملانێ پێکەوە دەبوون خەنی‌یە
هەتا پێشی بەیانی‌یە . دەیگۆ :ـ کاکە لاس ئەو ڕوحەم ببی بەقوربانی‌یە
خەو لە چاوت نەکەوی ، نەکو شوانو شوانەوێرەو کارەکەر تێمان بگەن،
لە بەینی منو تو بەتەمامەتی‌یە
ئابڕوم دەچی لەناو عێلیـــە ، وەیسی دەمکـــوژی بە ڕمێ هەژدەگـــەی
گورگانی‌یە
هەنگینێ کاکە لاس وەکی بەیانی دەدا خـەوی لـــە خۆی نەئێخستی‌یـــە
هەردەستا دانیشتی‌یە
خۆی خر دەکردەوە هەتا پێشی ڕۆژ هەراتێ هەربێ هەتا کەس تێ‌نەگـا ،

لە بەینی وی‌و خەزالێ چیان کردی‌یە
وەکی کاکە لاسە ، لاسی ئەحمەد بەگی شارەزووری‌یە
ئەدیوەخانێ مەلا ئەبی بەرێکەتی‌یە
دەهاتەوە گۆرێ‌توان ، کانییێ‌سۆراوان لەگــەر مامە دەرویشی یەکـدیان دیتی‌یە
بەپشتێ کوچەکەرێ ، ڕوویان دەکردەوە مەملەکەتێ شارەزووری‌یە
سبیانێ خەزاری چاو بەرەك ، گەلە مەستە ، لە خـەوێ هەرنەســتابوو بەتەمامی‌یە
کەرکانە کەچەری ماروێرانیش مەری تە هـــەوێزێ ڕانـــەدابوو ، هــەر نەنوستی‌یە
دەیگوتە کارەکەران :ــ ئەگەر نانی گەرمم نەدەنێ ، چیدیکە لـەکن مارێ مەلا نەبی ناکەم شوانی‌یە
ئەو خەبەرەیان دەدا خاتوو خەزارێ . خاتوون خەزاریش گەلە مەســتە ، خەوی لێ‌کەوتی‌یە ، پێشی بەیانی‌یە
هەردوو چاوی دەتکۆ گۆمی خینی‌یە ، دەستی دەکەیانە گۆپاردکی کنێری بەتەمامی‌یە
دوو گۆپاری دەداوە لە پشتێ کەرکانی‌یە
کەرکانی ماروێران کراوو جەمەدانی لەبن هەنگری گرتی‌یە
ئاوری نە دەداوە هەتا گردێ سپی‌یە
ئەو هاوارەی دەکەیاندەوە وەیسی وسوکاسکی‌یە
(یەعنی) دەستێیرانی خەزارێ کیژی مەلا نەبی‌یە
دەیکۆ :ــ وەیسیاغام ساغ‌بی لە دنیایێ باقی‌یە
ئەوشۆ هەتیمەکی شارەزووری،لەبەر خەزارێ دەستی بەکەمەو سوحبەتێ‌و سەیرانێ کردی‌یە
یان ناوی ئاسە ، یان ناوی لاسە ، کوری ئەحمەد بەگی شارەزووری‌یە

وەعدەی پێدایە ، پاشی بیستو یەك ڕۆژیدیکـە ، بیبا لـەبۆ خـۆی
بەحەراری‌یە
ئەوشۆ لەبەر شرق‌و هۆڕی ماچ‌و مۆچان‌و غرمەی بازن‌و حەڵتێ کــران ،
مەعلومە کەڕکانی مارۆیران خەوی لە هەردوو چاوی نەکەوتی‌یە
وەکی وەیسی ئەو قسەی لە کەڕکانی زانی‌یە
دەیگۆ :ـ ئەگەر ڕاستبێ خەراتت دەکەم لە بەرگی‌یە
ئەگەر درۆبێ دەرت دەکەمە دەرێ بەشەقان لەناو عێلی‌یە
گازی چرکن چاو ڕەشی خاری کردی‌یە
عەلی‌و چاوشوشەش لەکنی دادەنیشتن بە تەمامی‌و بە خزمەتکاری‌یە
هەر چاریان سواردەبوون بەوێ سبیانێ زووە چێشتەنگاوێ میری‌یە
وەیسیاغەو چرکن چاوڕەش‌و عەلی چاو شوشە لەدوووان ڕۆیشتی‌یە
دووان ئاغەنە ، دووان خورامن ، ڕوویان دەکردەوە عێلی مەلا نەبی‌یە
ئەوە مەعلومە مەلا نەبی لە مارێ نی‌یە
ئەوێ ڕۆژێ لەجیاتی کەڕکانی حەمەدی کوڕی مەلا نەبی لەبەر مەڕی‌یە
مەلا نەبی ساحێبی نۆ شواقە ، نۆ مێگەل مەڕی دەگەڕێنەوە لە گۆڕێتوان،
کانیێ‌سۆراوان بەملکایەتی‌یە
مەلا نەبی سواری وراغەکی بوو ، دەگەڕا لەناو عوربانێ ، لە شوانەکــی
دی‌یــە
خەزار وەکی چاوی دەدایێ ، ئەو چار سوارە ، ڕوویان لە قەرە ڕەشــمارێ
کردی‌یــە
دەریدەهینا سەرەنازی دەستکردی خۆیتــی ، ڕایدەیەخست لــە سەری
دیوانێ ، دەستی دەگەیاندە گێسکەکی دارگەزی دیوەخانی پێ‌ماشتی‌یـەو
بە گوراوێی ڕشاندی‌یە
بەخۆی‌و بەکارەکەران دەچوون ، جــەرەوی ئەســپی وەیسی‌و چرکــن

چاوڕەش و چاو شوشەو عەلیان گرتی‌یە
هەر چاریان دادەبەزین ، لە دیوەخانێ مەلا نەبی‌یە

برام ، چرکن چاوڕەش ، لە وەیسی گەورەتر بوو ، چونکی خاری بوو ،
دەیگۆتە خەزاری :ـ ئەدی بابت دیار نی‌یە

دەیگۆ :ـ ئەوشۆ کەرکانی ماروێران ، خۆی لەمە عاجز کردی‌یە

لەسەر نانی گەرم ، دەیگۆ : نانی گەرمم دەوێ ، نەکو ناچمەوە بەر
مەڕی‌یە

بابیشم چووە بگەڕێ ، لەناو هەواران ، شوانەکیدی بگری ، لە جێی
کەرکانی‌یە

یاخوا بەخێر بێن ، لەسەر چاوێ خەزارە شۆڕێ مەلا نەبی‌یە
چرکن دەیگۆتە وەیسی‌یە ، دەیگۆ :ـ خوارزا قسەی تو ڕاست نی‌یە
ئەتو کەرکانی سەگباب دەرکە دەرێ لەناو عێلی‌یە
دیارە خەزار ئەتوی خۆش دەوێ ، ڕوحی لەبۆ تو نمایە ، لە عەشقی تو ،
خەزار شەوو ڕۆژ خەوی نی‌یە

نەیدەزانی لەبەر ناشیرنی خەزار چەندی ڕك لە وەیسی‌یە
نیوڕانێ دەمانەوە لە مارێ مەلا نەبی‌یە ، دەیان کردەوە قاوەلتی‌یە
مەلا نەبی پێشی نیوڕانێ دەهاتەوە ، بەخێرهاتنی ئەهەر چاریان کردی‌یە
دەیانگۆ :ـ مامە مەلا نەبی داودی ، بەس نی‌یە
ئەوسار حەفت سارە خەزارت بەو حارەی ڕاگرتی‌یە
دەیگۆ :ـ ئەو بوارەشم لەسەر ڕاوەستن کابانم نی‌یە
دەیانگۆ :ـ چ بواری دیکەت لەسەر ڕاناوەستین ، مەعلومە ئیشەکەمان
گەلە بەدرەنگی‌یە
خەزارێ چەمبەری‌یە ، دەستەکی دەکەوتە ئەودیوی ، یەکسی دەکەوتە
ئەو دیوی‌یە

دەستەکی دەکەتە پاش ، یەك لەپێش ، نەیدەزانی چ قسان لۆ خۆی بسوێ

بەویێ هەنجەتی‌یە

خەفەتی کاکە لاسیش لەوێ بمینێ ، بیستو یەك ڕۆژ وەعــدەی لەگــەر

گرتی‌یە

ئەوڕۆکە ڕۆژەك ڕۆیشتی‌یە ، بیست مایە بەتەمامی‌یە

براینە ، برادەرینە ، ئەوان مێوانانی بەو حارەی (ئیقناع) کردی‌یە

دەیگۆ :ــ خۆ کیژێ مەلا نەبی ، کیژە گاوانو شوان نی‌یە

کیژێ مەلا نەبی ، نۆ هێستری دەوێ ، باربکەن لە بارگــاو بارخــانەی

بوکایەتی‌یە

بەران شەش کەسان بنێرن لەبۆ دوسرو ڕەواندزو سابڵاغێ لەبۆ خەزاری

دروست بکەن چەکێ بوکی‌یە

خەزار ئەو تەگبیرەی لە دری خۆی کردی‌یە

دەیگۆ :ــ مانگەکی دەبا سەرانسەر بەتەواوەتی‌یە

هەنگێنیش سەدای کاکە لاسی دەبی ، یان ڕامەکێشی لەناو هەشت سەت

ماری خەیلانیو خێرەکی‌یە

یان ئەوەتانە وەیسی لەبۆ خۆم دەبا بەزۆرداری‌یە

وەیسی ئەو (جوابو سواب)و ئەو قسانەی خەزاری‌ی بە مەمنونی (قبول)

کردی‌یە

وەکی دەگەڕاوە ماری تێی دەکردەوە قەڵەمەکی لە مودەی کارەبای‌یە

تەرخەکی تونێی داویتە سەرێ ، لە تونتــــی شــــاورو مەرانو ئێنــــەی

بەتەمامەتی‌یە

دوکەری برند دەبۆوە ، دەڕۆیی لەبۆ بن گردێ سپی‌یە

کاغەزو قاسیدی لەبۆ عەشیرەتــــی سورچیــــانو هەرکیــــانو بۆریانو

خەیلانیانو مەموندانو بامەندانو برباسیو هەمووان ناردی‌یە

دەیگۆ :ــ دەبی بێنە سەر شایی‌یە

وەیسی چاردە شەوو ڕۆژان ، دەکوتی دۆڕو زوڕنایە
لەبۆ بەژنی خەزارە شۆڕێ کیژێ مەلا نەبی یە
سێ کەسی لەکنە خۆی هەنارد لەبۆ موسرو ڕەواندزو لــەبۆ سابراغێ ،
سێ کەسیش لەکن ماری مەلا نەبی یە
هەزار زێڕی سۆری لە کیسەی کردی یە
تەسلیمی ئەوان ئەختیارانو ژنانی کردی یە
دەیگۆ :ــ گەلەکی چەك بکڕن لەگەر بارگەی بوکی یە
خۆ مەعلومە لە بەژنی خەزارە شۆڕێ خەسار نی یە
وەکی خەزار خەبەری ناردی یە ، دەیگۆ :ــ ئۆ من بکەن بارگەو بارخانــەی
نۆ وراغی یە
هەنگینی دوو پیاوو ژنەکیان لەکن مەلا نەبی هەناردی یە
دوو پیاوو ژنەکیان لەکن مارێ وەیسی هەناردی یە
دەبونە شەش کەس ، ڕوویان لە موسرو ڕەواندزو سابراغێ کردی یە
گەلە بەتالوکە بوون ، وەیسیاغا پێیانی گۆتی یە
بە جوملەی نۆ ڕۆژان ، هەموویان تەواو کردی یە
شایی‌و سەیران دەگەڕێ لەناو عێلی یە
چاردە شەوو چاردە ڕۆژان ، هەرپەڕینە ، شایی‌و سەیرانە کەس ئاگــای
لەکەس نی یە
بێینەوە سەر دەنگوباسی کاکە لاسی یە
وەکی لەگەر دەروێش عەلی هەرکی یە ، ڕوویان لە شارەزووری کردی یە
نۆ شەوو نۆ ڕۆژان ، کاکە لاسم لەناو جێی کەتی یە
ئاگای لەکەس نی یە ، پێی دەهاتە ئەستورایەتی یە
ئەو ڕومەتی سۆری گورگوری ، هەتاو هەمووی گــەستی یە ، هــەمووی
ڕەش کردی یە
شەوو ڕۆژ ، کاکە لاس حەکیمی دەهاتە سەرێ ، تیماری کردی یە

پاشی نۆ ڕۆژەی خوا (شیفا)ی لۆ دەنارد ، هەر چاك بوو نەمردی‌یە
ئەوەندە ماندی بوو ، مامە دەروێش ئەوەندە تەلانو هەرەتی پێ کردی‌یە
قەت چ جاری دیکە ، لاسی مارۆیران ، ئەو ڕێیانەی بـە چـاوی خـۆی
نەدیتی‌یە
پاشی نۆ ڕۆژی تەواو کردی‌یە ، ڕۆژی دەیەی کرۆزەی لە دری دەهـاتە
دەرێ بەتەمامەتی‌یە
گازی خورامو خزمەتکارو نۆکەری کردی‌یە
دەیگۆ :ـ لۆم لێدەن تەپری شادی‌یە
ڕاوەکی دادەبەخشم حەفت شەوو حەفت ڕۆژی‌یە
لۆ سەر قەشانو کوێستانو دەشـتی مەریوانێ ، دەشتی بەکـراوەی
بەتەمامەتی‌یە
دەبا کەسەرێ لە دڕێ خۆم بکەم ساڤی‌یە ، بە یەکجاری‌یە
ئاگای نە لە خەزارێیەو نە ماچو موچی بن قەرەڕەشماری‌یە
بەرانەکینێ کاکە وەیسیش ، شایی خۆی هێشتا تەواو نەکردی‌یە
چارشەمە بەربووکیان هەناردی‌یە ، هـەر تەشتەکیـان خەنە لـە ئاوێ
کردی‌یە
سبیانێ پێنج شەمە ، خەزارێ سوار بکەن ، لەبۆ کاکە وەیسی‌یە
خەزاری بابان وێران ، دەچووە پشت ڕەشماری تێر دەگریا ، بە هـەردوو
چاوی‌یە
دەیگۆ :ـ ئابروو ناموسی منی بردی‌یە ، ئەگەر لاس نەمگاتێ ئیشم گەلـە
شڕەو کارم لە کاری ترازاندی‌یە
ئەوێ شەوێ چارشەمم بوو ، هەتا سبەینێ خەوی لێ نەکەتی‌یە
ڕۆژی چارشەمێ ، چ (جوابو سوابی) لاسی نی‌یە
بەران ئێواری پێنج شەم بوو ، نوێژی مەغریبێ دەکرا ، عالـەم لەسـەر

نان خواردنێ مەشغورە ، کەس ئاگای لە کەس نییە
خاتوو خەزارم دەستی دەگەیاندە بوخچەی لە جلکییە
لەپشتێ خۆی قەیم کردییە ، هەردەهات بە دزییە
ڕێی قەراتی هەدیرێی بە بەر چاوی خۆی گرتییە
بەسێ سعاتان خاتوونە خەزارم خۆی دەگەیاندە قەراتێ خانزادی خوشکی سولەیمان بەگییە
لەتو مەعلومە ئەوا بەربووك لە مارێ دانیشتییە ، تەشتەکی خەنە لە ئاوێ کردییە
سبیانێ خەزارێ چاوبەرەك سوار بکەن بەبوکەیە
بیبەن لەبۆ کاکە وەیسییە
بەران سعاتەکی چاویان دەگێرا ، خاتوونە خەزار دیار نییە
پرسیاریان لە هەموو گەورە ماران کردییە ، کەس دەیگۆ :
نەمان دیتییە
بەران کابرایەك ، بابە ئەویش خزمەکی گوندییە ، دوو مەڕی بزر کردییە ، تاریکی بەسەر داهاتییە
لە گۆڕێتوان ، لە کانییێسۆراوان ، دوور بە دووری چاوی بە ڕەشاتیەکی کەتییە
وەکی دەهاتەوە مارێ ، دەچووە دیوەخانی مەلا نەبییە
زەینی دەدایێ مەلا نەبی خزمو ئامۆزاو کەسو کاری خۆی لە دیوەخانێ ڕێز کردییە
تەگبیرو مشاوەرەی بەوان کردییە
دەیگۆ :ـ لەنگۆ مەعلومە خەزارێ کیژم ڕۆیشتییە
دەرێن حەزی لە هەتیمەکی شارەزووری کردییە
دیارە قسەی کەڕکانی سەگباب ڕاستەو درۆی تێدا نییە

ئەمن ئەورۆ سبیانێ یان ئەوشۆکە چ جوابی خۆم بدەمەوە لەبۆ وەیسی‌یە
کابرای دوو مەڕی بزر کرد بوو ، دەیگۆ :ــ ئـــەمن چـــاوم دەکـــەت
بەڕەشاتیەکی ، ڕێی هەریرو هەریر بەگیانی گرتی‌یە
مەعلومە دەخاڵەتی خۆی کردی‌یە ، بەخانزادێ خوشکی سولێمان بەگی‌یە
ئەمیرو ئەمـــامو دووزمان گـــەلە زۆرن ، بەو شـــەوی سواردەبوونەوە
بەدزی‌یە
خۆیان دەگەیاندە کاکە وەیسی‌یە ، کاکـــە وەیســـی لەسەر بەردەکـــی
دانیشتی‌یـــە
قامکی قەلنەی مۆدمی کارەبایی ، بە دەوی گرتی‌یە
لە توتنی مەرانو ئینەو شاوری قەلنەکی تێ کردی‌یە
لەسەری دادەنا پۆیلەکی لە دار بەڕوی‌یـــە
ئەو خەبەرەی دەدا کاکە وەیسی‌یە ، ڕەشبەرەك دەگەڕا لە چـار قۆزان ،
هەرپەڕینە ، کەس ئاگای لەکەس نی‌یە
دەیگۆتە وەیسی‌یە ئەو قاسیدەی لەکن ماری مەلا نەبی ڕۆیشتی‌یە
دەیگۆ :ــ خانەی بابێ توم خرابو خرابی‌یە
ئەوە سێ سعاتە خەزارە شۆڕی تو دیار نی‌یەو هەراتی‌یە
دەڕێن حەزی لە هەتیمەکی شارەزووری کردی‌یە
ئەوجا گەلە چاك دەزانم ، ئەو شاییو لۆغـــانەی تێك بدەی ، لۆ تۆ زۆر
عەیبەو بەرەواژی‌یە
هەنگین کاکە وەیسی‌یە ، گازی چرکن چاو ڕەشی کردی‌یە
دەیگۆ :ــ برێ بووك نەخۆشە ، ئەو بووکەی نایبنین هەتا جومعەکی دی‌یە
وەیسی غەزەبی گرتیە ، هەردوو لێوی خۆی کرۆشتی‌یە ، خین کوفارەی لـە
لێوی گردی‌یە
ئەو ڕمی هەژدەگەیی گورگانی دەچەقاند ، نیوەی دەڕۆیشتە ناو عەردی‌یە

ئەو خەنجەری نێرۆیی هەڵدەکێشا ، دەیگۆ :ـ دەبی سەری کاکە لاسی پێببڕم وەکی کاری‌یە ، لەگەر سەری مەلا نەبی‌یە

★ گەلی براینە ، گەلی برادەرینە ، گەلی خزمینە ، شاییو لۆغانیان تێـــك دەدا بە تەمامەتی‌یە

ئەوێ شەوێ قاسیدی وەیسی دەگەیشتە ڕەشمارێ مەلا نەبی‌یە

لە دیوەخانی مەلا نەبی بیستو چار خزمی دەورەی لێدابوو ، بەجـێیان نەهێشتی‌یە

تەگبیرو ڕایان ئەوەبوو ئەگەر هەتا سێ ڕۆژی دیکـــە خەزارێ نەیننەوە مارێ یەکجاری‌یە

مەعلومە وەیسی لەگەرەمە بەشەڕ دێو دەکاتن بەر بەرەکانی‌یە

وەکی قاسید دەهات ، دەیگۆتە مەلا نەبی‌یە وەیسیاغا ئەمنی هەناردی‌یە

دەیگۆ :ـ ئەگەر هەتا سێ ڕۆژی دیکە ، خەزارم لۆ نەینی سەری دەبـڕم وەکی کاری‌یە

خینی دەگەمە هەوێنێ سەر عەردی‌یە

[illegible]

لەوی تاڕوا دوسناوە ، لە من بڕوا هەلگیفە ، بەرخی تێر مەعلـــومە لە بـێ سەربڕینە

ئەوجا براینە :ـ برادەرینە ! جوابی وەیسی دەداوە مەلا نەبی‌یە

قاسید ئەوهای بە کاکە وەیسی گۆتی‌یە ، سێ ڕۆژی سەبر لێ گرتی‌یە

هەنگینی سێ ڕۆژ تەواو بوو ، مەلا نەبی دوو پیاوی لەگەر خۆی هەرگرتی‌یە

دەڕۆیشتن بە سواری‌یە ، ڕوویان لە قەراتو قەســـری خانزادەخـــانێ کردی‌یـــە

ئەوێ شەوێ گەلە دەرەنگ بوو ، خەزار دەخالەتی بەخاتوونە خانـــزادێ کردی‌یە

وەکی بابە ! پیاوی خانزادی ، خەزاریان دەبردەوە خزمەت خانزادی‌یە
دەیگۆ : ڕەبی ڕووت ڕەش‌بی ، وەکی تەنی‌یە
ئەو قەباعەتەت کیژێ لەبۆ چ کردی‌یە
دەیگۆ : خانزادێ هەدیرو هەدیر بەگی‌یـــە
ئەتو ئەگەر لاسی ببینی بە تەواوەتی‌یە
ئەو ڕوحەی خۆتی بە قوربان دەکەی بە یەکجاری‌یە
دەیگۆ :ــ ڕەبی ڕووت ڕەش‌بی کیژم وەکی نەنی‌یە
خۆ لاس‌و هەزاری وەکی لاسی لەکنە من قیمەتی نی‌یە
نەیدەزانی لاس سوارەکی کەلە ڕەندو قوزە لە دونیایێ (ئەمسالی) نی‌یە
دوو شەوان دەماوە ، خەزارە شۆڕی مەلا نەبی‌یە
لە خزمەت خانزادێ هەدیر بەگی‌یـــە
ڕۆژی سێیەی بوو ، خەزار دری کەلە عێبز بوو ، لە قەراتـــی دەهاتـــە
خوارێ ، دەڕۆیشتەوە سەر کانی‌یـــە
نەیدەزانی مەلا نەبی‌و دوو سوار دێن ، میوان دەبن لە خانزادێ هـــەدیر
بەگی‌یـــە
پێش ئەوان بێن ، خەزارە شۆر دەهاتە خوارێ ، بەرگەکی ڕەشی لـــەبـــەر
کردی‌یـــە
دەهاتە خوارێ ، ڕووێ خۆی دەداوە ئاوێنێ خانزادی‌یە
وەکی چاوی خۆی دەگێڕا ، ئەوە ئەقێیـــە دەورێ دەکـــاتەوە لە دەورێ
کتێبی‌یـــە
دەیگۆ :ــ فەقێ دەســـتێ منت دامان‌بی کاغەزەکی کـــەلە جوانم لەبـــۆ
بنووسە ، لەبۆ خۆشەویستی دری خۆم ، کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە
دەیگۆ :ــ دەتدەمێ چەند زێڕو مەجیدی‌یـــە
فەقێ دەیگۆتە خەزارێ مەلا نەبی‌یـــە :ــ
چت لۆ بنوسم بەتەواوەتی‌یە

دەیگۆ :ــ بنوسە سەلام لە کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە
بیستو یەك ڕۆژت وەعدە دابوو ، بیستو یەك ڕۆژەش ڕۆیشتی‌یە
ئەوە سەرێ سێ ڕۆژانە ، خەزارە جوانی تو ، لەکن خانزادی بە کارەکەری
کەتی‌یە
دیارە کەزە ناپیاوی ، مووی پیاوان لە ڕدێنی تو نەهاتی‌یە
ئەگەر نێیەوە دووم ، نەمبەی تۆ تو دەبیتە نامەردی‌یە
تابڕوم دەچی ئەناو هەر چار عێلی مەموندی‌و خەیلانی‌و سورچی‌و بارەکی‌یە
یان دەبمەوە کارەکەری خانزادێ ، یان دەبمەوە گێرکەرێ وەیسی‌یە
یان ڕەندێ ڕامدەکێشی ئەسەر عاردی بە حوکمی دوازدە کەزی‌یە
یان مەلا نەبی بابم دەکوژی نە جیاتی لاسی‌یـــە
بەران دیارە مووی پیاوانت نێ نەهاتی‌یـــە
لۆیێ ئەمنت لەبیر کردی‌یە ، تاجی زێڕت لە سەرینایە ،
لە دیوەخانێ ناکات لە کچەتیمە خەزاری بابان‌کۆر نی‌یە
کاکە لاسە ! توخوا ئەمن عینجزمەبە ، نێت دەکەم گلەیی‌یە
بەران بدە فاسیدی ، هەرچی نەو کاغەزەی تۆ هینای ، مابنەکی بەجوانی
لە نەتەوەی شێی غەزالی‌یە
هەڵپیچی فەقێ کاغەزی تۆ تەواو کردی‌یـــە
دەیدا دەستێ خەزاری مەلا نەبی‌یـــە
فەقێ لە ترسان ڕۆیشتی‌یـــە
وەکی خەزاری بابان‌کۆر لەسەر وێ کانیێ هەرووەستەی کردی‌یە ، بـەهەر
چار کناری دانۆڕی‌یە
وەکی چاوی برندەکرد ، کابرایـــەك وادێ ، ئەختیارە دەرێی کـــراوی
بابردی‌یە
سەلامەکی لێ‌کردی‌یە ، جوابی سەلامی وەرگرتی‌یە

دەیگۆ :ـ مامە بەخێر بێی ، نازانم ناوی موبارەکت چییە ؟ !
دەیگۆ :ـ ناوی من کەریمە ، کەریمێ سورچییە
ئەورۆ دوو ڕۆژە دوو بارگینم هەیە لەبن جۆتییە
یەکیان مایە ، ئەوی دیکەم بزر کردییـــە
دەیگۆ :ـ وازینە بارگینێ بن جۆتییە
ئەو کاغەزەت دەدەمێ ، بیکەیە دەشتی شارەزووریە
دیوەخانی لاسی ئەحمەد بەگییـــە
قەرار وایە ئەگەر ئەو کـــاغەزەی بدەیێ ، خەراتت دەکـــا دەیداتێ
مایەکی لەنەتەوەی شێی غەزالی بەجوانییە
وەکی کەریمی سورچییە ، ئەو خەبەرەی لە خاتوونە خەزارێ بیستییـە
وەی‌دەگۆتە :ـ هەزار جاران واز دەینم لەوێ بارگینییە
دەبا مەعتەڵبی جۆتی کەریمی سورچییە
دەتگۆ کراوی بابردییە ، کاغەزی لە لچکە چەمەدانی قایم کردییـــە
بەسەری کۆتییە بەپێی پێخواسییە ، هەریرو هەریر بەگیانی بەجـــێ
هێشتییە ، ڕووی لە دەشتی شارەزووری کردییە
با بێینەوە سەرو کاری وەیسییـــە
وەکی خەزار دەگەڕاوە لەسەر کانییە ، دەچووە خزمەت خانزادییە
وەکی تەماشای دەکرد ، مەلا نەبی لەگـــەر دوو سواران لەکن خـــانزادی
دانیشتییە
مەلا نەبی قورئانی لەبۆ خانزادو خەزاری خواردییە
دەیگۆ :ـ خەزاری نادەمە وەیسییـــە
ئیللا لەگەری بەشەڕ دێم ، دەیکەمە بەر بەرەکانییە
خەزاری نادەمێ ، خانزاد مەعلومە بەخۆشییە
دەوجا مەلا نەبی ، خەزاری سواری پشتە خۆی کردییە
دەیبردەوە ناو عێلو عوربانێ خۆی بە تەمامەتییە

بەران براینە ! لەنگۆ مەعلومە خەزاریش قەدرو قیمەتی جارانی نی‌یە
ئەوجا هەنگینێ مەلا نەبی ، شەڕی لــەو بەرو لـەو بــەری کــەندێ دامەزراندی‌یــە
ئەوێ ڕۆژێ شەڕ بەشیرانو خەنجەرانو تیرو کەوانی‌یە
چناقیان نەیان دەتوانی بێنە ناو ئاقاری چناقیان بەتەمامەتی‌یە
ئەو دوو بەرەبابە دەمانەوە ، دەستیان دەکرد بەشەڕێ ، شەڕ گــــەرمم دەبوو هەتاوەکینێ چەند ڕۆژەکی دی‌یە
هەتا قاسیدی ماروێران کــەریمێ سورچی ، دەگــەیشــتەوە دەشتی شارەزووێ ، کەلە تێنیە ، کەلە برسی‌یە ، کەلە ماندی‌یە
ڕووی لە دیوەخانێ لاسی کردی‌یــە
وەکی زەینی خۆی دەدایێ سێ چار پیرەمێردو تەختیاری لێ دانیشتی‌یە
سەلامەکی سەر سەلامانی لێیان کردی‌یــە
دەیانگۆ :ــ دیارە تۆ ئەو مەملەکەتەی نی ، ئەسلت گەرمێنی نی‌یە
دەیگۆ :ــ خەرکێ ئەو مەملەکەتەی نیمە ، بەران ناوم کەریمێ سورچی‌یە قاسیدم ، قاسیدێ خەزارێ کیژی مەلا نەبی‌یە
بەران بابە ! بەجواب دەهات سەعیدی قاوەچی‌یە
چەند سارە قاوەچی‌یە ، لەکن کاکە لاسی‌یە
دەیگۆ :ــ کاکە لاسم ئەوڕۆ قەولــە نوێژی عەسرێ بگــەڕێتەوە لــە ڕاووشکارێ بەیەکجاری‌یە
ئەلحان نیوڕۆنە ، مێوانبە لە دیوەخانێ ، مەڕۆ دوو کاکە لاسی‌یە
دەیگۆ :ــ ئیشم گەلە بەدرەنگی‌یە ، ئەتو پیشانم بدە ڕێی ڕاووشــکارێ کاکە لاسی‌یە
وەکی کەریمێ سورچی‌یە ، دیوەخانی لاسی بەجێ هێشتی‌یە
قسەی سەعیدی قاوەچی نەسەلماندی‌یە
بەسەر دەکەت لە بەکراوەو لە دۆرێ قەشــــانێ ، زەینی خـــۆی دەدایێ

نوێژی نیوەڕانی‌یە
ڕاووشکارە ، ڕاویان بەتار کردی‌یە
هەندەك لە نوێژی‌یە ، هەندەك لەنان خواردنی‌یە ، هەندەك خەوی
لێ‌کەتی‌یە
وەکی زەینی خۆی دەدایێ ، ئەو خیوەتی ڕەنگاوڕەنگ ، عەگیدەکی
لەپێش ڕاوەستی‌یە
بەژنی گەلە درێژە ، دەرێی دارێ ئەسپینداری‌یە
ڕووی لەو عەگیدەی کردی‌یە ، دەیزانی ئەو خیوەتە ڕەنگاوڕەنگە خیوەتی
لاسی‌یە
سەلامەکی لەو عەگیدەی کردی‌یە ، جوابی لێ‌وەرگرتی‌یە
دەیگۆ :ـ ئیشم بە کاکە لاسی هەیە ئیشم گەلە بەدرەنگی‌یە
دەیگۆ :ـ کاکە لاس تازە خەوی لێ‌کەتی‌یە ، پیستەیێ شێریان لۆ
ڕایەخستی‌یە
بە پەڕی تاوسێ باوەشینەی دەکەن لە پەرچەمی سۆری‌و سمێری
سوسنی‌یە
گەلە ماندی‌یە ، گەلە شەقی‌یە ، تازە خەوی لێ‌کەتی‌یە
ئەمەی (تەبلیغ) کردی‌یە ، کەس ناوێری گازی بکا ، هەریبستێدی لە
خەوی ، بەسەلامەتی‌یە
کەریمێ سورچی‌یە ، دەیگۆتە عەگیدێ لاسی‌یە
دەیگۆ :ـ ڕێی من بکە ئیشم گەلە بەدرەنگی‌یە
کاغەزم لۆ هینایە ، کاغەزەی خەزاری‌یە کیژێ مەلا نەبی‌یە
کاکە لاس ڕاپەڕی‌یە ، وەکی گێی لە دەنگی قاسیدێ ڕاگرتی‌یە ، جەرگ‌و
هەناوو ، دری لەرزی‌یە
دەیگۆتە عەگیدی :ـ ڕێی ئەو قاسیدەی بکە ، بزانم چی دەوێ لە
لاسی‌یە

وەکی دەهات سەلامەکی کردییە ، ئەو کاغەزەی دەکردەوە دەیدا دەستی
کاکە لاسییە
وەکی کاکە لاس ئەو کاغەزەی دەخیندەوە گەلە بە دەرەکی غەریبی نوسیتی،
ماشوقەکی خۆی خەزاڵێ مەلا نەبییە
ئەو کاغەزەم نوسییە ، لە هەویرو هەویر بەگییە
خەزاڵێ تو لەکن خانزادی کەتییە . بە تاوەکەزییە
دیارە مووی پیاوان لە لاسی نەهاتییە
لۆ تو گەلە بویتەوە بێ شەرتیو نامەردییە
قەولی بیستو یەك ڕۆژت لەکەر من گرتبو ، ئەویشت لەبیر کردییە
لەبەر ڕاوشکاری ، یان تاجی پاشاییت لەسەر نایە ، ئاگات لە خەزاڵێ
بابن‌گۆر نییە
بەران توخوا کاکە لاس ! ئەتو بدە ئەو قاسیدەی لە جیاتی مانەی بونی
ماینەکی لە نەوەی شێی غەزاڵی بەجرانییە
کاکە لاس دەیگۆ :ـ گەلی عەگیدینە گەلی ڕەشیدینە ئێنگۆ بدەنە ئەو
قاسیدەی ماینەکی لە نەوەی شێی غەزاڵی بەجرانییە
دەیگۆ :ـ خزمینە ! برإینە ! دۆستینە ! ڕاووشکار بەتاوە لۆمن زین
بکەن شێی غەزاڵی چار سارییە
دەبا بچمە سەر پشتی ، بکەومە ناو مانەی زینییە
برانم ڕاو تەگبیری داکی گەورەم لەبۆ لاسی چییە
هەنگینی ڕاووشکاری بەتار کردییە ، لەنەی شێی غەزاڵی ترسانەییە
برإینە ! شۆڕی دەکرد لغاوی مرواریییە
پشتی لە دەشتی قەشانو بەکراوەی کردییە
ڕووی لە قەراغێ شارەزووری کردییە
لەوەنەی شێی غەزال تەنگاو کردییە
کەس کاکە لاسی لەبەر تۆزو غوبارێ لەناو خانێ زینی نەدیتییە

لەوێ دەمێ ، خەجیجخان دەهاتە سەربانی‌یە
دووربینەکی دەدا بەرچاوی‌یە
دەیگۆ :ـ خوایە هاوارە ، سوڵتان عەبدوڵای عارەبی‌یە ، حوسێنی غازی‌یە
چ جاران لە شەڕانو لە ڕاوێ کاکە لاسم شێی غەزالی ئەوەندە ماندی
نەکردی‌یە
ئەمن مەعلومە دەزانم کاغەزی کچەتیمە خەزاڕێی لە ووڕاتێ هەریر
بەتیان لەبۆ هاتی‌یە
دەبی ڕۆژەکەی داکت نەچی‌یە دوو ئەوێ کاغەزی‌یە
مەعلومە دەتکوژن مارێ وسوو کاسکی‌یە
کاکە لاسم دەگەیشتەوە بن قەڵاتێ شارەزووری‌یە
هەستێنی خەجیجخانێ دەکی دەهاتەوە خوارێ لەسەر بانی‌یە
بە خوراهاێ بەرەوی شێی غەزالیان گرتی‌یە
دەکی دەستی داوێتە سەر ملی‌یە
هەردوو ڕومەتی گورگوری کاکە لاسی ماچ کردی‌یە
دەیگۆ :ـ ڕۆژەکەی گرانم ! لاسی ئەحمەد بەگی‌یە
ئەمن نازانم چت لێقەوماوە ، شێی غەزالت ئەوەندە ماندی کردی‌یە
دیسان کاغەزی کچەتیمە خەزارێت لۆ هاتی‌یە ، لە مەملەکەتێ هەریر
بەگی‌یە
گەلە حەیفو مخابنە دەچیە دوو کیژۆرەکی خێرەگی‌یە
ئەمن لەبۆ تۆ شاییەکێ دادەبەستم ، لەوسەری بتەرێ هەتا ئەو سەری‌یە
سەت کیژت لۆ دەهینمە ناوێ ، لە وجاغێ جـافانو برباسو مەنگوڕ
مامەشی‌یە
هەر کیژەکی دەستی لەسەر دابنێی شەرتو قەرار وابی خەجیجخان
لۆت بینی سەر بەسەر بەزێڕی‌یە
شایی‌یەکی لۆ دادەبەستا (قایدە)ی نی‌یە

ئەوێ ڕۆژێ دەیخافراند بەشاییەوە ، سبەینێ کەللەی جۆشی بەستییە ،
زەینی دەکرد شێی غەزالییە

ڕکێبی حەوێزییە ، شیرێ شامسرییە

ڕمێ نسێرییە ، زرێی داودییە ، خەنجەری نێرۆینییە

تەنەوچکی سپی مسقال بەگییە ، سوخمەی زەردی تەبریزییە

هەگبەکی مەجیدیو زێڕ لەکەر خۆی د گرتبو نەبۆ ڕۆژێ موحتاجییە

دەیگۆتە داکی :ـ کەلەکت داینە من شیرێ سپییە

گەردەنی منیش ئازاکە تەو شیرەی داینە من شیرێ سپییە

دەیگۆ :ـ ڕۆرە گەردەنت ئازا ناکەم بونکێ بەگوێی من ناکەی دەڕۆی
بەملی هوزییە

ئەگەر بچیە مالەکەتی هەریرو هەریر بەگییە ، بچیە ناو قەومێ وسوی
کاسکیـیـــــە

نایەوە جارەکی دیکە لۆ خەجیجخانێ بە سەلامەتییە

دەیگۆ : داکی گەورەو گرانم خەجیجەخانی عەرەبییە

ئەمن بەخۆم بچم بە تاقە سوارییـــە

یان لەگەرە خۆم ببەم چار سەت خورامو پێنج سەت نۆکەرو سێ سەت
سواری (هەلالی بنی هەلالی)یە

دەیگۆ :ـ ئەگەر بڕۆی لەگەر تەوەندە خورامو خزمەتکارو سوارو عەگیدێ
(هەلالی بنی هەلالی)یە

داخوا دەزین ئێس بە ئەحمەد بەگی نییە بیژییە

خەجیجەخان بەدزی دەبی فاری لە چ کەوانو شوانەکەی خواردبی
بەتەمامەتییە

ئەگەر هەر دەڕۆی بەقسەی خۆت دەکەی بەتەواوەتییە بڕۆ بەتاقـــــە
سوارییـــە

بەران کوڕی شیرنم ! گەلەکت ئاگادری خۆتبی نەتکوژن عەشیرەتـی

ماریٚ مەلا نەبیو وسووکاسکی‌یە
دەیگۆ :ـ داکی گەورەو گرانم خەجیجەخانی عەرەبی‌یە
گەردەنم ئازا بکە لە شیریٚ سپی‌یـــە
دەیگۆ :ـ ڕۆرە ڕەبی سەت جار گەردەنت ئازابی لەو شیرەی سپی‌یە
بەران توخوا گەلە مەترسیان دەکەم نییەوە بەسەلامەتی‌یە
ئەوجا هەنگینیٚ پیٚی دەنا ناو ڕکێبی حەوێزی‌یە ، دەکەوتە ناو خانـــەی
زینی‌یـــە
سیٚ قاوەی وەکی عەگیدان لەسەر خانیٚ زینی نۆش کردی‌یە
چاوی سەعیدی قاوەچی ماچ کردی‌یـــە
پشتی لە شارەزووریٚ کردی‌یە ، ڕووی دەداوە چۆلی‌یە
ئاوزەنگی لیٚدەداوە لە شینکەی شیٚی غەزالی‌یە
گەلە نیشی بەئالوکەیە ، گەلە بەدەرەنگی‌یە
بەهەشت سعاتان دەیدا بەر قەتران ، شیٚی غەزالی گەلە ماندی کردی‌یە
لە گۆیژەی تیٚپەڕی‌یە ، لە چیایەکەی کوڕکوڕی مەرگیٚ بەسەر کەتی‌یە
لە قەسرۆکو قەنتەران دەڕۆیی بەتیژی‌یـــە
لە لیسی خەرتەلان بەسەر کەتی‌یـــە
لە زورگی نارەشکێنی هەروەستەی کردی‌یە
لەبەر ئەوەی شیٚی غەزالی ناوی فڕیٚ دایە لە دەستی‌یە
دەیگۆ :ـ خوایە هاوارە ، سوڵتان عەولای عارەبی‌یە
شیٚ غەزالم لە چ ڕاووشکاران نەلەنگی‌و نەشەلی‌یە
ئەوجارە دیارە نیگبەت شانی کاکە لاسی گرتی‌یە
کە لیٚی دابەزی بە تووندی‌یە ، دەستی ڕاستەی بڕند کرد ناری فـــڕیٚ
دایە لیٚی کەتی‌یە
سواری دەبۆوە دەڕۆیی بەهێواشی‌یـــە
لە شوانەکی دەپرسی مەڕی دەلەوەڕاند لەبن چیایەکەی هەیبەسوڵتانی‌یە

دەیگۆ :ــ مامە شوان ماندی نەبی ، دەیگۆ :ــ بەخێر بێی سەر چـــاوی شوانی‌یە

دەیگۆ :ــ چ شار لێرە نێزیکە ؟ دەیگۆ :ــ شاری کۆیە بەتەواوەتی‌یـــە

دەیگۆ :ــ چ ناربەندی لێ‌یە ؟ دەیگۆ :ــ ناربەندەکی گەلە چاکی لێ‌یـــە

ئەویش ناوی وەستا عەباسی سەردەشتی‌یە

جەرەوی شێ غەزالی شۆڕ کردی‌یە ، لە باواجی بەسەر کەتی‌یە

لە شاری کۆیە بەدەرکەتی‌یـــە

وەکی دەچۆوە ناو شاری کۆیە ، زەینی دەدایێ چەند سوار لەبەر دوکانی

وەستا عەباسی ڕاوەستاینە ، ئیشیان گەلە بەدەرەنگی‌یە

ئەوانیش هەموو وراغیان ناری لێ کەتی‌یـــە

وەکی کاکە لاس چاوی بە وەستا عەباسی کەتی‌یە

زانی پیاوەکی پارەوانەو بەلاش نی‌یە

ڕاوەستا هەتاوەکی دوو کەسی بەڕێ کردی‌یە

ئی سێ‌یەی دەچووە پێش ، دەیگۆ :ــ وەستا (دەخیلتبم) ئیشم گەلـــە

بەدەرەنگەو شێ غەزالم لۆ ناربکە بەبێ دەنگی‌یە

دەیگۆ :ــ دیارە زمانت ئی ئەو مەملەکەتەی نی‌یە

سەرو سورەتت ، سینەو سەدەفی تو ، مەعلومە ڕۆستەمی‌یە

دەیگۆ :ــ بەرێ ناوم لاسە ، کوڕی ئەحمەد بەگی شارەزووری‌یە

لە هەناوی خەجیجەخانی بە پاش کەتی‌یە

قاسیدم ، قاسیدی چاوی خەزارە شۆڕێ کیژی مەلا نەبی‌یە

ئەگەر نەیگەمێ یەخسیری دەکا وەیسی ڤسرکاسکی‌یە

ئەلحانیش لەکن خانزادەخانی بە کارەکەری کەتی‌یە

ئەوجا لۆیە ئیشم گەلە گەلە بەدەرەنگی‌یە

جۆتە نارەکم لۆ لێدە ، جۆتە نارەکی گەلە چاك بی بەبێ قەیدی‌یە

هەگبەکی نار لۆ دەینا دەرێ ، کاکە لاسی دەستی دەگەیاندە هەر نارەکـــی

دوو پارچەی کردی‌یە

فرێی دەدا دەیگۆ :ــ ئەو تەنکە کەلکی نی‌یە

هەتا چل جۆتە ناری لە وەستا عەباسی خەسار کردی‌یە

هەنگینێ جۆتە نارەکی لۆ دەهینا دەرێ ، دەیگۆ :ــ بەخوای ئەوە پۆرایە،

گەلە مەحکەمە ، لۆ کەسم لێ نەدایە هەتا ئەورۆکە بەتەواوەتی‌یە

دەیگۆ :ــ بەخوای زۆر باش نی‌یە ، ئەمان لێیدە ئیشم گەلێ بەدەرەتی‌یە

ئەو جۆتە نارەی دەداوە لە دەستێ شێی غەزالی‌یە

دایدەکوتاوە بە بزمارێ لە دیوی‌یــە

ئەویش ئەیدەکردە نامەردی‌یە . ئەو هەگبە مەجیدیەی لەپێش وەســـتا

عەباسی ڕوو کردی‌یــە

وەستا عەباسیش دەستی دەگــەیاندە هـــەر مەجیدیەکـــی نوێ‌و مۆرو

زنجیرەی بردی‌یە

دەیگۆ :ــ کاکە لاس لەتو مەعلومە ئەو ڕواە سۆرکە لـــە ناری کۆیـــێ

ڕەواجی نی‌یــە

هەتاوەکینێ سەت مەجیدی لێ خەسار کردی‌یە

ئەوجا دەیدایێ چەنتەکی ژێرێ زەمانی‌یــە

جەرەوی شێ غەزالی دەسوڕاندەوە دوعــا بوونی لە وەســتا عەباســی

خواستی‌یە

لە دۆری بەرچیفان لە سپی‌ڕێزی خەیلانیان لە چار جەلی هەرکیان لە جێ

هەواری حەسەنەی بەدرەکەتی‌یــە

شۆڕ دەبۆوە لۆ ...... کۆسپەی سەردەریان زینــەتیری مەیدانـــی

سۆراوانی سولێمان بەگی‌یە

لە زینەتیرێ هەروەستەکی کردی‌یە ، دووربینی دەداوە بەر چاوی‌یە

گۆڕێ توان ، کانیێ سۆراوانی دەکەتەوە بەر چاوی‌یە

وەکی ئاوڕی دەداوە لایێ هەریرو هەریر بەگی‌یــە

نەیدەزانی لەوێ ڕۆژێ خەزار ڕۆیشتی یـــە
خانزادی بابان وێران چەند سوارو چەند خورامی لەبۆ لاسی ڕاگرتی یە
دوو سواری دادەناوە لە گولەکیو لە باویان بەتەمامەتی یە
دوو سواریشی دادەناوە لەسەرێ زینەتیرو بێخمەی بەیەکجاری یە
ئەو جۆتە سواری لە زینەتیرو لە بێخمەی (ئینتیزار)ی کاکـــە لاسـیان
دەکرد بێتە دەرێ لە گەری عەلی بەگی یە
ئەوان جۆتە سواران چاویان بە لاسی کەتی یە
سەلامەکیان لێ کردی یە ، جوابی سەلامی لێیان وەرگرتی یە
دەیانگۆ :ـ (ئەسل و نەسەبت) کێندەری یـــە ؟
دەیگۆ :ـ ناوم لاسە ، کوڕی ئەحمەد بەگی شارەزووری یە
قاسیدم ، قاسیدێ خەزارێ کیژێ مەلا نەبی یـــە
دەیانگۆ :ـ ئەوە سێ ڕۆژە لـــە سبیانێ هـــەتا ئێوارێ ئەمە لێرانـــە
دادەنیشین ، لەسەر ڕێی کاکە لاسی یـــە
خانزادەخانی میرمان ئەتوی (تەلەب) کردی یـــە
دەیگۆ :ـ دیارە خانزادێ ئیشی بەمن هەیە ، ئامانەتیەکم لەکنی بەجـــێ
هێشتی یـــە
دەیانگۆ :ـ نازانین ، دەوەرە ئەورۆ نیوانێ لێی بە بە مێوان داوی یـــە
وەکی کاکە لاسی ئەحمەد بەگی یە ، جۆتە سوارێ خانزادی ئەوهابان پێ
گۆتی یە
کاکە لاس جەرەوی شێ غەزالی شۆڕ کردی یە
لەگەر ئەوان سواران دەچۆوە بن کۆشکو بارەخانەو قەراتێ خـــانزادێ
هەریر بەگی یە
خانزادێ هەریر بەگی یە ، لە بارەخانەی چاوی بەسەرو سیماو سوارێـــێ
کاکە لاسی کەتی یە
تیری عەشقێ جەرگی بری یە ، هـــەموو بەدەنـــی لەبۆ شۆڕە ســـوارێ

لەزری یـــە
دەیگۆ :ــ خوا مرازی بدا بومایە لە دنیایێ یەك شەو ئەو سوارە لەگەڕەمن
بنوستایە بەحەراری یە
تەرکم دەکرد بەرگی پیاوانو پاشایەتی یـــە
حوکمی خۆی بگێرا بوایێ لەسەر دەشتی سۆرانو شارەزووری یە
خانزادخان لە دڕێ خۆی ئەو تەگبیرەی کردی یـــە
ئەو هۆدەی کاکی سلێمان بەگ لێ دانیشتی یە
هەشت سارە پێوەی دایە ، کلیل نەدایتە دەستی هیچ کەسی یە
ئەو هۆدەیە کورسی (جەواهێر بەندی) لێ دانابوو بەتەمامەتی یە
شیرو ڕمی بەدارێ وەکردبوو لەگەڕ گورزو مەتاری زرێی کاکی یە
گازی خورامانی دەکرد ، دەیگۆ :ــ ئەو هۆدەم لۆ بکەنەوە ، چاوم بەرایی
نادا ببینم بەتەمامەتی یە
بەران مێوانەکم هاتی یە ، مێوانەکی گەلە عەزیزو خۆشەویستـــە ، ڕێی
دورەو بەدرەنگی یە
گفتوگۆیەکی لەگەر دەکەم ، بزانم پاشـــازادەیە یان گـــاوانو شوانی
گوندی یـــە
وەکی لاسی ئەحمەد بەگی چاوی بە خاتوو خانزادێ کەتی یە
بەسەر کۆشكو بارەخانەی کەتی یە ، سەلامەکی لە حازریان کردی یە
خانزاد سەلامی لێوەرگرتی یە ، لەبەر خۆی دڕاندبوو بەرگی پیاوەتی یە
کراسەکی ئەتلەسی درێژی لەبەرە خۆی کردی یە
تاسەکی زێری لەسەر نابوو ، هەردوو دەستی خۆی پەنجـــەوانەی تـــێ
کردی یـــە
ئەو دەستەی ناسکی دەنا ناو دەستی کاکە لاسی یە
تیری عەشقی لاسێ جەرگی خانزادێ بری یـــە
هەناوی دەجۆشا وەکی برقی مەنجەری ساواری یە

وەکی خانزادێ چاوی بە لاسی کەتی‌یـــە
لە بیری دەچوو پاشایەتی‌یـــە
دایدەنا لەسەر کورسی (گەوهەر بەندی) سلێمان بەگی کاکی‌یە
خانزادیش لە تەنیشتی دانیشتی‌یە ، دەیگۆ :ــ ئەو ڕوحـەت دەکـــــەم بەقوربانی‌یە
مارەم بکە بە ئەمری شەرعی‌یە ، بەژنو بەمێ‌ردایەتی‌یە
حوکمێ خۆت باژۆ لەجێ‌ی سلێمان بەگی‌و لەسەر مەملەکەتێ شارەزووری‌یە
لاسی دەیهاتێ زەردەکەنی‌یـــە
چاوی دەگێرا لەهەر چار (ئەترافی) خۆی خەزادی نەدیتی‌یە
خانزادی دەیهاتێ زەردەکەنی‌یـــە
دەیگۆ :ــ چاو لە چ دەگێری ؟ خۆشەویستێ لە درێ خانزادی‌یە
دەیگۆ :ــ تاقە گورەکم بە ئامانەتی لەکنە تو بەجێ هێشتی‌یە
چەندی چاوێ خۆ دەگێرم دیار نی‌یـــە
خانزادی دەگۆ :ــ دەزانم لەگەر خەزارێتە کیژێ مەلا نەبی‌یە
[illegible]
هەزار مەشکە دۆی لاق‌و لەتەریدا ڕژایە کەس نازانی نە ڕەوەندە ، نـە بڕباسە ، نە بۆری‌یە ، نە خێرەگی‌یە
ئەتو وەرە ئەمن مارەبکە بەئەمری شەرعی‌یە
حوکمێ خۆت باژۆ لە جێ‌ی سلێمان بەگی کاکی‌یـــە
حوکمێ خۆت بگێڕە لەسەر مەملەکەتی شارەزووری‌یە
دەیگۆ :ــ گفتم دایە ئەگەر خەزارە شۆڕی کیژی مەلا نەبی‌یە
ئەگەر نەیگەمێ بەخسیری دەکا وەیسی وسوگاسکی‌یە
خانزاد دەیگۆ :ــ چەند ڕۆژە شەڕ گەرمە لە گـۆڕێ توان ، لە کـانیێ سۆراوان ، هەتا دەگاتەوە بن گردێ سپی‌یە
وەیسیاغا مەعلومە غەزریە لەسەر بەردی دانیشتی‌یە

چاوەڕێی کاکە لاسی دەکا ، لێی پەیدابی هەتیمی دەوروتی شارەزووری‌یە
بەران ڕاستە قسەی وەیسی درۆ نی‌یە ، ئەتو دیارە چ فکرو دەماغت نی‌یە
ئەتو پاشازادەی پاشازادەی لە خۆت مارە بکەی بەحەداری‌یە
ئەگەر هەر قبوڕم ناکەی مارەم بکەی بە ئەمری شەرعی‌یە
بەخۆم دەچم خەزارت لۆ دەبێنم ، بەڕەبری سواران ئەمنیش لەکنەنگــۆ
شەرتبی دابنیشم ، کاکە لاس هەر بەکارەکەری‌یە
وەکی وەیگۆتی‌یە،کاکە لاس غەزەبی گرتی‌یە ، دوو لێوی خۆی گرۆشتی‌یە
کۆشکو سەرای خانزادێی بەجێ هێشتی‌یە
نانی نیوڕۆیی نەخواردی‌یە ، دەیگــۆ :ــ شێ غــەزالم لۆ بینــە دەرێ
بەتونەی‌یە ، سواربیم بەبێ دەنگی‌یە
خانزاد دەیگۆ :ــ کەللەت گەلە گەرمە ، ئاقرت نی‌یە
ئەگەر خۆت بەکوشتن نەدەی بە دەستی وسوکاسکی‌یە
دیارە خانزادی سۆران ئاقری لە دنیایێ بزر کردی‌یە
ڕۆیی تورە بوو ، دوعابوونی لە خانزادێ نەخواستی‌یە
سوار دەبوو دەچووە ناو خانێ زینی‌یــە
هەریری بەجێ هێشتی‌یە ، لە (خرە)ی بەسەر کەتی‌یە
شۆڕ دەبۆوە ، چاوی دەدا گوڕێتوان ، کانیی‌سۆراوان ، عێلو عێفەساتێ
مەزن مەلا نەبی‌یە
وەکی دەگەیشتەوە سەر گۆڕێتوان ، کــانیێ سۆراوان ، ئەسمەرە ،
ئەستی‌یە ، ڕابی‌یە ، گوبی‌یە
دەیگۆ :ــ ئەوشۆکە خەونەکی گەلە غەریبمان دیتی‌یە
خەزارە شۆڕ ، ئەگەر لاس بێ ، چمان دەدەبێی لە مزگێنی‌یە ؟
دەیگۆ :ــ بە قورئانی سەر ڕانی مەلا نەبی‌یە ، بە چاوێ حەمەدێ کاکی‌یە
گەردەللفەکم سەری نۆ سارانە لە رەواندزێ کری‌یە
بە پێنج سەتو پەنجا مەجیدی‌یە ، لە لای مارێ بەچیفی گــورو مەتارانم

وەکردی‌یە

هەرچی (جوابم) بداتێ برێ لاس هاتی‌یــــە

ئەو گەردەنلغەی دەدەمێ لە مزگێنی‌یــــە

ئەسمەر لە چارڕیانی ڕۆیشتی‌یــە

ئەوێ ڕۆژی خەزارە شۆڕ لەجیاتی ئەسمەرێ بێری‌یە

وەکی ئەسمەرێ چاوێ خۆی برند کردی‌یــــە

سوارەك دێتە خوارێ ، دێو دەلەنگی‌یە

لەبنی دایە کەوێتەکی شینی قەزوانی‌یە

بەران براینە ! تافتەو هەوری لەسەر خۆی نابوو ، دەتگــــۆ ڕۆستەمــە لە مازەندەرانێ هاتی‌یە

بەران براینە ! ئەو ئەگالی مەرەزی چارقوڕنەی تەلەعفەری ، بە ســـیمی دەپێچا دایدەنا لەسەر سەری‌یە

ئەو بەتیەی سپی شێخانی‌یە ، ئەو سوخمە زەردی تەبرێــــزی‌یە ، ئــەو [illegible] ، ئەو شەروالی [illegible] قۆنی‌یە

ئەو [illegible] ، ئەو [illegible] مەرەز کتانی مسقال بەگری‌یە

ئەو چەکمەی زەردی عەموەدی‌یە ، ئەو زەڕێ ڕەشی داوەدی‌یە

ئەو کراوێ غەفور بەگی‌یــــە

ئەو دوربینی تارانێی دێخستەوە سەر ملی‌یە

شیرێ شامسری عەمایل کردی‌یــــە

ڕمێ هەژدەگەی گوێگانی [illegible] لەدوەی داخشی‌یە

دەچووە خوارێ بەسەر مارێ خێلەساتی مەزن مەلا نەبی‌یە

ئەسمەر چاوی لە دوور پێ کەنی‌یــە

دەیگۆ :ــ ماشەڵلا لەو سوارەی ! خوا چ جوانی دیکــەی وەکــــی ئــــەو سوارەی خەلق نەکردی‌یە

ڕوحی خەزارێ بە دەست ئەو سوارەیە بەتەمامەتی‌یە

خەرکو خوا دەهاتە تەماشای لاسی‌یە
هەندەك دەیانگۆ فەریق پاشایـــە
لە گۆڕێ توان ، لە کانییێ سۆداوان هەریەدایە بە میوانەتی‌یە
هەندەك دەیانگۆ :ـ یوسفی برایم ئاغایە هاتی‌یە سەردانەکی بکا لـــە
وەیسی‌یە
هەندەك دەیانگۆ :ـ بابە عەلی بەگـــی داسنی‌یە دەگـەڕێ لەدوو خینێ
لەشکری‌یە
هەندەکیش دەیانگۆ :ـ ئەوە لاسی ئەحمەد بەگی‌یـــە
هاتیە لۆ داخوازی خەزالێ کیژی مەلا نەبی‌یە
پرو پیرێژن چاویان بەسەرو سواری لاسی کەتی‌یە
سێ بەندەی دریان دەپسا یەك یەیەکی گۆنی‌یە
مەعلومە ئەوە کەرەگای خەزالێ‌یە ، مێردو کوڕی هەش ئەوە چـەند ڕۆژە
لە شەڕێ‌یە
وەکی کاکە لاسی ماروێرانم چاوێ خۆی دەداوە ئـــەوێ قەرەڕەشـــمارێ
ڕەندی گەورەی مەلا نەبی‌یە
لەسەر بیستو پێنج دیرەگانە خۆی هەریەخســـتی‌یە ، چناقە بەشەری
لەبن دانی‌یە
ئەوێ ڕۆژێش مەعلومە خەزارم لەناو بێرکەران بێری‌یە
ئەسمەری زوو دەگەیشتە لای مارێ گەردەنلغی ئەبۆ خۆی هەر گرتی‌یە
دەیکردەوە ملی‌یە ، مزگێنی دەدا خەزارە شۆری کیژی مەلا نەبی‌یە
دەیگۆ :ـ مزگێنیم بدێ مزگێنیم کەتی‌یە
خۆشەویستەکەی لە درێ تو ئەوا هاتی‌یە
لە پێش مارو دیوەخانێ ڕاوەستایە بە سواری‌یەو دانەبەزی‌یە
وەکی خەزارە شۆڕ گوێی لەو قسەی ڕاگرتی‌یە

سەرێ خۆی لەبن دونگێ مەرێ دەهینـــا دەرێ ، مەنجەری شیری بـــە گۆرێ وەرکردی‌یە

بەسەری کۆتی‌یە ، بەپێی پێ خواسی‌یە

ڕووی لە کاکە لاسی کردی‌یـــە

لە سینەی دیوەخانێ لاسی گرتی‌یـــە

کاکە لاس ئەزەلێ خۆی شۆڕ دەکردەوە لەبۆ خەزاڵێ مەلا نەبی‌یە

دەوی دەتەیشتە سەر ڕومەتو گەردەنی‌یـــە

بیستو چار ماچی لە گەردەنو ڕومەتی خـــەزاڵی لەناو عالەمێ خـــوای وەرگرتی‌یە

نە دەترسا نە لە پیرو پیرەژنان نە لە شوانانو نە لە شەنگەبێری‌یە

خەزاڵ دەیگۆ :ــ دەبا کورەبی چاوی دوژمنان ئەوڕۆکە دەرژێ بیشانێ لۆ سەر عەردی‌یـە

خوا مرازو مەخسودێ منی حاسل کرد ، کاکە لاسی من تەیشتەجـــێ ،

ئەوڕۆکە ئەوە ڕاوەستایە لەپێش دیوەخانەکەی بابی‌یە

دەدا بەزە ، ڕوحەکەی شیرنم ، ڕۆژی سێ جاران خۆت دەکەم بەڕا ئێـــری سەرو سواری‌یە

ماچ بکە خاری گەردەنێ ، بمژە هەردوو لێوی ئەتلەسی‌یە

دەوی خۆت بارێ سەر ڕومەتی تورتوری‌یە

پەنجەی خۆت بگێرە لەسەر جوتە شەمامەی دەڵەباسی‌یە

مەلا نەبی‌و حەمەدو وەیسیت هەرسێکت دەکەم بەقوربانی سەری‌یە

هەڵتێنی دادەبەزی لاسی ئەحمەد بەگی‌یە

قاوەڵتی خۆی لەگەر خەزارە شۆڕی کردی‌یە

مەعلومە چناغە زەلام لە مارێ نی‌یە

پێشی نوێژی عەسرێ دەیگۆ :ــ لۆم زین بکە شینکەی شێ غەزاڵی‌یە

بچم بزانم سوحبەتەکی ناکەم لەگەر وەیسی‌یە
خەزار دەیگۆ :ـ ڕوحی شیرنم لاسی ئەحمەد بەگی‌یە
ئەگەر بچیە کن وەیسی گەلە ڕەشیدە ، گەلە عەگیدە ، دەتکـــوژی بەبێ دەنگی‌یە
دەیگۆ :ـ دیارە دەستێ قامو مەیدانی شۆڕە سواری خۆت نەدیتی‌یە
ئەوجا سوار دەبۆوە لە خانێ زینی‌یـــە
ڕکێبەکی لێ‌دەدا ڕانەدەوەستا هەتا کن وەیسی‌یە
لەوێ بەهێواشی شێ غەزالی هارۆتی‌یـــە
سەلامەکی سەر سەلامی کردی‌یـــە
وەکی زەینی خۆی دەدایێ وەیسیاغا لەسەر بەردەکی دانیشتی‌یە
هەردوو لێوی خۆی گرۆشتی‌یە ، هەمووی برینـدار کردی‌یە
دەوی لەسەر قەلنەی مۆدمی کارەبا هەر نەگوتی‌یە
دوکەری بەری عاسمانێ گرتی‌یـــە
چرکن چاورەشی خاری لە نەنیشتی دانیشتی‌یە
لاسی ئەحمەد بەگی دەستی برند کردی‌یە ، سەلامەکی لێیان کردی‌یە
چرکن چاورەش جوابی سەلامی وەرگرتی‌یە
چرکن دەیگۆ :ـ خوارزا دیارە ڕێت دورە، کێندەری ؟ دەچیە چ ورانی‌یە
دەیگۆ :ـ لە ڕەواندزێ دێم ، دەچمەوە موسرێ ، ئێستم گەلە بەدرەنگی‌یە
دەیگۆ :ـ ئەوشۆ مێوانبە لە خاری خۆت چرکنی گاسکی‌یە
ئەتو دیارە گەلە نەجیب زادەی لۆمان بکەوە خێرو مەسرەتی‌یە
دەیگۆ :ـ نازانم مەسرەتی‌تۆ لەسەر چی‌یە
دەیگۆ :ـ ئەوێ مەلا نەبی‌یە ، کوڕی مەلا داودی‌یە ، کیژەکی ناو خەزاری هەیە ، لەو خوارزایەی من سەرێ نۆ سارانە مارەی کردی‌یە
لە جیاتی نۆ خینان مەسرەتی پێ کردی‌یە

هەنوکەش دەڕێن حەزی لە هەتیمەکی دەوڕوتی شارەزووری کردی‌یە
بەو خوارزایەی من دەرێی ڕۆستەمە (قایل) نی‌یە ، دانیشتی‌یە لەسەر
بەردی‌یە
وجودی عەگیدو پیاوان بە هیچ نازانی بەبێ قەیدی‌یە
لاس دەیگۆتە چرکنی‌یە :ـ بەوەی کەم نامری ئەبەدی‌یە خـــاتق لەژۆری
سەری‌یـــە
ئەگەر ئەزبم لە جیاتی خوارزای تو ، کچەتیمە خەزاری لە بۆ هەتیمـــــی
دەوڕوتی شارەزووری تەراق دەدەم بەخۆڕایی‌یە
وەیسی دەیگۆتە خاری :ـ هەر خوێڕوەك دێ خارم پرسی پێ دەکاتن لە
پیاوەتی‌یـــە
ئەو ئیشە ئیشی خۆڕیان نی‌یە ، ئیشی پیاوانە پێی بکەن مەسرەتی‌یە
لاس دەیگۆتە وەیسی‌یە :ـ بەوەی کەنامری ئەبەدی‌یە
لاسی ئەحمەد بەگی پیاوەو خوێڕی نی‌یە
ئەگەر لە دنیایێ خوێڕی هەبی وەیسی‌یە
چیدیکە عالەمێ بەگژ یەکدی‌وە نەنێن بەیەکجاری‌یە
شەڕی خۆتان بەتاربکەن ، ئەوڕۆتە توێڕی مەسرێ هەرکەس بەمرێتەوە
هەرکەس لێرەیە دەبا بچێتەوە ماری خوی بەسەلامەتی‌یە
سبەینێ ئەگەر ئەزەنگی ڕۆژێ بەرمەیدانی منو توو لە گردی سپی‌یە
ڕکێبی تێدەدا لاسی ئەحمەد بەگـــی چیدیکـــە ڕانەدەوەســـتا هـــەتا
دەگەیشتەوە کن مەزن مەلا نەبی‌یە
مەلا نەبی لە دوور چاوی پێ کەتی‌یە
بەپیریەوە دەچوو دەیگۆ :ـ یاخوا بەخێر بێی سەر چاوی مامی‌یە .
نازانم ناوت چی‌یە ؟
دەیگۆ :ـ ئەمن دەروێشم وەکی ئەتو مێوان بووم مانگێ لەسەر ئـــەو
وەعدەی زێدە تێپەڕی‌یە

ناوم لاسە ، کوڕی ئەحمەد بەگی شارەزووری یە
دەیگۆ :ـ ڕەبی بەخێر بێ ی سەر چاوی مامی یە
دیارە ئەوڕۆ شەڕت بەوەیسی بەتار کردی یە
دەیگۆ :ـ ئەوەی لەکنـــەتوە دەبا بگــەڕێنــەوە مارێ دانیشین بـــە سەلامەتی یە
سبیانێ لەگەر گەزەنگی ڕۆژێ بەزمی منو وەیسی خۆش دەبی ، لــەبن گردێ سپی یە
بەرانەکینێ ڕادەوەستا لەسەری مەیدانی ، بەتاقی تەنێ ، لە خــۆی دەدا تانە لە گردێ سپی یە
وەکی چاوی پێ دەکەوت ، ئەوە وەیسی یە
ڕاوەستایە ، سوار بوە لە ئەسپی چارپەل سپی یە
لە چەکان خۆی غەملاندی یە ، چرکن چاورەشو سۆفیو عەلی لە پشـــتە خۆی ڕاگرتی یە
وەکی کاکە لاس چاوی خۆی هەردەینا کەسی لە پشت نی یە
دەیگۆ :ـ بەخوای لە زۆری سەری یە ، بە سولتان عەولای عارەبی یە
بەحوسێنی غازی یە ، شێخ گەزنەو شێخ ئەستی یە
عەبدولعەزیزی ئاکرێ ، وەیسلقەرەنی یـــە
مرازو مەخسودی درێ من حاسر بوایێ ئەوڕۆ لە وەیسیم بێخستایە
مرازو مەخسودی من حاسر دەبو لەناو خەیلانیو سورچیو بارەکی یە
دەیانگۆ :ـ لاسی ئەحمەد بەگی لە بابی خۆی هەرکەتی یە خۆ بێژی نی یە
ئەویش وەکی بابی ڕەشیدە ، دایندهینایە لە پێش هەشتێ سواری یە
★ براینە ! گەلی خزمینە ! گەلی دۆستینە !
وەکی لاسو وەیسی یەکدیان باش دیتی یە
تانی لەخۆی دەدا وەیسی یە ، دوو ئاوێنەی لەپێش قەرپۆزی زینیو لــە

لە دوایی قایم کردی‌یە

ئەو ڕمی هەژدەگەی گورگانی بستەك دەخشا تەسەو عەردی‌یە

ئەو بارە بەتین سپیو شێخانیو چەقیە، زەردی حەنتابی لـــە خۆی قایم کردی‌یە

ئەو زرێی ڕەشی پۆشی‌یە . ئەو شیری شامسری‌یە دەستێ لە ژێری‌یە

کاکە لاسم وەکی ئەوی دەدیت خۆی لەبەر چاوی نەکەتی‌یە

ئەوەی کاکە لاس لەخۆی دایە ، هەموو ساغ لە پۆرای دروست کرایە ، لە تارانو تەوریزێ لە بۆی هاتی‌یە

ئی وەیسی ئەوانەی هەری گرتی‌یە

دەستکردی موسرێو ڕەواندزێیە هەموی (......)یە

بەران بابە ! سەر مەیدانەکی دەکردەوە لەگەل وەیسی‌یە

ماری مەلا نەبیش دوازدە کەسیان هیناوو مەلا نەبی لەگەرە خۆی سەری مەیدانێی گرتی‌یە

دەیگۆ :ـ دەبمەوە لۆمەکاری قەبرو دەبەدی‌یـــە

ئەگەر نیم لە پشتی ڕاوەستم دەڕێ مەلا نەبی نایباوەو غیرەتی نی‌یە

عەشیرەتی کاسکیانیش هەموو ڕاوەوەستان لە پشت وەیسی‌یە

ئەو سەر مەیدانەیان چۆل کردی‌یـــە

ئەو شۆڕە سوارانە هەردووکیان غەزەبیەن لەیەکدی سەرکرنی‌یە

سێ جاران لاسم لەگەر وەیسی هاتو چۆی کردی‌یە

هەر سێ جار ن پشتی لە وەیسی سناندی‌یە

دەیگۆ :ـ خاری خەزارێ بی ، کیژێ مەلا نەبی‌یە

هەرچی ماینی وەیسی‌یە ، گەلـــە گوڕنە دەرنساچێ لە قۆشمەو سەری مەیدانێ بەتەواوەتی‌یـــە

هەرچی ماینی کاکە لاسی‌یە چار ساری‌یـــە ، هێشتانەکینـــێ زاو زێی نەکردی‌یـــە

هەرچەندی وەیسی تانی لەخۆی دەدا بێ (فایدە)یە ، سودی نی‌یە

دەیگۆتە لاسی :ـ وەرە لۆ هەرێ لەسەر مەیدانی لەسەر ملت دابنێم ئەو

ڕمێ هەژدەگەی گورگانی‌یە

دوو هەلهەلەشت لۆ لێدەدەم بەتەواوەتی‌یە

خەزارت لۆ تەراق دەدەم بەخۆڕایی‌یە

دەیگۆتە وەیسی‌یە :ـ ناماقولیت کردی‌یە

ئەتو وەرە لۆم هەرێ لەسەری مەیدانێ بەسواری‌یە

شیرێ شامسریت دادەنێم لەسەر سینگی‌یە

ئەمن دوازدە ماینت دەدەمێ لە نەتەوەی شێ غــەزالی لە شــارەزووریێ

هێشتا زینی بەسەر پشتێ نەکەتی‌یە

یان دەتدەمێ زێڕی دوازدە بوکان ، لۆت دەینم لەناو دوازدە عەشیرەتی‌یە

وەرە خەزارم لۆ تەراق بدە بە زەبرێ ناری‌یە

چناغ قسەی چناقیان نەسەلماندی‌یــە

هەتا نوێژی نیوڕانێ ، بە سوار سوارانێ هیچیان زەفەریان بـەیەکدی

نەبردی‌یــــە

نوێژی نیوڕانێ دادەبەزین ، دەیانکرد فاوەتی‌یە ، دەیان کردەوە فەرزێ

ئیلاهی‌یــە

پاشی نوێژێ کەمەندیان داوێتە یەکدی‌یــە

هەردوو کەمەندیان پسانی‌یــە

چناقیان زەفەریان بە چناقی نەبردی‌یــــە

ئەو عالەمەیان هەموو ڕاگرتــی‌یــە

لاس دەیگۆتە وەیسی‌یە :ـ ئەگەر درۆی ناگەی بەڕاستی‌یــە

دادەبەزین لە شێ غەزالو لە ئەسپی چارپەل سپی‌یە

دەبا بچەقێنین ڕمێ هەژدەگەی گورگانی‌یــە

پێوەی بکە سەلتەیێ شینی ماهوتی‌یــە

سوخمەیێ زەردی تەبرێزی‌یــــە

لەبەر خۆمان دابکەنین کراسی کتانی ، ئەنگوچك مسقال بەگی یە
پێوەی بکەین شەرواری دەمەر قۆپی یە
لەپێی خۆمان بێلین چەکمەیێ عامودی یە
دەرپێی سپی شاخ بێزی یـــە
هەربکێشینە خەنجەرێ نێرۆیی یە
دەستی چۆپەمان باوێینە ناو دەستی یەکدی یە
بە دەستی ڕاستە یەکدی بدەینە بەرخەنجەران ، ئـــەوی مرد عیزرائیل
ڕوحی بردی یـە
ئەوی ما ، خەزاریێ جاو بەرەك لە بۆ ری یـــە
ئەو غەدارە وەیسی یە ئەو شەرتەی لە لاسی قبوڵ کردی یە
هەردووك ڕمیان چەقاندی یە ، وراغیان لەیەك قایم کردی یە
دایان دەکەنان . تەبەرەخۆیان سەلتەی ماهوتی یە
سوخمەی تەبریزی یە ، کراسی مەرەز کتانی ، ئەنگوچك مسقال بەگی یە ،
شەرواری دەمەر قۆپی یە
دەمانەوە بەتایێ دەرپێی شاخ بێزی و چەکمەی عامودی یە
هەریان دەکێشاوە خەنجەری نێرۆی یـــە
نۆ پشکەی لە ژێری یە ، دەستی چۆپیان لەناو دەستی یەکـــدی قایم
کردی یـــە
ناوی خوایان دەهێنا یەکدیان دەدا بەر خەنجەری نێرۆیی یە
هەرچی وەیسی یە ، خۆی گەلە دشەوەنی کردی یـــە
هەرچی بریشی ناکە لاسی یە ، هیچی پێی ناوێی نەگرتی یە هـــەمووی
سەرچیغ ڕۆیشتی یە
هەرچی لاسی ئەحمەد بەگی یە ، هەژدە خەنجەری دەداوە لە وەیسی یە
هەمووی دەسکێ خەنجەرێی لەسەر ڕاقاندی یە

بڕینی گەلە فراوانە ، (ئۆبار بەملی ئەو مامۆستای لێم بیستی‌یە)
دەیانگۆ :ـ کۆترە باریکە لە ناوی، ئەودیو ئەودیوی کردی‌یە
مەلا نەبی سوار دەبۆوە لە ماینی ، هەر دەهات بەخۆ بە بەشیرەتی‌یە
ماری کاسکیان مەیتی خۆیان بەجێ نەهێشتی‌یە
وەکی خەنجەری لێدەدا دەسکی خەنجەری لەسەر لەقاندی‌یە
وەیسی ماروێران تەواو بوو بوو ، لاســـی دوو خەنجـــەری لێدابـــوو
بەمردیایەتی‌یە
مەیتی وەیسیان دەبردەوە ، دایان دەنا سەر پشتی ئەسپی بـــارپەل
سپی‌یـــە
بەرەی خێڵ وسووکاسکی‌یە ، ، ، ، ، ، ، لەبۆ هەموو کەرخو کناری‌یە
کاکە لاسم ، شۆڕە سواری غەریبم ، خۆشەویستی خـــەزاری ، لـــەوێ
کەتبوو بەبێ کەسی‌یە
کەس نەبوو دانیشی لە پشت سەری‌یە ، کەس نەبوو قومەکی ئاو بداتێ،
شێ غەزالی ماروێران خۆ ماینەو زمانی نی‌یە
هەر سێبەری لێ دەکردو لە دەوری دەسوڕا وەکی خورامەتی‌یە •
حەمەدی برای خەزاری ، کوڕێ مەلا نەبی‌یـــە
لە پەنا گردۆکەکی دانیشتبوو ، خۆی مات کردی‌یە
چاوی لەو کارەساتەی هەموو بوو بوو ، ئاگـــای لێ‌بوو بەخـــەبەردو بێ
خەبەر نی‌یە
وازی لە پسپۆڕی مەڕی هێنا بوو ، گەلە دەگریا لەبۆ کـــاکە لاســـی
ئەحمەد بەگی‌یە

دەیگۆ :ـ دیارە بابی من چ غیرەتو ناموسی نی‌یە
ئەو شەڕە لەسەر بابی من قەومایە بەبێ دەنگو وەختی‌یە
بابی من دەچۆوە مارێ ئەو ســـوارە نازدارەی لێـــرە بەتەنێ بەجـــێ

هێشتی‌یه
ئەگەر وازی لێدەینم پاشی سعاتەکی دی‌یـــە
درەنگە دادێ قەل چاوی دەردەینی داراش دەیخوا بەخۆرایی‌یە
ئەگەر دەیبەمەوە ، پێشم ناچێتەوە بەران عالـــەم لۆمەم دەکـــا ، دەرێن
کەرەگای خوشکی‌یە
دەبی کەس هەبی قاسیدی بگەیێنیتە خەزارێ چەمبەری‌یە
وەکی شوانو گاوانو بەرخەوان دەگەڕانەوە ، بوار بوو ، گیا لەســەر
عەردی‌یـــــە

خەزارە شۆڕ هەستی خۆی ڕاگرتی‌یە
دەیانگۆ :ـ بەوەی کەمە نامری ئەبەدی‌یە
ئەو سوارەی دونێ ئێوارێ مێوان بوو لە ماڵی مامم مەلا نەبی‌یە
لەگەڵ وەیسی لەسەری مەیدانێ ، لەبن گردی سپی ، یەکدیان کوشتی‌یە
کەسیشی لەکن نی‌یە ، ئەو سوارەش مەعلومە مردی‌یە
وەکی خەزار گوێی لەو قسانە دەبوو ، خۆی ڕانەگرتی‌یە
دەیگۆ :ـ ڕەبی هەردوو چــاوت کۆرەبی مەلا نـــەبی دیارە غیرەتو
ناموست نی‌یە
ئەو سوارەت بهێنابوایەوە بن قەرەوەشەمارێ مەلا نەبی‌یە
عالەم دەرێن مەلا نەبی غیرەتی نی‌یە
مووی پیاوانی لێ نەهاتی‌یە
هەنگینی خەزارێ چاو بەرەك ئاگای لە خۆی نی‌یە
بە پێی پێخواسی ڕووی لە گردێ سپی کردی‌یە
ئەسمەرو ئەستی‌و ڕابی‌و خوبی‌یە
هەر یەکی گرۆرە ئاوریشمەکیان دەبرد لەدوو خەزاری ، هەر چـــاریان
دەچوونەوە سەرەو خواری‌یە

حەمەدیش دەماوە برای خەزاری‌یە ، لەسەرینگانێ کاکە لاسی‌یە
وەکی چاوی بە ڕەشاتیان کەتی‌یە ، شەو داهاتی‌یە
حەمەد پێی عەیب بوو ، هەردەستا کاکە لاسی بەجێ هێشتی‌یە
وەکی تووشی خەزارێ دەبوو ، خەزار دەیگۆ :ـ کاکیلە مانەی نەبی ،
ئەسلت کێندەری‌یە ؟
دەیگۆ :ـ ڕەبی چاوت کوێرەبی ، ئەتو ئەمن ناناسی ، نایم حەمەدە
کوڕی مەلا نەبی‌یە
دەیگۆ : لێم شێوایە لە خەفەتی لاسی‌یە ئاگام لە دنیایێ ی‌یە
ڕەبی خوا ماڵی وێران بکا ماڵی مەلا نەبی‌یە
وەکی دەبوە سەرێ سەبەبان شۆڕە سواری منی بەتەنێ لە گۆڕی
مەیدانی بەجێ هێشتی‌یە

★ بواینە ! برادەرینە ! گەلی خزمینە ! گەلی دۆستینە !
وەکی خەزارە شۆڕی مەلا نەبی‌یە دەستی دەگەیشتەوە کن لاسی‌یە
سەری لاسی لە عەردی بڵند کردی‌یە . بەو دەسترەی جوانی خۆی ،
سەرو چاوی لاسی دەسترەوە بەتەمامی‌یە
فرمێسکی دەباراندە سەر ڕوخەتی لاسی‌یە
لاسی ماردێرانم وەکی سەرێکی خۆی داناوە سەر ڕانی خەزاری‌یە
ئەو نەفەسەی هاتەوە جۆی کردی‌یە ، چاوی خۆی هەردەهینا بەران گەلە
ئاگای لە خۆی نی‌یە
برینی گەلە زۆرە ، بەران جێی کارێی نەگرتی‌یە
نازی ئەسمەرو ئەستی‌و ڕابی‌و خوبی‌و حەمەدی برای کردی‌یە
دەیگۆ :ـ دارەمەیتەکم لۆ هەربەستن ، بە دارێ ئەو ڕمەی ، بە شیربێ
شامسری‌یە
زرێی بکەنە ناوەرۆ ، بە شارێ کرمان بیبەستن ، قایمی بکەن لەسەر

پشتێ شینکه‌ی شێ غه‌زالی‌یه
مه‌یتێ شۆڕه سواره‌که‌م ببه‌مه‌وه به‌ره‌و ماری مه‌لا نه‌بی‌یه
برێن : ئه‌وه عاشقێ به‌ژنێ خه‌زاری‌یه به‌ڕاستی‌یه
ده‌با کۆره ببێ چاوێ چقل‌و عه‌وامێ کاسکی‌یه
سه‌ری کاکه لاسی له‌سه‌ر ڕانی خه‌زارێ بوو به‌ته‌واوه‌تی‌یه
لاس ده‌یگۆته خه‌زارێ :ــ ئه‌گه‌ر حه‌زت بکردایه به دیتنی من ؟ حه‌زیشت ده‌کرد به‌ژیانێ ؟
ده‌هاتی ڕاده‌وه‌ستای له سه‌رێ مه‌یدانێ ،
ده‌سته به‌رگه‌کت له‌به‌ر ده‌کرد له‌وانی دیلانێ
سه‌یری شۆڕه سواری خۆت ده‌کرد به وه‌یسی فرێدانێ ، به خه‌نجه‌ری نێرۆی‌و خه‌نجه‌ر لێدانێ
چاوی تۆم له‌دیار بوایێ ، نه‌ده‌ترسام له عه‌زابی قه‌بری‌یه
لاس ده‌رێ :ــ سه‌رم دێشی ، درێ ، من گه‌له گه‌له به‌برینه
له لایه‌کم ده‌ڕوا خیزاوه ، له‌ویدیکه‌شم ده‌ڕواتن خینه
خه‌زاره شۆڕ ! گه‌له جوانی ، نه له گوین که‌سی نه که‌ست له گوینه
سه‌یری کاکه لاسی [illegible] به چاوی [illegible] گه‌له جوان ببینه
سه‌رێ منی گه‌له دێشی ، دیاره عومری منی گه‌له درێژه ئه‌گه‌ر دنیابێ قیمه‌تی هه‌بوایه ، لۆم بنێره [illegible] ده‌خۆرو ته‌بیبان به ماری دنیایی ، به زێڕی ، هه‌ر بیست‌و چار برینانم بکه سارێژه
به‌ران خه‌زارێ ده‌یگۆ :ــ کاکه لاسی خۆشه‌ویستێ له‌دری‌یه
به‌و قورئانه‌ی سه‌ر ڕانی مه‌لا نه‌بی‌یه
ئه‌و خه‌به‌ره‌م له‌که‌س نه‌زانی‌یه
به غه‌یری له شوان‌و به‌رخه‌وانی گوندی‌یه
هه‌ردوو چاوی خۆم کۆره کردی‌یه

ڕێی گردێ سپیو بن قەراتێم گرتییە

هاتیمە گەیشتمە کنەتو ، لۆ جێی سەر مەیدانو شەڕییە

ئەگەر بتبەمەوە مارێ سێ تەبیبت لۆ دێنم یـــەك لە موسڕێ ، یەك لـــە ڕەواندزێو یەك لە سابڵاغییە

ئەو تەبیبەی برینی تو بە حەفت ڕۆژان ساڕێژ بکا ، خەنی دەکـەم بـــە ماری دونیایێو بەزێڕییە

وەکی لاسی دەبڕدەوە مارێ ، دایدەنا لەسەر سوسنو بەیبونان ، بـــە خۆی بە ناقی تەنێ خزمەتی کردییە

سێ سواری بە پارە گرتییە ، یەکی دەنارده سابڵاغێ ، یەك لۆ ڕواندزێ، یەك لۆ موسڕێ بە جەلدییە

دیگۆ :ـ هەر کەسەکی حەکیمم لۆ بینی خەنی دەکەم بەزێڕییە

حەکیمەکیان دەگەیاندێ ، دەیگۆ :ـ برینی ساڕێژ دەکەم بە بیستو یەك ڕۆژی دییە

حەکیمی دی دەگەیشتێ ، دەیگۆ :ـ بە چاردە ڕۆژان برینـی هـــەموی قەتماغەی دەبەستییە

دەیگۆ :ـ دەتدەمێ دوو سەت زێڕی ئوسمانییە

ئەگەر بەچاردە ڕۆژان برینی کاکە لاسم لۆ ساڕێژ بکەی بەیەکجارییە

بەشکوم پێك دەبڕێین ، ئەمن مارە دەکـا ، وەختەکـــی گــــەلە خۆشی ڕادەبوێرن پێکەوە بەهاوسەرییە

وەکی کاکە لاسم برینی ساڕێژ دەبـوو ، بیستو یـــەك ڕۆژان خـــۆی ڕاگرتییـــە

ڕۆژی بیستو دووەی کازی مەلا نەبی کردییە

دەیگۆ :ـ برۆ مەلای گوندیم لۆ بینە ، خەزاڕێم لێ مارە بکا ، حەقـــــی خۆمە چ عەیبی تێدا نییە

هەنگینیٚ خەزارە شۆڕی لیٚمارە دەکرد ، لاسی ئەحمەد بەگـــی خـــەوی لیٚنەدەکەت لەو خۆشی‌یە

هەتا چل شەوی دەماوە لە هەواریٚ مەلا نەبی‌یە

پاشی چل شەوی هەردەستا غەریبایەتی‌یە

کرۆزەی لە هەناوی دەهاتە دەریٚ لە بۆ بابو داکی‌یە

لە بۆ خوراموٚ خزمەتکاری ، لە بۆ لاو دیوەخانی بەجیٚمای لـــە دەشـــتی شارەزووری‌یە

براینە ! پاش چل شەوی وەکی ڕۆیشتی‌یە

کەژاوەکی جوانیان دەهینا ، خەزاریان سوار کردی‌یە

بارگەو بارخانەیان لە بۆ قایم کردی‌یە

کاکە لاسم سوار دەبو لە شینکەی شیٚ غەزالی‌یە

بە پیشی خەزاریٚ کەتیە ، کەسیان لەکەی نی‌یە

هەردووکیان دەڕۆن بە جۆتە سواری‌یە

کەس نیە خەبەرەکی باش بداتە چرکن چاوڕەشی ، تیر ئەندازەکی گەلـە چاکە ، لەناو کاسکیان قەت تاکی نی‌یە

ئەویٚ ڕۆژیٚ دەیانەویست بڕۆن لە کۆڕی نوان ، لە کـــانییٚ سۆراوان ، [illegible] هەوارگە [illegible] نەبی‌یە

دەستی مەلا نەبی ماچ کردی‌یە ، دوعابونی لە هەموو خـــزمو کـــەسی خواستی‌یـــە

خەزارە شۆڕی لەگەرە خۆی سوار کردی‌یە دەڕۆن بە جۆتە سواری‌یە

چرکن چاوڕەشی ماڵویران لەسەر [illegible] هەرلی بەکیانە [illegible] خۆی هەرقەناندی‌یە

ئەو ڕیٚیە بە پێنج پێچە ، ئیللا جیٚی تاقلە سواری هـــەیە ، پێیـــدا بـــڕوا بەپیادەیی‌یە

لەویندەریٚ قۆرتەکی هەرقەناندبوو ، تیرەکی لە کەوانی نابوو ، حـــازری

کردبوو پێی بکوژی لاسی ئەحمەد بەگی یە
وەکی خەزارو لاس دەگەیشتنە ناو عەردو ئەوی کەرخی یە
ئەو مارویرانە گەلە بێویژدانە ، گەلە غەدارە ، هیچ ویژدانی نی یە
ئەو تیرەی ڕادەوەشاندە دەفەی سینگی کاکە لاسی ، دەیداوە لە دەفەی
سینگی یە
نیوەی تیری لە سینگی دا بزر کردی یە
لاسی نەیدەکردە نامەردی یە ، هەریکێشابوو شیری شامسری یە ، شیرەکی
دابوو لە گەردەنی یە
سەری چرکنی مارویرانی قوت کردی یە
لە جێی خۆی حەیاتی لەبەر بری یە
برەکی ڕۆیی یە بەسواری یە
برینی سارد بۆوە دەیگۆ :ــ خەزارە شۆر کەلکم نی یە
نۆ شەوو نۆ ڕۆژان بەو حارەیان خەلاس کودی یە
بە شەو ڕێیان دەبری بە ڕۆژیش خۆیان لە ئەشکەفتان قایم کردی یە
ڕۆژی دەیەی بوو داخیل دەبونەوە بە شارەزووری بابی یە
وەکی خەزار چاوی دەگێرا ، گەلە کەس لەماری ئەحمەد بەگی ، خــزمو
کەسن خۆیان ڕەش پۆش کردی یە
لەبەر دەردی برینی ، مەعلومە لاس هۆشی نی یە
خەزار لەوانی پرسی یە ، دەیگۆ :ــ ئەو ڕەش پۆشی یە چی یە ؟
دەیانگۆ :ــ دیارە شارەزاییت بەو مەملەکەتەی نی یە
دەیگۆ :ــ ماشوقەی لاسیمە ئەمنی هینایە لەناو خێرەکی و خەیلانی یە
دەیانگۆ :ــ ئەحمەد بەگی بابی لاسی ئەمری خوای کردی یە
ئەوەی خزمی بی بەرگی ڕەشی لەبەر کردی یە
ئەو خەبەرەش مەدەوە لاسی یە
وەکی دەچونەوە مارێ ، خەجیج خانێ داکی لاسی یە

بەرەو پیلیان هاتیە ، هەردوو ڕومەتی لاسی ماچ کردیە

لاسی دیتیە نمایە هەر هێسکو پیستە خۆی ڕاگرتیە
نۆ شەوو نۆ ڕۆژە خینی لە برینی دەڕوا ڕاناوەستی بە چ دەرمانەکیە
هەتاوەکینی دەگەیشتەوە ماڕێ ، لەناو جێی کەتیە
چەند حەکیمی ئەو وەختی دەهینا سەرێ بە زەبرێ ماریە
چارەی برینی لاسی نەدەکــرا ، لێی دەبۆوە تیراوە ، دوو ساران بـــەو حەدەی ڕای گرتیە
پاش دوو ساران ، ڕۆژەکی سەری لاسی لەسەر ڕانی خــەزارێ بوو ، دەیگۆ :ــ خۆزیە خەزارە شۆڕ چابووما یەو بیچووبومایە ڕاوێ ، نێچیرەکــم لۆ تۆ بگرتایە بەداوێ ، هەنگیتێ مرازو مەخسودی لاسی حاسر ببوایێ
ئەو قسانەی گۆتیە ، ڕوحی شیرینی (تەسلیم) کردیە
خەزاری بابانکۆر ، ڕومەتی خۆی هەموو بریندار کردیە
خۆ خەجیجخانی داکی هەردوو چاوی کۆرەبوو لە حەژمەت لاسیە
لاسیشیان دەبرد دەیانشاردەوە لە تەنیشت ئەحمەد بەگی بابیە
خەزار دەماوە بە بێوەژنیە ، چناقە ئەولادی لە کاکە لاسی نیە
خەزارە شۆڕ مەعلەمە لەبەری دەکرد بەرگەکی ڕەش پۆشیە
دوو ساران خەلاسی کردیە ، پاش دوو ساران خەجیجخان
دەیگۆ :ــ خەزارە شۆڕ لێرە مەمینێ چ (فایدە)ی نیە
هەگبەکی زێڕو زیو دەدایێ دەینارد‌ەوە بە جۆتە سواران لە بۆ ماڕێ بابی خۆی مەلا نەبیە
دوو سار لەسەریان تێپەڕیە
وەکی دەچۆوە گۆڕێ توان ، کانیێ سۆراوان ، چناقە ڕەشماری لێ نیە
لە شوانو گاوانی پرسیار کردیە
دەیگۆ :ــ هەوارێ مەلا نەبی چی بەسەر هاتیە ؟

دەیگۆ :ـ ئەوە دوو سارە مەلا نەبی ئەمری خوای کردی‌یە
هەواریان گواستیتەوە چوینە سپی‌ڕێزی خەیلانی‌یە
مەعلومە ئەوڕۆکە حەمەدی مەلا نەبی گەورەی عێل‌یە
هەنگینێ خەزار ڕووی دەکردە سپی‌ڕێزی خەیلانی‌یە
دەچۆوە ماڕێ حەمەدی کاکی‌یە
چاوی دەگێڕا مەلا نەبی دیار نی‌یە ، دەستی بەگریانێ کردی‌یە
حەمەد دەیگۆ :ـ خوشکی من خەزارە ! ئـــەدی لاسە شـــۆڕی تو چـــی لی‌هاتی‌یە ؟
دەیگۆ :ـ ئەویش ئەمری حەقی بەجێ گەیاندی‌یە
دەیگۆ :ـ بابی توش هەروەکی وی بەو ڕێ‌یەی‌دا ڕۆیشتی‌یە
خەزارە شۆڕم حەفت ساران دادەنیشت لە ماڕێ بابی بە بێوەژنی‌یە
هەنگینێ لاسە شۆڕەك پەیدا بوو لەناو بارەکی‌یە
لەناو عامێ پێیان دەگۆ قاقۆل زەردی بارەکی‌یە
گەلە تەماعی لە خەزارێ کردی‌یە
هەموو ڕۆژێ دەیناردەوە داخوازی‌یە
ئەویش دەیگۆ :ـ مێردی پێ‌ناکەم نە ڕەشیدە وەکی لاسی‌یە
دوایێ دەیگۆ :ـ باشە مێردی پێ‌بکەم ، چونکێ ناوی لاسە ، بەران وەکی وی ڕەشید نی‌یـــە
مەلایان گاز کردی‌یە ، خەزاریان لە لاسە شۆڕی مارە کردی‌یە
حەفت سارانیش دەماوە لەکنەوی چناقە منداری لێ بەپاش نەکەتی‌یە
لاس و خەزارم تەواو کردی‌یە ، لەبەر خاتری سعداللە شێخانی‌یە

★ ★ ★



زەمبیلفرۆش زەمبیلان دەفرۆشت    گوێ ناترسە وەج دەبینی
بەدل و بەگیان وەکو بیستی    تو ئاقل چ دەبیسە و داناینی

# چیرۆکی زەمبیل فرۆش

هیچ گومانی تێدا نی یە کە چیرۆکی زەمبیل فرۆش چیرۆکێکی ئاینی سۆفیانەیە ، خوێنەواری خواپەرست چیرۆکەکەیان هەڵبەستوە ، تا ڕادەیەکی زۆریش تامو بۆنی چیرۆکی یوسفو زولێخا دەدات ·

مامۆستا هێمن خوالێخۆشبوو دەفەرموێ :ـ (چیرۆکێکی یەکجار کۆنە ، قارەمانی ئەم چیرۆکە لە هیندییدا بودایە لە فارسیدا ئیبراهیمی ئەدهەمە لە کوردیدا زەمبیل فرۆشە) ·

بەیتی زەمبیل فرۆش لەسەر کێشی عەروز هەڵبەستراوە ، بەلام بەیت بێژەکان کەمو زۆر زیادو کەمییان لەگەل داڕشتنەکەیدا کردووە ، لە (چیرۆکی زەمبیل فرۆش)ی کە مامۆستای خوالێخۆشبوو گیوی موکریانی چاپی کردووە لە بەشە سۆرانیەکە داو لە زەمبیل فرۆشی تحفەی مظفریەی گریداری ئۆسکارمانو پێشەکیو ساخ کردنەوەی مامۆستا هێمنداو لەم دەقەی کە لە زاری بوێژی نەمر عوسمان هەمەوەند وەرگیراوەو لە دوو کاسێتیدی کە زەمبیل فرۆشیان لەسەر تۆمار کراوە بەدەنگی دەروێشانو لەگەل دەقەکەداو بە ئاوازێکی دەروێشانە (جگە لەو کاسێتەی کە هونەرمەند عیسا بەرواری دەیلێو بەشە بادینیەکەی چیرۆکی زەمبیل فرۆشی بایەزیدی)

هەموویان ئەم ووشانەی خوارەوە بوینە سەروای دێرە شیعرەکان ( ڕەحمەتێ ، ئاخرەتێ ، هیدایەتێ ، خەلوەتێ ، قسمەتێ ، سوحبەتێ ، مەعسیەتێ ، هیلاکەتێ ، ·····) ·

لە زۆر جێگەشدا ئەوەندە لەیەکدی نزیك دەکەونەوە لەناو یەکدی دەتوێنەوەو دەبنە یەك وەك بلێی هەر چواریان یەك دەقە بەلام بەپێی

ناوچەو بیرو بۆچوونی بەند بێژەکان گۆڕاون ٠

دەقی بەیتی زەمبیل فرۆش لە تحفە مظفریەدا لە هەموویان پتـــر سەرو گوێی شکاوە ، دەقەکانی (چیرۆکی زەمبیل فرۆش)ی گیـــوی موکریانی لە هەموویان کەمتر دەستکاریان لەگەڵدا کراوە ٠

ئەم چەند دێرەی خوارەوە نمونەیە بۆ بەیەکچوونی دەقەکـان یان یەکیەتیان ٠

**کـە لاوم زەمبیلی دێنـــی ‏ ‏ ‏ ‏ خاتوون لـــە بورجێ دەیبینـــی**

**بە دڵو بەگیان دەیخوبینی ‏ ‏ ‏ ‏ لاو کەوتە پای محبەتــــێ ٠**

لاپەڕە (٨) لە چیرۆکی زەمبیل فرۆش)ی چاپکراو چاپخانەی کوردستان ٠

چی ڕۆژێکی لاو زەمبیلان دێنی ‏ ‏ ‏ ‏ خاتوون لە بورجان ڕادەبینی

**بەدڵو بەجـــان دەیخـــەبێنـی ‏ ‏ ‏ ‏ لاو کەوتـە پێ موحبـەتـی**

**لە دەقی زەمبیل فرۆشی تحفە مظفریەدا لاپەڕە ٣١١ ٠**

**زەمبیل فرۆش زەمبیلان دێنـــی ‏ ‏ ‏ ‏ خاتوون لـە بورجـــێ دەیبینێ**

**بەدڵو بەگیـــان دەیخوێنـــێ ‏ ‏ ‏ ‏ بەدڵ چـــوو سەودا دامێنێ**

خۆی دەخاتە هیلاکـەتێ

**لە دەقی بەیتی زەمبیل فرۆش کە لە عوسمان هەمەوەند وەرگیراوە**

لەم نامیلکەیەداو ، لە هاوکاری ژمارە ٨٤٢ چاپکراوە ٠

**خاتوون دەڵــێ :ـ لاوی شێوە ‏ ‏ ‏ ‏ وەرە ئێـــو ڕەیحـــانو سێـوە**

**شەکری هـەڵمیســـە بەئێـــوە ‏ ‏ ‏ ‏ بە مثلی جامی شەربەتـــێ**

**لە (چیرۆکی زەمبیل فرۆش)ی گیوی موکریانی ٠**

خاتوون دەڵێ :ـ لاوی شلێوە ، وەرە نێو ریحـــانو سێوە شەگـر بملێسە بەلێوە ، تا ڕۆژی سبحەییەتێ لە دەقی بەشی دووەمی تحفـــەدا لە لاپەڕە ٣١٣ ٠

گوڵخاتو دەڵێ :ـ

زەمبیل فرۆش لاوکـــی شلێـــوە کـــەرەمکـــە ناو باغـــی ســێوە

تێر شەکـــران بمـــژە بەلێوە خەڵکـــان لـــەدوور مەئاخێـــوە

چاو لە لێوانم ببزێوە

لە دەقی زەمبیل فرۆشی ئەم نامیلکەیە کە لە عوسمان هـــەمەوەند وەرگیراوە ٠

● ● ●

دەقی بەیتەکە لە تحفەی مظفریەداو لە (چیرۆکی زەمبیـــل فرۆش)ی گیوی موکریانی لە بەشی بادینیەکەیو لە کاسێتی مام دەروێشان پتـــر بە بەیت هاتووە تا دەگاتە کۆتایی چیرۆکەکە بەڵام لە بەشی سۆرانـــی (چیرۆکی زەمبیل فرۆش)ی گیوو لەم دەقەشدا بەیتەکـە کە دەگاتە ئـەو کاتەی زەمبیل فرۆش خۆ لە کۆشکێ داوێتە خوارەوە لە دەست خاتوونی نەجاتی دەبێ کۆتایی دێتو بەیتەکە ناگاتە کۆتایی چیرۆکەکە ٠

لەهەموو ئەم دەقانەی کە بەبەر دەستی ئێمە کەوتوون ئـەم چـــەند خاڵە سەرەکیەی چیرۆکەکە هاوبەشنو هیچ گۆڕانیان تێدا نی یە ٠

١) زەمبیل فرۆش لە ترسی مردنو بۆ خواپەرسـتی دەست لـــە پاشایەتی هەڵدەگرێو ڕوو دەکاتە هەژاریو بە ڕەنجی شانی خۆی خۆیو خێزانەکەی دەژێنێ ٠

٢) لە ترسی تاوانو لە دەست خاتوونێ خۆی لەسەر کۆشکـــــی هەڵدەداتە خوارەوە بەبێ ئێشو ئەزیەت کەوتووتە سەر زەویو لـەدەست خاتوونێ ڕزگاری بووە ٠

٣) بۆ جاری دووەم لەناو جێگەی خەوتن لەکاتی دەست لەملانـــێ بەهۆی خرخاڵی خاتوونێ ئاگـــادار دەبێتەوەو لە دەستی ڕادەکـــات . دەقی زەمبیل فرۆش لە تحفەدا هەروەك لاس و خەزاڵ پتر بایەخی بـــە ئەفسانەو خەیاڵ داوە لە کاسێتی مام دەروێشیش لەم لایەنەوە درێغـــی نەکردووە . بۆ نموونە :ــ

زێڕو پارەو پول دەبنە دوپشك و مـارو کیســـەڵ ، زەمبیل فرۆش دەعەرزیدا ڕادەخورێ ، عەرز دەقلیشێتەوە ، دەچێتـــە ناوی و خــــۆی لەناودا حەشار دەدات .

زەمبیل فرۆش بەکۆ شێرو حـــەزیاوە دەنێن ، شێرو حـــەزیاش پێشوازی زەمبیـــل فرۆش دەکـــەن ، دەستی ماچ دەکـــەن ، داری بۆ دەبڕن و ........ ! .

شتێکی دیکەش هەیە دەبێ بیڵێم :ــ کە لەم نامیلکەدا لاس و خەزاڵ و زەمبیل فرۆش هەردووکیان دەکەونە مەترسی و ڕوو بەڕووی هیلاکەتـــێ دەبن .

لاس بۆ خاتری چاوی خەزالە [illegible]

حەز و ئارەزووەکانی خۆیەتی . بەڵام زەمبیل فرۆش لـــە دەست خاتوونێ چاو بەڵەك و لە ترسی مردن و گۆڕو خودا بووە . نێوانیان ئـــەم پـــەڕو ئەو پەڕە .

# چیرۆکەکە

زەمبیل فرۆش(١) کە لاوێکـــی جـــوان و شـــۆخ و شەنگ دەبێ ، پاشازادەی شاری (دیاربەکر)ی بووە ، لەدوای مردنی باوکی(٢) دەبێتـــە پاشا . ڕۆژێك، لە ڕۆژان لەگـــەڵ دارو دەستەی خۆیدا لـــە ڕاوێ دەگەڕێنەوە ، لەناو شاردا بەڕێکەوت چاوی بە کۆمەڵە خەڵکێك دەکەوێ ،

لێیان نزیك دەبێتەوە ، دەبینی وا چەند کـــەسێك تەرمێکیـــان لەسەر دارەبازەیەك هەڵگرتووە ، پاشا دەپرسێ :ــ ئەوەچی‌یە ؟

دەڵێن : کورە گەنجێکە مردوە ، دەیبەین دەینێژن ، پاشا لە ئەسپەکـەی دادەبەزی‌و لەگەڵیان دەچێتە سەر گۆڕستان ، کەبە چـــاوی خۆی دەبینێ تەرمەکە شۆڕ دەکەنەوە ناو گۆڕێکی تەنگ‌و تاریك بە بەرد ئەلحـــەدی بۆ دەکەن ، بە قوڕ سواقی دەدەن ، گڵەبانی دەکـــەن ، • ئەم دیمەنـە ترسناکە دڵی پاشا دەتەزێنی ، ترســـی مردن‌و گۆڕ لەناو هەســـتی‌دا کەڵەکە دەکات ، دەڵێتە مەلایەکە :ــ ئەگەر منیش بمرم بەم جۆرە گڵەبانم دەکـــەن :ــ

مەلاش دەفەرموێ :ــ بەڵێ قوربان !

ئەوە ڕێگەو چێگەی هەموو کەسێکە ، کەس لەمردن‌و لـــە گـــۆڕ ڕزگاری نەبوەو نابێ ، ئینجا ئافەرین بۆ ئەو کەسەی خراپەکاری ناکات‌و چاکەو خودا پەرستی دەکاتە کاری خۆی • پاشا لـــەدڵی خۆی‌دا بڕیار دەدات کەڕوو بکاتە خودا پەرستی‌و دوور کەوێتەوە لە خراپەکاری،چیدی نەبێتە باری گرانی سەر شانی هەژاران •

دەگەڕێتەوە ماڵەوە ، بانگی خێزانەکەی دەکات‌و پێی دەڵێ :ــ ئەمن دەست لە تەخت‌و بەختی پاشایەتی هەڵدەگرم ، ڕوو دەکەمە خودا پەرستی‌و ژیانی دەروێشایەتی ، جـا تۆ دەتـەوێ بۆ خۆت بمێنێتەوە یان لەگەڵ من دێی ؟ بۆ خۆت سەر پشك‌بە •

ژنەکەی دەڵێ :ــ کە من ڕازی ببم بەتۆ ڕازیش دەبم بەژیانی تـۆ کەتۆ پاشایەتیت نەوێ ئەوە منیش پاشا ژنایەتیم نەویست •

جلکی دەروێشی دەپۆشن بەرەو شاری میسرێ دەکەونە ڕێ •

کەدەگەنە شارەکە ڕوو دەکەنە کەلاوە ڕووخاوێك ، شەوو ڕۆژێـك خەریکی خوا پەرستی‌و نزاو پارانەوە دەبن ، ئەوەی هەیانە دەیخـــۆن ،

هیچیان نامێنێ ، بۆ نان پەیدا کردن لـــە ماڵ وەدەر دەکـــەون ، دەڕۆن دەگەنە چەمێك کەپڕ دەبێ لە شوورەبی‌و دارو گیاوگۆڵ ، یەکو پشـــتی شوور کۆدەکەنەوە ، دەیهێننە ماڵەوە هەر بەمشەودا دەکـــەونە زەمبیـــل دروست کردن ، بەیانی دەروێش (پاشای‌کۆن) زەمبیلەکان دەباتە بازاڕی، تابیان فرۆشی‌و بە پارەکەی نان‌و پێویستیەکانی خۆیانی پێ‌بکڕێت ۰

گوڵخاتری(٤) کچی پاشای چـــاری بەزەمبیل فرۆش دەکـــەوێت‌و ئەشقی دەبێ ، دەڵێتە کارەکەران :ـ ئەم زەمبیل فرۆشەم بۆ بانگ بکەنە ژوورەوە ، بەڕاستی پیاوێکی نازدارە ، تا ئێستا جوانی ئەوەندە جوانـــم نەدیوە لەم شارە !

زەمبیل فرۆشی دەبەنە ژووری ، لەبەر دەمی گوڵخاترێی ڕادەگرن، گوڵخاتر دەڵێ :ـ هەرەمەرو وەرە پێشەوە ، لـــە گەڵ ئێمەدا دابنیشــە باپێکەوە سەرێ پێکە مەی بنۆشین‌و ڕابوێرین ۰۰۰ !
زەمبیل فرۆش دەڵێ :ـ

| | |
|---|---|
| خاتوونێ وەز تۆبەکـــارم | تۆبەکاری دونیاو دڵدارم |
| عەبدی خالقـــی جـــەبارم | لە دنیـــایێ شـــەرمەزارم |

دەلالێ ئەز تۆبەکارم

گۆڵخاتر دەرکەی کۆشکێ لەسەر زەمبیل فرۆش کلیـــل دەدات ، داوای لێدەکات کە دەستی لەگەڵدا تیکەڵ بکات ، هەرچـــەند زەمبیـــل فرۆش خاتوونێ بەمردن‌و بەئاگری قیامەتێ دەترسێنێ ، کڵپەی ئاگـــری خاتوونێ سارد نابێتەوە ، زەمبیل فرۆش کە دەزانێ هیچ چارەیەك نەماوە تا لەدەست خاتوونێ ڕزگاری بکات ، پەلپی بەچوونـــە سەر دەســـتاوێ دەگرێ،خاتوونیش بەمە کەمێك دڵی خۆش دەبێ،زەمبیل فرۆش دەچێتە سەر کۆشکی لە خودا دەپاڕێتەوە کە لە داوی بەڵای خاتوونی بەرەڵلای بکات ،

لەسەر کۆشکێ خۆی داوێتە خوارێ ، بەبێ ئێشو بەبێ ئەزیەت دەکەوتە ناو باخی ڕزگاری دەبێ ، کە سەیری کۆشکێ دەکات دەبینی وا گوڵخاتو خەریکە خۆی باوێتە خوارەوە ، زەمبیـــل فرۆش هاوار دەکـــاو دەڵێ : ئەگەر چاو لەمن بکەی خۆت لە کۆشکی بخەیتە خوارەوە پارچـــە پارچـە دەبی ، چونکە من باوەڕێکی ڕاستو بتەوم بەخودا هەیە ، بـەڵام تـۆ خاوەن باوەڕێکی ڕاست نی .

زەمبیل فرۆش ڕادەکاتو خۆی بزر دەکات ، دەچێتەوە ماڵەکەی خۆی خاتوون پاش ماوەیەك ، بەگەڕانو پرسینێکی زۆر کەلاوە خانووی زەمبیـل فرۆش دەدۆزێتەوە ، دەچێتە لای ژنی زەمبیل فرۆشو پێی دەڵێ :ـ

کوانێ مێردەکەت ؟ . دەڵێ :ـ نازانم . چوویتە دەرەوە بۆ کاسبیو نان پەیدا کردن خاتوون دەڵێ :ـ کەوایە فەرموو هەموو جلو خشڵەکانی من بۆخۆت ببە ، جلەکانی خۆت بەمن ، بڕۆ تا مێردەکـــەت نەبینیـەوە ژنە دەڕوا دەیبەنە کۆشکی خاتوونێ بەندی دەکەن خاتوونیش جلەکانـی ژنە لەبەر دەکاتو بەڵام لەبیری نابێ کە خڕخاڵی پێی دابکەنێ ، لـــە کەلاوەکە دەمێنێتەوەو لە شوێنی ئەوا خۆی مات دەکات .

درەنگی شەوێ زەمبیل فرۆش دەگەڕێتەوە . پاش نوێژ کردنو لـە خودا پاڕانەوە دەچێ لەگەڵ ژنەکەی خۆی بنوێ ، خاتوون دەستی لەملی دەکات ، خۆی لەگەڵ جووت دەکا ، لەو کاتە ناسکـــەدا پەنجـــەی پێی زەمبیل فرۆش بە خڕخاڵەکە دەکەوێ ، موچرکێکی بەگیانی دادێتو هاواری خودای دەکات ، خاتوون توند بەرزەفتی دەکـات ، دەڵێ دەبی لـەگەڵـم بخەویو ئەمن شێتی تۆ بوویمە .

ئەویش دەڵێ حـــەرامە دەبێ ژن لە پیاو مـارە بکـــرێتو .... زەمبیل فرۆش خۆی لەبەر دەستی خاتوونێ ڕزگار دەکاتو ڕادەکـــات ،

دوور دەکەویتەوە ، دووای چەند سالێك دەگەڕێتەوە بۆ سۆراخی ژنەکەی ، ژنەکەی مردبوو .

ماوەیەکی تازیەی بۆ دادەگرێت . دووبارە کچە پاشا زەمبیل فرۆش دەدۆزێتەوەو داوای لێدەکات کە مارەی بکات ، ئەویش مارەی دەکات چەند سالێك پێکەوە بەژیانی دەرویشی رادەبوێرن لەم ماوەیەدا کە خەلکی شاری دیاربەکرێ بێ پاشا دەبن ، ژیانیان پڕ دەبێ لە ستەمکاری‌و زۆرداری ، سۆراخی پاشازادەی خۆیان (زەمبیل فرۆش) دەزانن ، دێن دەیبەنەوە دەیکەنەوە پاشای خۆیان ئەویش تا دەمرێ پاشایەکی راست‌و بەروەرو خواناستێکی خواپەرست دەبێ .

---

١ ـ ناوی زەمبیل فرۆش لە لای مامۆستای خوالێخۆشبوو گیوی موکریانی ئەمیر سەعید کوڕی حەسەن ، پاشای (دیاربەکر)ێ‌یە .
لە کاسێتی هونەرمەند عیسا بەروای حەمەدەمینە .
لەلای بوێژی میللی عوسمان هەمەوەندی ئەحمەد سەعید کوڕی حەسەن پاشای (دیاربەکر)ێ‌یە .

٢ ـ لەم دەقەو لە کاسێتی مام دەرویش‌و لە دەقی تحفه مظفریه داو لە بەشی سۆرانی چیرۆکی زەمبیل فرۆش باوکی زەمبیل فرۆش نەمابوو ، زەمبیل فرۆش بەخۆی پاشا بووەو دەستی لە پاشایەتی هەلگرتووە بەلام لەبەشی بادینی (چیرۆکی زەمبیل فرۆش) باوک‌و دایکی ماوەو دایك‌و باوك‌و خێزانەکەی هەولی لەگەل دەدەن کە بەپاشایەتی بژی‌و گوێ بەترس‌و لەرزی مردن‌و گۆڕو خودا نەداو کەمتریش خۆیان بۆ ماندی بکات .

٣ ، ٤ ـ گولخاتر کە بە گولخاتوون خاتوون ناوی دێت لەلای مامۆستا گیوی ناوی (بەحریە)و ژنی میری شاری (ماردین)ێ‌یە لەلای مام دەرویشێك بێوەژنەو مەزنی شاری سەقزە لە دەقی تحفەدا خاتوونی میری کچە خوشکی پاشایە لەلای عوسمان هەمەوەندی ژنی پاشای میسرێ‌یە ، لەسەرچاوەکاندا رێك کەوتنێك هەیە کە زەمبیل فرۆش خەلکی شاری (دیاربەکر)ێ‌یە .

٥ ، ٦ ـ ژنی زەمبیل فرۆش لە هەندێ دەقدا بۆ حەقی زەمبیلان چۆتە

مالی پاشای له هەندێك دەقیشدا وازی له حەقی خـ‌ـۆیان هێنـــاوە هەروەها له هەندێك دەقدا ژنی زەمبیل فرۆش بەزۆرداریو بەکوتك جلەکانیو جێگەی لەگەڵ خاتوونی میری پێدەگۆڕنەوەو بەندیشـــی دەکەن له هەندێ دەقیشدا به (ئیقناع) کردن ئەم کارەی لەگـــەڵدا کراوە ٠

٧ _ له هەندێ دەقدا خاتوونو خەڵکی شارە موسڵمانن نەبوینـــە لەسەر دەستی زەمبیل فرۆش دەبنە موسلمان ، له تحفەدا زەمبیل فرۆش لەگەڵ خاتوونێ پێکەوە دەبنەوە ١٤ساڵو دەگـەڕێتەوە شـــاری دیاربەکرێو زەمبیل فرۆش واز له زەمبیل کردنی دێنێو دەچێتەوە سەر تەختـــی پاشایەتی له چیرۆکـــی زەمبیل فرۆش)ی گیـــوی موکریانی‌دا له بەشی سۆرانی‌دا زەمبیل فرۆش رادەکاتو خاتوونی ناینێو خاتوونیش هەر بەو دەردە دەتلێتەوە ٠

لەبەشە بادینیەکـــەی‌دا مێردی خـــاتوونـــی ، زەمبیل فرۆشـــی دەباتە لای خـــۆیو جێگەو ڕێگـــەی دەداتێو دووای نامە یەکـــی لە باوکـــی زەمبیل فرۆشەوە بۆ دێت ، زەمبیل فرۆش بەخـــۆو بەژنەوە رەوانی دیاربەکرێ دەکاتەوە خاتوونیش به دەناسە ساردی لەگەڵ پاشای دەمێنێتەوە هەر ئەوەندەی بەدەستەوە دەمێنی کە داوا له زەمبیل فرۆش بکات (سڕ)ی خاتوونی نەدرکێنێ بەڵام لـــەدەقی مامە دەرویش کە لەسەر کاسێتە لەگەڵ دەف بە ئاوازێکی دەروێشانە دەیلێ ، زەمبیل فرۆش خاتوونی مارە دەکـاتو ژنەکـــەی خۆشی لەگەڵدا دەبێت هەرسێکیان ڕوو دەکەنە شارێکی دیکە بە دەروێشی دەژێن هەتا هەرسێك پێکەوە دەمرن ٠


زەمبیل فرۆش

## بەیتـــی زەمبیل فرۆش

ئەو زەمبیل فرۆش کوڕە میرە — خاوەن سوپاو ڕاوو تەگبیـــرە
پیشـــەی‌وی گرتنی نێچیـــرە — لە دیاربەکـرێ دەبوو دڵگیـرە
لە میسرێ دەکەت یەخسیرە

★ ● ★ ● ★

زەمبیـــل فرۆش کوڕە پاشایـە — لە دیاربەکرێ ئەوەلایـــــــە
عەبدێکـــە لە عەبدی خودایـە — پیشەی‌وی نوێژو تەقوایـــە
لە میسرێ دەبوو پەیدایـــە

★ ● ★ ● ★

زەمبیل فرۆش زەمبیل بەدەستە — ڕزقی ڕۆژێی گەیشتە دەســـتە
ئەو خاتونێ جـوانو چاومەستە — دەیخـۆرێ گـەلەك بەهەســـتە
( لاو قانیعـە بەقسمەتێ )

★ ● ★ ● ★

زەمبیـــل فرۆش زەمبیلان دێنی — گوڵخـاتر لـــە بورج دەیبینـــی
بەدڵو بەگیـان دەیحوبینـــی — عاقل‌چوو سەودا نامینـــــی
( خۆی دەخاتە هیلاکەتێ )

★ ● ★ ● ★

ئاشـق لـــەدین دەردەباتـــن — دوو گۆی لەسەر سینگی هـاتـن
یەك شەکرە یـــەك نەباتـــن — بۆ زەمبیـــل فرۆش خەلاتـــن
( خـودا ساحێبێ ڕەحمەتـێ )

★ ● ★ ● ★

گوڵخاتر دەڵێ :ـ

زەمبیل فرۆش لاوکی دەروێشە          کەرەمکە زوو وەرە پێشە
قیمەتی جوانان بکێشە          خەڵکان لەدین ڕامەکێشە

بەینی منو تۆ دووری کێشا

★ ● ★ ● ★

زەمبیل فرۆش لاوکی دیانی          کەرەمکە وەرە سەربانی
بەدەروێشی ، بەمیوانی ،          قیمەتی ماچان دەزانی

ئەتۆ ساحێب ڕاموسانی

★ ● ★ ● ★

زەمبیل فرۆش لاوەکی جوانە          سینگی من کۆزو پاوانە
ئەم شەو لێی ببە میوانە          شاری میسرێت بەقوربانە

ئاشق پیشەی پێك نەبرانە

★ ● ★ ● ★

زەمبیل فرۆش دەڵێ :ـ

خاتوونێ وەز تۆبەکارم          تۆبەکاری دنیاو دڵدارم
عەبدی خالقی جەبارم          لە دنیایێ شەرمەزارم

دەلالێ ئەز تۆبەکارم

★ ● ★ ● ★

گوڵخاتر دەڵێ :ـ

زەمبیل فرۆش لاوکێ عەباسی          تۆم گەوهەر ، من تۆ دەناسی
دوڕو یاقوتو ئەلماسی          بێخەوشی هەر وەك هەیاسی

لە چەنگم نابێ خەلاسی

★ ● ★ ● ★

زەمبیل فرۆش لاوکی شلــێوە
کەرەمکە نــاو باغــی ســێوە
تێر شەکــران بمژە بەلێـــوە
خەلکان لــەدوور مــەئاخێــوە
چاو لە لێوانم ببزێوە

★ ● ★ ● ★

زەمبیل فرۆش :ــ

گولخــاتر ناکــەم نــەزەرێ
نێــزیکــە ڕۆژی مەعشــەرێ
دنیایـــەو لێ دەچمــە دەرێ
نــاوم دەکــەوتــە دەفتــەرێ
واز بێنە لە مەعسیەتێ

★ ● ★ ● ★

گولخاتر دەلێ :ــ

زەمبیل فرۆش لاوی شیرینـــە
دەست لە گەردەنێ من وەرینـــە
کــەیفو لـــەزەت لێ ببینــە
دنیایـــە پــانو بەرینـــــە
وەرە بابکەین سوحبەتێ

★ ● ★ ● ★

خاتوونێ جوانو جەمیلـــــە
دڵ پڕ ئەشقو پڕ لە عیلــــــە
پێی دەگۆ جارەك دەخیلـــە
حەفت دەرگـــای لێدا کلیلــە
کلیل دەدا بەشدەتێ

★ ● ★ ● ★

بەگەنجو زێڕ خەنیت دەکـــەم
تاجی زێڕت لەسەر دەکـــــەم
لەناو میران مەدحت دەکـــــەم
بە باغــی گولانت وەردەکـــەم
خۆشمت بە قوربانی دەکەم

★ ● ★ ● ★

زەمبیل فرۆش دەڵێ :ـ

خاتوونێ جـوان وەکو حۆری — مل‌پڕ لـە مەرجـانو مـۆری
ئاشـق بوون نابـی بەزۆری — بترسـێ لـە ڕەبـی ژۆری
نێزیکە ڕۆژی ئاخرەتـێ

★ ● ★ ● ★

جارەك دەینۆڕیـە پەنجـەرێ — ڕێیەك دەچووە بانـی کـەلێ
ڕێیەك هەبوو پێـدا هـەلێ — تاکـو ببینی فرسـەتـێ
دەچووە سەر قەلای حاجەتێ

★ ● ★ ● ★

لەو خاتوونێ چوستو مەنـی — گورج هەڵدەستا ، پێ‌دەکەنـی
بەو گوفتارەی دەبوو خەنـی — لاوی دەنارده خـەلوەتـێ
ڕەحمەت بێتـە هیدایەتـێ

★ ● ★ ● ★

زەمبیل فرۆش/

گەیشتە بانـی گـومەتـێ — خۆی هەڵدا نەیدیت ئـەزیەتـێ
نەجاتی بوو بە قودرەتـێ — کـەوتە ناو باغـی جەنەتـێ
تێربوو لە خۆشی ڕەحمـەتێ

★ ● ★ ● ★

★ هونەرمەند عوسمان هەمەوەندی چیرۆکو بەیتـی (زەمبیل فرۆش)ی لە سالی ١٩٤٠ دا لەم دەروێشە گـەڕیدانە فێربووە :ـ دەروێش حەسەن ، دەروێش مەحموود ، دەروێش ئەحمەد ٠

# فەرهەنگی ووشەی

لە شێوەی کرمانجی خـــوارووی ناوچـــەی هەولێردا پیتی (ل) دەگۆڕێ بە (ر) بۆ نمونە :ـ دڵ : در ، لەگەڵ : لەگەر .... هتد .
هەروەها پیتی (ع) دەگۆڕێ بە (ح) بە پێچەوانەشەوە .
ووشەی (بۆ) دەبێتە (لۆ) .... هتد .

★ ● ★ ● ★

* ئەسل‌و نەسەب : بن‌و بنەچە ، ڕەگ‌و پیك ، ڕێ‌و ڕەسەن،ڕەچەڵەك، توخم ،ئاجەڕات .
* ئیقناع : ڕازی‌کردن .
* ئەمسالی نی‌یە : بێ هاوتایە .
* ئەتراف : چوارەدەورە ، هەرچوارلا .
* ئەلحان : (الأن) : ئێستا .
* ئەوجاوەکینێ : ئینجا ، ئەوجاوەکو .
* بەرام : بەڵام .
* بارا : باڵا .
* بەراروك : بەڵالووك : جۆرە دارۆکەکی سروشتی ڕەنگی دارەکـەی زۆر جوان‌و چیـــڕو بەهێزەو بەرێکـــی زەردی سووورباوی شیرین دەگرێ .
* بەدعەمەل : بەدکردار .
* بەتاڵووکە : بەپەلە .
* بورج : باروو ، کەلوو .
* بەخروەتی : بەخلوەتی : بەتەنیایی .

* تەسکین‌و ساکین : ڕاگرتن : هێوربونەوە ، کپ‌بوون ، کڕکەوتن ، لەجولەجوڵ کەوتن (داکەوتن) .
* تەڵەب : داواکردن .
* تەبلیغ : پێڕاگەیاندن ، ئاگادارکردن .
* تانی لەخۆیدا : هانی لەخۆیدا .
* تیراوە : برینێکی زۆر پیسە چابوونەوەی بۆ نی‌یە ئەگـــەر چاکیش بێتەوە هەڵدەداتەوە .
* جبە : وەکو کەوا وایە مەلا لەسەر کەواو سەڵتە لەبەری دەکات .
* جەڕەو : جەڵەو : جڵەو ، ڕێشمە ، لغاو .
* چەکمە : جۆرە پێڵاوێکە ، ١٥٠ ــ ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە شـــاری عامود لە تورکیا دروست دەکرا شێوەی وەکو جزمەی ئێستاکەیـــە بەڵام لەقایش دروست دەکرا .
* چتاقە : هیچ کامیان . هیچیان ، چ تاکیان .
* حار : حاڵ .
* حافظ‌بەگی : جۆرە خەنجەرێك بوو ٤٠٠ ساڵ لـــەمەوبەر دروست کراوە ناوی کابرای دروست کەری حافظ‌بەگ بووە .
* حەگیدە : عەگید : پاڵەوان ، سواری ناودارو ئازا ، سوارچـــاك ، چەك هەڵگر ، شەڕکەر .
* حەیف‌و مخابن : (حیف) : زۆرداری‌و ستەم ، ئاخ‌و داخ .
* حەویزی : ناوی جۆرە ڕکێبێکە .
* حەمایل : عەمایل : بریتی‌یە لەوە ڕاست‌و چەپ تیغ‌و چـــەك‌و شیر لەمل بکرێت بەهۆی تایشەوە .
* خار : خاڵ .
* خوارم : غولام ، نۆکەر ، خوبزە ، خزمەتکار .

* خەنجەری ئێرۆیی : جۆرە خەنجەرێك بوو، ١٥٠ـ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە شاری قەزوین لە کوردستانی ئێران ، لەناوچەی (ڕێکـــان)یش دروست دەکرا ·
* دۆر : دۆڵ ، گەلی ·
* دیرەگە : کۆلەگە ·
* در : دڵ ·
* دوکەر : دوکەڵ ·
* دەخالەت : خۆهاوێشتنەکن ، لە دەخیلی عەرەبی وەرگیراوە ·
* دەیخافراند : دەیلاواندەوە ·
* داراش : دالاش ·
* دختۆر : دکتۆر ، پزیشك ·
* ڕۆرە : ڕۆڵە ·
* ڕکێب : ڕکێف : لەهەردوو لادا لەقەد وولاخدا شۆڕ دەکرێتەوە بـۆ ئەوەی سوار پێی لەسەر دابنێ لەکاتی سەرکەوتنە سەر پشـــتی وولاخەکەی ، لەکاتی دانیشتن لەسەر پشتی وولاخەکەی هـــەردوو پێی دەهاوێتە سەر ڕکێبەکان لەهەردوو لادا ·
* زرێی داودی : کەلو پەلێکی شەڕە بەشێوەی ئاڵقەی ئاسنینی تێك هەڵکێشراو پاڵەوان لەبەری دەکرد تاکـــو شیر نـەیبرێت بەنێوی (داود) پێغەمبەرە ·
* سمێر : سمێڵ ·
* سۆراغ : هەواڵ پرسین ·
* سەڵتەنەت : دەست ڕۆیشتن ، گەورەییو هەبوونی ·
* شێی غەزالی : جۆرە ماینەکە ، ماینی شێی لاسی ئەحمەد بەگی‌یە
* شیری شامسری : جۆرە شیرێکە لەکاتی خۆیدا لە میســر دروست دەکرا ·

* شەرواری دەمەرقۆپی : جۆرە شەرواڵێکە ·
* شیری لاهور : جۆرە شیرێکە لە شاری لاهور لە هیندستان دروست دەکــــرا ·
* عەبەنووس : ئابنووس Ebenos : ووشەیێکـــی گریکی یـــە (١)درەختێکە لە هیندستان‌و حەبەشە شین دەبێ ، بەری وەکـــــو ترێ‌یەو ڕەنگی زەردە ، گەڵای وەکو گەڵای سنۆبەرو گوڵیشی وەکو گوڵی خەنە وایە ، داری قورس‌و سفت‌و بێ‌گرێ‌یە ، پەڵەی ڕەشـــی پێوەیە ، لەپاش بڕینەوە دەخرێتە ناو ئاوو لە دوای ماوەیێك ڕەش دەبێ ، ئنجا لە دارتاشی‌دا بەکار دەهێنرێ · (٢) نیشــــانەیە بۆ ڕەشـــی ·
* عەرد : ئەرز ، زەوی ·
* عەسا (عصا) : گۆچان ، ئەو دارەیە کە لەکاتی ڕۆیشتن‌دا بەدەستەوە دەیگرن‌و یاریدەی ڕۆیشتن دەدا ·
* عێل : خێڵ ، عەشیرەت ·
* عۆبە : کۆمەڵە ڕەشماڵێك ·
* فایدە : فائیدە : سوود ، قازانجێك ئادەمیزاد لە ماڵ یا زانســتی‌دا دەستی بکەوێ ·
* غەزەب : ڕك ، قین ، تووڕەیی ·
* فەجر : (فجر) : تاریك‌و ڕوونی بەیانی ، سپیدەی بەیانی شەفەق ، سەگ‌و گورگ لێك جیا دەکرانەوە ·
* فەنەر : چرادان ، هەموو قوتوییێکی لە کاغەز یا دار یا مەعدەن دروست بکرێ‌و چراو مۆمی لەناو دابنرێ ، ئەو ڕۆناکی‌یەیە کە لەسەر ڕۆخی بەحر دایدەنێن بۆ ئەوەی پاپۆڕەکان بزانن ئەوە بەندەرە ·

* فەسادو نەمیم : ئەوەی لەتێکدانی بەینی خەلك دەگەڕێو قسە دەینیو دەبا بۆ تێكدان ، پیاو خراپو دووزمان ·
* قاپووت : وەکو کەڕکە بەلآم بەنیو قۆڵەو گەورەترە شوان شـەوان لەناوی دەنووستن یان لەکاتی باران بەسەر خۆیدا هەڵدەکێشـا وەکو لباد لە لوای بەرخان دروست دەکرێت ·
* قۆناغ : جێگای حەسانەوە ، دیوەخان ·
* قۆشمە : تەڕادانێ ، ڕمبازی ، غاردان ·
* قابیل : لێوەشاوە ، لێهاتوو ·
* قەباعەت : قەباحەت ، کاری ناشیرین ·
* قەندەهاری : جۆرە گەنمێکە نانی زەردو بەپێزە ، لە کـاتی خۆی تۆوەکەی لە شاری (قەندەهار)ی ئەفغانستانەوە هاتووە ·
* قەلنە : قەننە : قەنوون ، دەگێڕنەوە کابرایەك لە مزگەوت قەنوونی دەکێشا بە خوا یخۆشبوو مەلا محەمەدی کۆیی گوت : قەننە کێشان لە مزگەوت حەرامە یان حەڵآڵە مەلا محەمەدیش ئەمەی وەلآم داوەو گـوتی :-

هەرکەسێ لە مزگەوت بکێشـی قەنوون
دار قەنوونـەکـەی دەبڕنـە قـوون
جزاءً بمـا کنتـم تعملـون ·

* قەرپوز : قوبکی زین، گرێیەکە لەپێشەوەی زین لەکاتی سەرکەوتنی سوار بۆسەر پشتی دەست بە قەرپووزی زینەکـە دەگرێو پێی دادەنێتە سەر ڕکێبەکەو سەردەکەوێ ·
* قاوەڵتی : خواردنی بەیانیان ·
* دۆینە : جۆرە چێشتێکە لە گەنمی کوتراو دروست دەکرێ،لەپێشدا گەنمەکە نیوەکوڵ دەکرێ ئنجا هەندێ پونگی تێدەکـرێ لەگـەڵ جامێك دۆو دەبێ هەر تێك بدرێو نابێ لەکاتی کە لەسەر ئاگـرە

لە تێکدانی غافڵ بین هەتا دەتوڵێ چونکە ئەگەر وانەکرێ چێشتەکە بۆنکز (بۆنسۆ) دەبێ، یاخود دەبزرکێ لە دواییدا خوێ و ڕۆنی تێدەکرێ ·

* کێرکەر : کارەکار ، خزمەتکار ·
* **کیژۆرە** : کیژۆلە ، کچۆلە ·
* کەرەگا : کەڵەگا ، نێرەگا ، گایەکە لەناو گاران هەڵکەوتوو بێ ·
* گاز : گەس ، بانگ ·
* گرۆرە : گلۆلە ·
* گەردەنلێ : گەردانە ، مروانکە ، بەناوکە ، جۆرە خشڵێکی زێڕە بە گەردەنی ئافرەتەوە دەکرێ ·
* لاس : د رۆکەکی دڕکاوییە دەوەنە نابێتە داری گەورە دوورە لە (الأس)ی عەرەبی بەکوردی مورتکی پێدەڵێن ئەحمەد بەگی شارەزووری لەژێر داری لاس ، لەسەر پشتی شێری بەزاوا بووە کە خود کوڕێکی پێداوە ناوی ناوە (لاس) ·
* مۆدەی کرەبابی : جۆرە تەنراوێکە لە کارەبا دروست دەکرا باسکەکەی زەرد بوو ·
* ملهوڕ : لاسار ، گێل ، بەنەزان ·
* ماهوت : جۆرە قوماشێکە ، بۆ پاڵاوان بەکار دەهات ·
* مەجیدی : دراوێکی زێڕی سەردەمی عوسمانلی بووە مۆری مەجید پاشای لەسەر بووە ·
* **مەعتەل** : مەحتەل : پەڵەکەوتە ، دەستەوەستان ·
* مەسرەتی : پێکشاتن ، ڕێک کەوتن ·
* نسێری : جۆرە ڕمێك بوو هەژدە گەز درێژ بووە ·
* **هەرووەسنە** : هەڵوەستە ·

* **هەنووکە : ئێستاکە .**
* **هەگبە** : تیرکەیەکی بجووکە لەسەر پشتی وولاخ بارئەکرێت .
* **هەڵهەلە** : ئەو دەنگەیە کە لە گەروو دێتە دەرێ ، دەنگی هەراو هۆریای خەڵکی لەکاتی ئاهەنگی جەژن و خۆشیی و شادمانیدا ، هەراو هۆریای دەرویشان .
* تێبینی لە بەیتی (لاس و خەزال)دا ئەم ووشانە یەکجار زۆر دوبارە کراینەوە بۆ نمونە :ـ تەواوەتییە ، کسردییە ، لاسی ئەحمەد بەگییە ... هتد .

# فەرهەنگی شوێن و کەسەکان

* ئێـــنە : گوندێکە سەر بە قەزای ڕواندوز ٠
* ئەحمەد بەگ : سەردارێکی ناوداری مەڵبەندی شارەزوور بووە ٠
* ئیسماعیل گردەسۆری : خەڵکی گوندی (باشتەپە)ی ، سەر بـــە ناوچەی (قوشتەپە)یە ، تەمەنی ٧٧ ساڵە ، بە ئیشی کشتوکـاڵەوە خەریکە ، ئێستا لە گوندی (باشتەپە) دادەنیشێ ٠
* ئەحمەدە ڕەشی تەوەکەلی : لە گوندی (تەوەکەل)ی ، سەر بە قەزای چەمچەماڵ لە دایك بووە ، نزیکەی ١٠ ساڵ لەمەوبەر لە تەمەنـــی ٧٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووەو ، لە هۆزی (هەمەوەند)ە ، لـە گوتنی بەستەی کوردی مرۆڤێکی بێهاوتابوو ٠
* بەکراوە : گوندێکە لە دەشتی شارەزوور ٠
* باویان : گوندێکی نزیك هەریرە ٠
* بارەك : باڵەك ، هۆزێکی کوردە ، لە ناوچەی گەلاڵە نیشتەجێن ٠
* برباس : بلباس ، هۆزێکی گەورەی کـــوردە بەزۆری لـــە بیتوێن جێ‌نشینن ٠
* بۆری : بۆلی ، خێڵێکی کۆچەرین‌و بەشێکە لە عەشیرەتی ناوداری بلباس ٠
* حوسێنی عەلیاغە : لە گوندی (قەپران)ی سەر بە ناوچەی دیبەگـە لە دایك بووە ، لە هۆزی (دزەیی)یە ، لەکاتی خۆی ئاغای گـوندی (شەعەل) بوو ، لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە ٠
* حەمەد شابان : خەڵکی گـــوندی (خەرابە)ی ، سەر بە ناوچـــەی دیبەگەیە ، لە ساڵی ١٩٥٣ وە لە گـــوندی (شەنەغە) کۆچی دوایی کردووە ، لە هۆزی (گەردی) بووە ، بە ئیشـــی کشتوکاڵەوە خەریك بووە ٠

* حەمەعەلی حەمەسەعید : لە گوندی (سێچارە)ی ، سەر بە قـــەزای مەخمور لە دایك بووە،لە تەمەنی ٤٠ سالیدا کۆچی دوایی کردووە، پیشەی کریکاریکی میری بوو .

* خورشیدی فەقێ عەزیز : خەلکی گوندی (شەنەغـە)ی ، سەر بـــە ناوچەی دیبەگەیە ، تەمەنی ١٠٢ سال بوو ، لە هۆزی (مامەسێنی)یە مرۆڤێکی بە زەوق بوو گۆرانی دەگوت ئێستا کۆچی دوایی کردوە.

* خانزادی سۆران : کچی شاقولی بەگی سۆرانە لـــە دوای کوشتنی میر سلێمانی برای حوکمرانی (هەریر)ی گرتە دەست لـە (٧-١٤) سال تۆلەی براکەی لە (لەشکر)ی کردەوە ، ئەو بەرزاییەی لـــە نێوان هەریرو هاوینە هەوارى (سەلاحەدین) بەناوی خانزادەخانی سۆرانە .

* خەزار : خەزال : کچی مەلا نەبی‌یەو خێلەکی‌یە ئەو خێلە کویستانو گەرمیانیان کردووە ، بەشێك لەم خێلە لە گوندی [شێخ مەموندیان] نیشتەجێن کە دەکەوێتە سەر رێگای شەقلاوەو هەریر بەلای دەستی راستەوە .

* خرە : ناوی گوندێکە سەر بە ناوچەی هەریر .
* دەلیعەباسی : باغێکە ، شارۆچکەکە لە نزیك شاری مەندەلی .
* دەشتی مەکردان : دەشتێکە لە نزیك زێی بادینان لەناو عەشیرەتی سورچیـان .
* زورگی نارەشکێنێ : نالەشکێن : کەوتۆتە دیوی کوردستانی ئێران.
* زینەتر : دۆلێکە لە بەرامبەر سیساوە دەست پێ دەکات دەپەرێتـەوە بۆ دۆلی بالیسان سەر بە ناوچەی هەریر .
* سپی‌ریز : کوێستانی خەیلانیانە سەر بەقەزای رواندوز .
* سابراغ : سابلاغ ، شاری مەهاباد لە کوردستانی ئێرانە .

* سولتان عەولا : گوندێکە لە قەراج سەرەڕای ئەوەی چاکێکــــە ، کەوتۆتە سەر زێی دیجلە ·

* سەعید سەلیم دۆڵەبەکرەیی : خەڵکی گوندی (دۆڵەبەکرە)ی ، سەر بە ناوچەی (قوشتەپەیە) ، کە کۆچی دوایی کــرد تەمەنی ٩٥ ساڵان بوو ، پیشەی بە کشتوکاڵەوە خەریك بووە ، مرۆڤێکــی کورتـــە باڵابوو ، لە هۆزی (فەقێ مەرکی)یە ·

* سەید مەحموود : خەڵکی گوندی (باشتەپــەی) ، سەر بە ناوچـــەی (قوشتەپە)یە ، بە پیشەی شوانی بەڕێوە دەچوو لـــە تەمەنی ٧٥ ساڵی‌دا کۆچی دوایی کردووە ·

* شێخ گەزنەو شێخ ئەستی : ناوی دوو چاکن لە گۆڕستانی گــوندی گەزنەی ، سەر بە قەزای عەنکاوە (عینکاوە) ·

* عەلی بەگی داسنی : سەرۆکی عەشیرەتی داسنی کورد بووە ، لەگەڵ محەمەد پاشای ڕەواندزی شەڕی بووەو پاشا بەدیلی گرتووەو لـــە دەرکی گەلی عەلی بەگی لە سێدارەی داوە ·

* قەسرۆکو قەمتەران : ناوی دوو گوندن لە دەشتی پیتوێن ·

* قەشان : جێگایەکە بۆ پارستاری دەست دەدات کەوتۆتە ناوچەی شارەزوور ·

* قوشتەپە : ناحیەیەکە سەر بە پارێزگای هــەولێرە ، دەکــەوێتە خوارووی هەولێر ماوەی ٢٠ کیلۆمەتر لێیەوە دوورە ، کەوتۆتـــە نێوان هەولێرو پردێ (ئالتـــون کۆپری) دەڵێن مێژووی دروست کردنی ئەم ناحیەیە دەگەڕێتەوە پێش زیاتر لە (١٣٠ـ١٣٢) ســاڵ لەمەوبەر ·

ناوەکە لە ووشەیێکی لێکدراوی تورکی پێك هاتوە کە لە سەردەمی حوکمڕانی عوسمانلی‌یەکانەوە ئەو ناوەی لێندراوە لە دوو ووشەی سادە پێك هاتووە [ووشەی قوش + ووشەی تەپە] قوش بە تورکی

به مانای چۆلەکە دێت ووشەی (تەپە)ش بەمانای گرد دێت بۆیــە هەردوو ووشە سادەکە بــەیەکــەوە مانای (گــردی چۆلەکــان) دەبەخشێت ٠

* کانی سۆراوان : ناوی شوێنێکە لە ناوچەی هەریر ٠
* کورکورەی مەرگێ : لوتکە چیایەکە لە ناوچــەی مەرگــەی سەر بەپارێزگای سلێمانی ٠
* کۆسپی سەردەریان : قەلاتێکە عەلی بەگی خانزادێ دروستی کردووە سەر بە قەزای ڕواندوزە ٠
* گولەك : گوندێکە لە دولێکی لە نێوان هەریرو خەلیفان ، هەروەهـا لە دەشتی بیتوێنیش گوندی گولەك هەیە ٠
* گۆڕێ توان : ناوی شوێنێکە لە ناوچەی هەریر ٠
* گردی سپی : جێگای خێلی وەیسی وسوکاسکی یە ٠
* مەران : گوندێکە لە تەك نێنە لە خواروی ڕۆژهەلاتی چۆمان ، بــە توتنی چاك بەناوبانگە ٠
* مەنگورو مامەشی : ناوی دوو هۆزی کوردنو دوو بەشی سەرەکـین لە عەشیرەتی گەورەی بلباس ٠
* وسوکاسکی : بنەمالەن لە خێلی سورچی کــە ئێستا لە گــوندی باویان سەر بە ناوچەی هەریر نیشتەجێن ٠
* وەیس : وەیسی قەرەنی ماهیدەشتی ، بە نەتەوە کــورد بووە ٠ یەکێکە لە ئایینداروباوەڕ بەهێزانی سەرەتای بلاوبوونەوەی ئایینی موسولمانی ، گۆیا لە چۆلو بیاباندا دەژیا ، دەلێن لە سەردەمـی پێغەمبەردا هێشتا مابوو بەلام چاوی پێی نەکەوت ، عومەری کوڕی خەتابی دیوە ،دەلێن لە شەڕی داگیرکردنی کوردستان لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتــابدا کــوژراوە (٣٧هـ ــ ٦٥٧ز) ، لــەناو کوردەواریدا وەکو وەلیێك پایەیێکی بەرزی هەیە ٠

# سوپاس و پێزانین


* پڕ بەدڵ سوپاسی مامۆستا کریم‌شارەزا ، محمد کریم شریف ، فتح الله شێخانی ، محسن محمد دەکەم کە هەریەکە بە پێی توانا یارەتیان داوم لەم بەرهەمە .

* سوپاسی کاك صدالدین نورالدین دەکەم ئەرکی نوسینەوەی پەخشانی چیرۆکەکانو پێداچونەوەو بەراوردکردنی دەقەکانی گرتە ئەستۆی خۆی ، هەندێ کەمو کورتی کەم کردنەوەو زۆر نادروستیشی بۆ دروست کردوم .

* سوپاسی هونەرمەند اسکندر عثمان دەکەم کە وێنەی بەرگەکەی بۆ کێشاوم .

* سوپاسی هەستی هونەرمەندی لێهاتوو سەید ئەحمەد بەرزنجی دەکەم کە نۆتەی مۆسیقایەکەی بۆ نوسیومەتەوە خودا پایەدارتری بکا .

خوێنەری بەڕێز :ـ

ئام بەرهەمە بەراورد کراوە لەگەڵ ئەم کتابە چاپکراوانەی خوارەوە :

* تحفەی مظفریە بڕوانە لاپەڕە [٢٣٤ـ٢٦٨]ی بەشی یەکەمی کتێبی، ناوبراو گرداری ئۆسکارمان ، پێشەکی و ساغکردنەوەو هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی هێمن موکریانی ١٩٧٥ .
* لوریەك لە گەنجینەی نەتەوەی کورد بڕوانە (٨٥ـ٩٤) ئامادەکردنی پێدوانی ئەسعەد عەدۆ ، ١٩٠٤ .
* سێ بەیتی فۆلکلۆری کوردی بڕوانە لاپەڕە (١٣ـ٣١) کۆکردنەوەو ئامادەکردنی [illegible] ١٩٨٤ [illegible]
* تحفەی مظفریە بڕوانە لاپەڕە [illegible] ئۆسکارمان ، هێمن موکریانی ، ١٩٧٥ .
* چیرۆکی زەمبیل فرۆش ، یادگاری [illegible] ، گیوی موکریانی ، لە سالی (١٩٦٧ ، ١٩٧٥) لە چاپخانەی کوردستان چاپکراوە .
* هەندێك لە ئەستونیەت فۆلکلۆری کوردی [illegible] بڕوانە لاپەڕە (١٠ـ١٦) ئامادەکردنا [illegible] ١٩٨٥ [illegible]
* مێژووی میرانی سۆران [illegible] گیوی موکریانی .
* شەرەفنامە ، شەرەف خانی بەدلیسی ، هەژار کردویە بە کوردی.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی | ٣ |
| عوسمان هەمەوەند كێیە ؟ | ٥ |
| چیرۆكی لاس و خەزاڵ | ١٠ |
| بەیتی لاس و خەزال | ١٨ |
| چیرۆكی زەمبیل فرۆش | ٧٩ |
| چیرۆكەكــە | ٨٢ |
| بەیتی زەمبیل فرۆش | ٨٩ |
| فەرهەنگی ووشە | ٩٣ |
| فەرهەنگی شوێن و كەسەكان | ١٠٠ |
| سوپاس و پێزانین | ١٠٤ |
| ئەم بەرهەمە بەراورد كراوە | ١٠٥ |


داوخستنی ئـەم پەرتووكـــە ، سەبارەت بە شەهیـــدبونی خاڵی خۆشەویستم (مولود حمد شێخانی) بوو ، كە لە ڕێكـەوتی ١٩٨٦/٨/٢٢ سەری نایەوە ،

داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەڕێز دەكەم .

رقم الايداع ١٢٣٧ في المكتبة الوطنية
ببغداد لسنة ١٩٨٦

مطبعة أسعد

Scanned by CamScanner